# گوڵان

www.gulan-media.com

تەوەر

هەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە


## دوای تیرۆرکردنی بی نەزیر بۆتۆ ئایندەی پاکستان بەرەو کوێ؟



## راستە هاوسەرگیری گۆڕستانی خۆشەویستییە؟



## کرێی خەیاڵی هونەرمەندان لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵ



## قەڵەوترین منداڵی جیهان لەدایکبوو



## گرنگترین رووداوە وەرزشییەکانی کوردستان و جیهان لە ساڵی ٢٠٠٧




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hussn
frhd_mhmd@yahoo.com
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
MANAGING EDITORS
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ
محەمەد قادر

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ دیزاین
لوقمان رەشیدی

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: رەنگاورەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك)

ژمارە (٦٥٤) ٢٠٠٧/١٠/١

# تورکیا هەڵەیەکی گەورەی بە ئەمریکا کرد

لە ناوەڕاستی ئەم مانگەوە تا ئەمڕۆ کە دوارۆژی کۆتایی ئەمساڵە، فرۆکە شەڕوانەکانی تورك بە یارمەتیدان و پێکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکاو، بە بیانووی بوونی pkk لە ناوچە زۆر شاخاوی و عاسێکانی وەکو قەندیل و خواکورك ، بەردەوامن لە بۆردومانکردنی گوند و ناوچە سنوورییەکان و زۆرترین ئاڵۆزی لە هەرێمی کوردستان کە تاکە ناوچەی ئارام و جێگیرە لە عێراق ، دروستکردووە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتی مالیکیش لەو هێرش و بۆردوومانانەی تورکیا بە تەواوی خۆی بێدەنگ کردووەو، واپێدەچێ لە ژێرەوە جۆرە لێکتێگەیشتنێکیان لەگەڵ یەکتردا هەبووبێ، سەرباری ئەوەی ئەمڕۆ مالیکی بووەتە گەورەترین کۆسپ بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و هەروەها بۆ پرسی یاساکانی نەوت و بودجەی پێشمەرگەو ....هتد. وڵاتانی عەرەبیش دوورو نزیك نارەزایی خۆیان رانەگەیاند بەرامبەر بەو هێرش و بۆردوومانانەی دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان و خەڵکی سڤیلی تێدا شەهید دەکرێ....وەك ئەوەی هەرێمی کوردستان بە پێی دەستووریش بەشێك نەبێت لە عێراقی یەکگرتوو.

ئەوەی کوردی نیگەران کردووە هەڵوێستی ئەمریکایە،چونکە کورد ئەوەی پێیکراوە بۆ هاوکاریکردنی ئەمریکا کردوویەتی، هەر لە کاتی رزگارکردنی عێراق و رووخانی دیکتاتۆرییەت تا ئەمڕۆ،سەرباری ئەوەش ئەمریکا بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بەرپرسە لە کۆنترۆلکردن و پاراستنی خاك و ئاسمانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە .

راستە تورکیا هاوپەیمانی دێرینی ئەمریکایە، بەڵام هەر تورکیاش بوو رێگای بەو هاوپەیمانەی خۆی نەدا ئاسمانی خۆی بۆئەمریکا بخاتە خزمەتەوە، هەر تورکیاشە پەنا بۆ کارتی تر دەبات ئەگەر ئەمریکا بە دەنگ داواکاری تورکانەوە نێت. ئەگەر ئەمریکا بەدوای بەرژەوەندی هاوبەشدا دەگەڕێ ، خۆ بەرژەوەندی زۆری لە هەرێمی کوردستان هەیە ، نەدەبوو رێگە بدات دوو دۆستی خۆی (ئەگەر ئەمریکا کورد بە دۆستی حەقیقی خۆی دەزانێت) بکەونە ئەو دۆخەوە.

ئەم سیاسەتە دووفاقییەی ئەمریکا وایکرد کورد ئەمە بڵێتەوە - تا ئێستا کورد هاوپەیمانێکی جیدی وەهای نییە کە بتوانێ لە کاتی تەنگژەکانا پشتی پێ ببەستێ -، نە ئەمریکا، نە شیعەی عەرەب ، زاڵبوونی مەیلی عەرەبچێتیش لای مالیکی ئێستا بە جۆرێك زەق بۆتەوە هەموو هەوڵەکانی بۆ تێکچوونی ئەو ئەزموونەی کوردستانە ، بەمەش دەریانخست کە شیعەی عەرەبی عێراق ناتوانن وڵات بەرێوە بەرن ،تەنانەت لەنێو خۆشیاندا چەندین گرووپ و رەوتی پێکناکۆکن ، شیعەکان دەریانخست ناتوانن خۆیان لە گیانی تۆڵەسەندنەوەو خۆ فەرزکردن بەدوور بگرن ، چونکە لەناخیاندا ئەو گیانە موتوربەکراوە و لە بنەڕەتدا بڕوایان بە بنەماکانی پرۆسەی دیموکراسی نەبووە،هەر بۆیەشە دوای رووخانی بەعس شیعە نەیتوانی کەش و هەوایەکی دیموکراسی و پێکەوە ژیان بۆ عێراق بهێنێتەدی. هەر بە هۆی ئەم عەقڵیەتەوەیە حکومەتی مالیکی لاتەریك کەوتووەو حکومەتەکەی بووەتە لاوازترین حکومەت لە مێژووی عێراقدا،بەجۆرێك لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مالیکی بەهۆی مانەوەی کوردەکان لە حکومەتەکەیدا درێژە بە حکومەتەکەی دەدات ، دەنا حکومەتی مالیکی هەڵوەشاوەتەوە، ئەمڕۆش زیاتر لە هەر کاتێکی تر مالیکی رووبەڕووی ئاستەنگەکان بۆتەوە، ئەوەتا ئەو رێککەوتنە سێ قۆڵییەی نێوان حزبی ئیسلامی و پارتی و یەکێتی ،گوشارێکی جیدی خستە سەر مالیکی و، مالیکی ئەگەر ئاراستەکانی خۆی بۆ بەرژەوەندی رەوای هەرێمی کوردستان وەرنەچەرخێنێ و ئەو گرێیانە نەکاتەوە کە خودی حکومەتەکەی دروستی کردوون ، کورد ئامادەنابێت چیتر ببێتە کۆڵەگەو ئەستوندە بۆ راگرتن و مانەوەی مالیکی ،هەروەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە میانی دیمانەیەکی لەگەڵ دەیلی تەلگراف رایگەیاند کە ئەگەر بەغدا لەم رەفتارانەیان بەردەوام بن ئەوا کورد لە حکومەتەکەی مالیکی دەکشێتەوەو ئەوکاتە حکومەت پەکی دەکەوێت، ئەم رێککەوتنە سێ قۆڵیەش بوو وای کرد عەللاوی ش بەدوای هاوپەیمانێتییەکی نوێدا بگەڕێ، کە بەجۆرێك لەناو شیعەکانیشدا وەك رەوتی سەدرو حزبی فەزیلەو چەندین کەسایەتی سەربەخۆی ناو پەرلەمان گفتوگۆ بکات بۆ پێکهێنانی بەرەیەك ، هەموو ئەمانە لەگەڵ بەرژەوەندی و مانەوەی مالیکی ناکۆکن و گڵۆپی سوورن بۆئەو حکومەتە لەرزۆکەی مالیکی کە هیچ پەناگەیەکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە.

تا ئێستاسەرکردایەتی کورد زۆر هێمنانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو پەلامارانەی تورکیا کردووە ، لەکاتێکدا ئەوەندەی زیانی بە هاووڵاتیانی بێ دیفاع گەیاندووە ، چارەگی ئەمەندە زیانی بە pkk نەگەیاندووە ، بۆیە بەردەوامبوونی بۆردومانکردنی خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان لە لایەن تورکیاوە ، سیاسەتی ئیزدیواجییەتی ئەمریکای زیاتر پڕشەرمەزارکرد و ، وردە وردە بیانووەکانی تورکیا هیچ نرخێکیان نامێنێ ، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرکردایەتی pkk رایانگەیاند لەم هەموو بۆردومانکردنەی تورکیا تەنیا پێنج گەریللایان کوژراوە ، ئەوی تر هەمووی خەڵکی سڤیل بووە .ئەمریکاش تووشی جۆرێك لە سەرلێشێواوی هاتووە ، لە لایەك دۆستێکی جیدی خۆی رەنجاندووە، لە لایەکی تریشەوە ئایندەی حکومەتی بەغدا بەهۆی هاوکاری ئەو دۆستەیەتی ، بۆیە ئەمریکا خەریکە وردە وردە نووکە باس لە نیگەرانی خۆی بەرامبەر ئەو بۆردومانانەی تورك بکات.

کۆکردنەوەی ئەم هەموو سەربازەی تورك لەسەر سنوور بەم زستانە ، حکومەتی تورکیاشی هەراسان کردووە ، لەکاتێکدا تورکیا بەرژەوەندی هاوبەشی زۆری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە ، لە جیاتی ئەم زەرەرو زیانەی لەخۆی دەدات ، باشتر وایە بەدوای بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی دا کاربکات و گیانی تەبایی لەگەڵ یەك قووڵبکەینەوە ، ئەو کاتە نە تورکیا نە حکومەتی هەرێمیش پێویستیان بە ئەمریکا نابێت ، گڵۆپی سەوز یا سووریان بۆ هەڵبکات ، چونکە هەردوولا لە هەموو لایەك باشتر بەرژەوەندی خۆیان دەزانن.


تورکیا هەڵەیەکی گەورەی بە بە ئەمریکا کرد ، بەڵام هیچیان سوودمەند نابن.




فوئاد سدیق

# ئەنجومەنی

# باشترین و دوایین چارەسەر
# ئەو سیستەمە فیدراڵیەیە کە لە



# سەنات:
# بۆ تەنگژەی عێراق دەستووری عێراقدا هاتووە



ڕۆژی ٢٠٠٧/٩/١٩ جارێکی دیکە سیناتۆر جۆزێف بایدن سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگرێس و پرۆفیسۆر لیسی گلپ سەرۆکی فەخری دیراساتی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە، پلانە کۆنەکەیان بە کۆمەڵێك گۆڕانکارییەوە لەبەردەمی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس خستەڕوو، ئەم پلانە گەڕانە بە دوای چارەسەرێکی سیاسیانە بۆ کێشەی عێراق.

لە دانیشتنی ڕاگەیاندنی ئەم پلانە کۆنە تازە هەمووارکراوەدا بێجگە لە سیناتۆرەکانی هەردوو پارتی کۆماری و دیموکرات، چەندین وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکا وەك هنری کیسنجەر و مادلین ئۆلبرایت و جەیمس بیکەر ئامادەبوو، هەروەها ژمارەیەك لە باڵیۆزەکانی پێشووی ئەمەریکاش وەك ریچارد هۆلبرگ و دینس رۆس و پیتەر گالبرێس و پسپۆڕان و شارەزایانی بەناوبانگی سەر دۆسێی عێراق وەك ریچارد هاس سەرۆکی دیراسەی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە، هەورەها مایکل ئۆهالن توێژەر لە ئامۆژگای برۆکینگز پشتگیریان لێکرد.

ئەم پلانە پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم کۆنگرێس بۆ دەنگدان بە دیدی هەموو ئەوانەی بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم ڕاپۆرتە دەربڕیوە ئەم پلانە باشترین پلانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی واقعیانەی ئەو تەنگژەیەی ئێستا عێراق پیایدا تێدەپەڕێت، هەروەها بە دیدی ئێمەش وەك گۆڤاری گوڵان، دەقاودەق لەگەڵ بڕیاری فیدراڵی پەرلەمانی کوردستان یەکدەگرێتەوە کە ١٤ ساڵ لەمەوپێش لە ١٩٩٢/١٠/٤ بڕیاری لەسەر درا و ڕاگەێنرا.


## ناوەڕۆکی ئەو پلانەی کە سەنات بە ڕێژەی ٪٧٥ دەنگی بۆدا سیناتۆر بایدن بەمجۆرە ئەم پلانە ڕادەگەیەنێت:

"جارێکی دیکە پلانێك بۆ بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ڕادەگەیەنین، ئەم پلانە دەبێتە هۆکارێکیش بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و بریتییە لە:

پیادەکردنی سیستەمی فیدراڵیزم و لامەرکەزی لە عێراقدا کە تیایدا حکومەتە هەرێمیەکان دەسەڵاتێکی گەورەیان دەبێت و حکومەتی فیدراڵی ناوەندیش دەسەڵاتێکی سنوورداری بۆ دابەشکردنی داهاتی نەوت و پاراستنی سنوورەکانی عێراق دەبێت".

بایدن لە درێژەی تەفسیرکردنی ئەم پلانەدا ئاماژە بەوە دەکات نیشانەی سەرکەوتنی ئەم پلانە لەو خاڵەوە بەدی دەکرێت کە ئەم پلانە بە تەنیا لەلایەن دیموکراتەکانەوە پشتگیری لێ ناکرێت، بەڵکو پێشبینی دەکرێت ئەم پلانە ببێتە بەشێك لەو ستراتیژەی کە بۆ کۆتایی هێنانی شەڕی عێراق داڕێژراوە لەمبارەوە بایدن دەڵێت: "بنەمای ئەم پلانە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقە، دەستووری عێراق داوا دەکات سیستەمێکی فیدراڵی لە عێراقدا دابمەزرێت و حکومەتە هەرێمیەکان هەموو دەسەڵاتێکی دابینکردنی ئاسایش و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی هەبێت و حکومەتی فیدراڵی ناوەندیش دەسەڵاتی سنووردار دەبێت".

بایدن بە باشی دەزانێت کە ئەم حکومەتەی لەسەر ئەم بنەمایە دادەمەزرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لێ بکات و





هەروەها پێویستە ئەندامانی هەمیشەی ئەنجوومەنی ئاسایش و دەوڵەتانی هاوسێی عێراق پشتگیری و هاوکاری سەرخستنی ئەم حکومەتەبن.

## تەنیا ڕێگە چارەسەری سیاسییە بۆ کێشەی عێراق

بایدن بۆ پشتگیری ئەو چەمکەی ئەم پلانەی لەسەر داڕشتووە، ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە ئێستا بۆتە قەناعەتی هەموو جیهان، بەوەی هەر دەبێت بە دوای چارەسەری سیاسی بۆ کێشەی عێراق بگەڕێت، هەر بۆیە ئەو پرسیارە دەورژێت و دەپرسێت: ئایا باشترین چارەسەری سیاسی بۆ کێشەی عێراق چییە؟

بایدن لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێت: بە بڕوای من دەبێت ئێمە بەشێوەیەکی مولتەزیمانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە و دەبێ راشکاوانە گۆڕانکاری بە جۆرێك لە ستراتیژ و پلانی خۆماندا بکەین کە چارەسەری کێشەی عێراق بکات.

سەبارەت بەو ستراتیژەی ئێستا سەرۆك بوش لە عێراقدا پیادەی دەکات پلانەکەی بایدن پێی وایە سەرۆك بوش جەخت لەسەر یەك




بنەما دەكاتەوە كە بریتین لە:

ئەگەر تەنیا كاتی تـــەواوی بدەینێ ئەوا دەتوانێت حكومەتی ســـەنترالی بەغدا سەقامگیر بچەســـپێت و هەرسێ لایەن كورد و شـــیعە و سوننە پشـــتگیری لێ بكات، ئەمە لە كاتێكدا خەڵكی دیكە پێیان وایە كشـــانەوەی هێزەكانمان دەبێتـــە هۆكاری ئەوەی عێراقییـــەكان ناچاربـــن رێك بكـــەون و پرۆســـەی پێكهاتنەوەی نیشتمانی سەربكەوێت.

بایدن دوو رەخنەی گرنگ لەم ستراتیژە دەگرێت و دەڵێت: ئێستا ئەو حكومەتەی لە بەغدا هەیە دوو گرفتی سەرەكی هەیە:

١- لە ناو حكومەتدا متمانە نییە

٢- لە نێوان خەڵك و حكوومەتیشدا متمانە نییە

بایدن وای دەبینێ زۆر زەحمەتە حكومەتی عێراق لە ئایندەیەكی نزیكدا بتوانێت ئەو متمانەیە دروست بكاتەوە كە بوش ئومێدی بۆ دەخوازێت.

عێراق بە حكومەتی سەنترالی بەرێوە ناچێت

لێرەوە بایدن واقعیانەتر لە جاران و، وەك لەســـەر ئەرزی واقیعی عێراق قسە بكات بەمجۆرە واقیعی عێراق دەخوێنەوە:

(كشانەوەی هێزەكانمان یان كۆتایی هێنان بە داگیركاری نابێتە پاڵپشـــت بۆ ســـەقامگیری لە عێراقدا، هەروەها ئێمە پشتگیری دیكتاتۆرییـــەت ناكەین حوكمڕانی عێراق، لەم قۆناغە هەســـتیارە مێژووییەی پیایدا تێدەپەڕین، دەبێ ئەوە بزانین عێراق بە حكومەتی سەنترالی بەرێوە ناچێت.

**راسـپاردەكانی ئــەم پلانــە بــۆ عێراقییــەكان و ئیــدارەی ئەمەریكا**

بایدن بە پێشكەشـــكردنی خاڵە سەرەكییەكانی ئەم پلانە ئاماژە بەم خاڵانە دەكات:

١- لەم پلانەدا ئەندامانی كۆنگرێس بە عێراقییەكان نالێن چی بكـــەن عێراقییەكان خۆیان بڕیـــار دەدەن، ئەندامانی كۆنگرێس بە ئیدارەی ئەمەریكی دەڵێن پێویستە چی بكات؟

٢- لەم پلانەدا فیدرالیزم ســـەپاندنێكی ئەمەریكا یان دەرەوەی ئیرادەی عێراقییەكان نییە، دەســـتووری عێراق خۆی بانگشـــە بۆ سیستەمێكی فیدراڵی لا مەركەزی دەكات.

٣- لەم پلانـــەدا وەك دەســـتووری عێراقیش رێگـــەی پێدراوە دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵی ناوەند سنووردار دەبێت و دەسەڵاتی حكومەتە هەرێمەكان فراوان دەبێت، دەســـتووری عێراقیش رێگەی بەوە داوە كاتێك كێشـــەیەك لە نێوان یاســـای نیشتمانی و یاسای هەرێمەكان بێت، یاسای هەرێمەكە باڵا دەست دەبێت.

٤- فیدرالیزم دابەشكردنی عێراق نییە، بەڵكو راستییەكە ئەوەیە فیدرالیـــزم هۆكارێكـــە بۆ ئەوەی عێراق دابـــەش نەبێت، ئەمە لە كاتێكدا رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر عێراق لەبەر یەك هەڵدەوەشێت.

٥- فیدرالیـــزم پاكتاوی مەزهەبگەرایی عێـــراق زیاتر ناكات، بەڵكو فیدالیـــزم هۆكارێكە بۆ راگرتنی ئەو راگرتنی ئەو پاكتاوە مەزهەبگەراییەی كە ئێستا عێراق بە خۆیەوە دەبینێت.

**هەڵوێســـتی هەرێمی كوردستان لەسەر پشـــتگیری سەنات بۆ فیدراڵیزمی عێراق:**

**ئەم پشتگیرییەی سەنات**

**بەهێزكردنی ستراتیجیەتەی ئەمەریكایە لە عێراقدا**

ئەنجومەنـــی پیرانی ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا یاســـای پشـــتیوانیكردن لە سیســـتەمی فیدراڵی بۆ عێراق پەسەند دەكات و هەرێمی كوردســـتان بە ناوچەیەكی "ئارام و سەقامگیر" دادەنێت و دەوڵەتە دراوســـێكانی عێراق هاندەدات پشـــتیوانی لە خواستی خەڵكانی عێراق بكەن.

ئەمـــڕۆ، ئەنجومەنی پیرانی ولاتـــە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بەردەوام بوو لە پیشـــاندانی پشـــتیوانییەكی بەهێـــز لە هەرێمی كوردســـتانی ئـــارام و ســـەقامگیر كاتێك زۆرینـــەی ئەندامانی كۆنگرێس پشـــتگیری ئەو هەمواركردنەیان كرد كە لەلایەن هەردوو پارتی كۆماری و دیموكراتییەوە پێشكەش كرابوو كە داوا لە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەكات "پێویســـتە ولاتە یەكگرتووەكان چالاكانە پشـــتیوانی لە رێككەوتنێكی سیاســـی بكات لە نێوان عێراقییەكاندا لەســـەر بنچینەی برگەكانی كۆتایی دەســـتووری عێراقی كە سیســـتەمی فیدراڵیەت دەكات بە بناغەی حكومەت و رێگە بە پێكهێنانی هەرێمە فیدراڵییەكان دەدات".

یاساكە بە ٧٥ دەنگ بەرامبەر ٢٣ پەسەند كرا، كە دەبێتە مایەی



بەهێزکردنی ئەو ستراتیجیەتەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا گرتوویەتیە بەر. لە کاتێکدا بەردەوامە لە پاڵپشتیکردنی فیدراڵیەت، عێراقێکی یەکگرتوو، ئەنجومەنی پیران بەم هەنگاوە ئەو ستراتیجیەتە هاوبەشەی عێراق و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهێز دەکات کە بە "ستراتیجیەتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە" ناسراوە بۆ پێدانی دەسەلاتە سیاسی و ئابوورییەکان بە هەرێم و پارێزگاکانی عێراق.


هەروەها هەموارکردنەکە سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان زەقدەکاتەوە، کە لە دەستووری عێراقدا بە ئیدارەی هەرێمی کوردستان ناسراوە، وەك ناوچەیەکی ئارام و، سەقامگیر، نمونەیەکی لەبار و شایستە بۆ ئەو رێگەیەی پێویستە هەموو عێراق بیگرێتە بەر.

قوباد تالەبانی، کە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە واشنتۆن، رایگەیاند "ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە دۆستەکانمان لە ئەنجومەنی پیران ئەو هەوڵ و کۆششە دوور و درێژەکانەی ئێمە دەنرخێنن و پاڵپشتی لێدەکەن کە داومانە بۆ چەسپاندن و جێگیرکردنی دیموکراسی، لێبوردەیی، ئازادی لە عێراقدا. "هەروەها رایگەیاند کە، "حکومەتی هەرێمی کوردستان ستایشی ئەنجومەنی پیرانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات بۆ دەرکردنی ئەم یاسا گرنگە بەوەی هەیمی کوردستانی کردووە بە نموونە، پێکەوە دەتوانین رێگە خۆشبکەین بۆ هێنانەدی ئایندەیەکی پڕ لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو عێراق".

هەموارکردنەکە لەلایەن دوو پاڵێوراوی سەرۆکایەتی، سیناتۆر جۆزێف بایدن و سام براونباوکەوە خراوەتەڕوو، لەلایەن ١٥ سیناتۆری دیکەوە سەرپەرشتی کرا، لە نێویاندا سەرۆکی زۆرینە هاری رەید. پلانەکە پاڵپشتی لە چارەسەرێکی سیاسی فیدراڵی دەکات لە عێراقدا کە زۆرێك لە دیبلۆمات و، ئەکادیمی و، چاودێرانی سەربەخۆ باوەڕیان وایە ئەمە باشترین ستراتیجیەتە بۆ هێنانەدی ئارامی و پێشکەوتن بۆ ناوچەکە، دەبێتە هۆی رەواندنەوەی نیگەرانییە سیاسییەکان.

بە هەمان شێوە لە هەموارکردنەکەدا، ئەنجومەنی پیران داوا لەو نەتەوانە دەکات کە هێزی چەکداریان لە عێراقدا هەیە و، پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و، دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو و دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق، هەروەها دەوڵەتانی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی پشتیوانیەکی بەهێز لە رێکەوتنێکی عێراقی بکەن لەسەر بناغەی فیدراڵیزم و رێز لە خواستەکانی خەڵکی عێراق و سەرکردە هەڵبژێردراوەکانیان بگرن.

**لە نووسینگەی سیناتۆر بایدنەوە تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان:**



# دەقی ئەو بەرنامەیەی کە ئەنجوومەنی سەنات لە کۆنگریس بۆ فیدرالیزمی عێراق پەسەندی کردووە

■ *نەخشـــەکەی ســـیناتۆر جۆزیف بایدن، کە ساڵێك بەر لە ئێســـتا بەناوی(عێراق: ڕێگەی بەرەوپێشچوون)ەوە پێشکەشی کرد، هەفتەی ڕابردوو لە ئەنجوومەنی ســـەنات لە کۆنگریس خرایە دەنگدانەوە و بەرێژەی٧٥دەنگ بەرامبەر ٢٣ پەســـەندکرا، ئەم پلانە کـــە نابێتە بڕیارێکـــی مولزەم نە بۆ ئیدارەی ئەمەریکی و نە بۆ حکومەتی عێراقیش بـــەڵام لەبەر ئەوەی بە زۆرینەی ڕەها٪٧٥ دەنگی ئەنجوومەنی ســـەنات پەســـەندکراوە بایـــەخ و گرنگی خۆی هەیە و هەنگاوێکە بـــۆ ڕزگارکردنی عێراق لەم تەنگژەیەی ئێســـتا تێی کەوتووە و... خاڵی ســـەرەکیش لە پلانەدا بریتییە لەوەی کە کێشەی عێراق کێشەیەکی سەربازی نییە تاوەکو بە هۆی بەکارهێنانی هێزی ســـەربازییەوە یەکلابکرێتەوە، بەڵکو کێشەکە کێشـــەیەکی سیاسییە، تاکە ڕێگە بۆ شکاندنی بازنەی بەتاڵی توندوتیژی هێنانەکایەی هەلومەرجی کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە بە چەشنێك لە دوای خۆیان ئاڵۆزی و پشێوی بەجێ نەهێڵن کە سەر بکێشێت نەك تەنیا بۆ شەڕێکی ناوخۆیی بەڵکو بۆ شەڕێکی ناوچەییش، بریتییە لە خوڵقاندنی ئەو پاڵنەرانەی وا لە کورد، شیعە، سوننەکان دەکەن کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانیان بدەن. کە ئەوەش ڕێکەوتنێك دەخوازێت لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا لە سەر دابەشکردنی دەسەڵات.* ■

ئەمەش دەقی ئەو یاسایەیە کە ئەنجوومەنی سەنات پەسەندی کردووە و گوڵان وەکو خۆی بڵاوی دەکاتەوە.

ئامانج لەم پلانە: دەربڕینی هەڵوێستی کۆنگرێسە لە ئاستی فیدراڵیزم بۆ عێراق.

بۆ بڕیاردان لە سـەر تەرخانکردنی بودجەی ساڵی دارایی ٢٠٠٨ بۆ چالاکییە سەربازییەکانی وەزارەتی بەرگری،بۆ ئامانجەکانی بنیاتنانی سـەربازی،وە چالاکیە بەرگرییەکانی وەزارەتی ووزە،وە بۆ نەخشەدانان بۆ بەهێزکردنی دەستە سەربازییەکان،وە ئامانجەکانی دیکە.

لە بنەڕەتدا مەبەسـت ئەوەبوو هەمواركردنەكە پێشنیاربكرێت لە لایەن بەڕێز بایدنەوە(بۆ خودی خۆی،بەڕێز براون باك، بەڕێز بۆكسەر، بەڕێز سـپێكتەر، بەڕێز كێری، بەڕێز سـمیت، بەڕێز نێڵسـۆن لە فلۆریدا، بەڕێز هوتچیسـۆن، بەڕێز میكۆلسكی، بەڕێز لینكۆڵن، بەڕێز ڕەید، بەڕێز فەینستەین، بەڕێز بینگەمان، بەڕێز براون، بەڕێز كارپەر، بەڕێز سالازار)

لە كۆتایی ناونیشـانی لاوەكی (C)لە ناونیشـانی سەرەكی(VX)، ئەمانە زیادبكرێن:

بەشی- -١٥٣٥

هەڵوێستی كۆنگرێس لە سەر فیدراڵیەت بۆ عێراق.

**-كۆنگرێس بەم ڕاستییانە گەیشتووە:**

-١ تا ئێستا بازنەی توندو تیژی تائیفی لە عێراقدا بەردەوامە .

-٢درێژەكێشانی توندتیژی تائیفی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی ناوچەیی و جیهانی،وەعێراقێكی سەقامگیر،كە نەبێتە مۆڵگەی تیرۆریستان،وە نەبێتە هەڕەشـە بۆ سەر دراوسـێكانی بە باشترین شـێوە خزمەتی بەرژەوەندییە درێژخایەنەكانی وڵاتە یەككگرتوەكانی ئەمریكا دەكات.

-٣جەختكردنـەوەی ڕێكخراوی ئەل قاعیدە لـە عێراقدا بریتی بووە لـە هەوڵدان بـۆ گۆڕینی دابەشـبوونە تائیفیەكان لـە عێراقدا بۆ توندوتیژی تائیفی لە ڕێگەی ئەنجامدانی زنجیرەیەك هێرشی چڕ و پڕەوە،دیارترین و بەرچاوترین ئەو هێرشـانە بریتی بوو لە تەقاندنەوەی گۆمەزی ئاڵتونی مزگەوتی ئەل عەسكەرییەی شیعە لە سامەڕا لە شوباتی ٢٠٠٦دا.

-٤پێویستە عێراق بگات بە ڕێككەوتنێكی سیاسی گشتگیر وبەردەوام بۆ هێنانەدی سەقامگیری،وە شكستهێنانی عێراقییەكان بۆ گەیشتن بەو ڕێككەوتنامەیە هۆكاری سـەرەكی درێژەكێشانی توندوتیژییە لە عێراقدا.

-٥ماددەی یەكەمی دەستوری عێراق ڕایدەگەیەنێت كە عێراق دەبێتە "دەوڵەتێكی سەربەخۆی فیدراڵی".

-٦بەشـی پێنجـەم لـە دەسـتوری عێراقـی ڕایدەگەنێـت كـە "سیسـتەمی فیدراڵی لە كۆماری عێراقدا پێكدێت لە پایتەختێكی نامەكەزی،هەرێمەكان،وە پارێزگاكان،وبەڕێوەبەراتییە مەحەلییەكان"وە دەسـەڵاتە فراوانەكانی هەرێمـەكان دیاریدەكات لەگەڵ دەسـەڵاتە سـنوردارەكانی حكومەتی ناوەنـدی وە میكانیزمەكانی پێكهێنانی هەرێمە فیدراڵیەكان دادمەزرێنێت.

-٧سیسـتەمی فیدراڵی كـە لە لایەن دەسـتورەوە پێكهێنراوە مافی كۆنترۆڵكردنی پۆلیس و یاسـاگەلێكی دیاریكراو دەداتە دەسـەڵاتە مەحەلییەكان،لە نێوانیاندا یاساكانی پەیوەست بە دامەزراندن، خوێندن و پەروەردە،ئایین،وخێزانداری.

-٨دەسـتوری عێراقی دان بە ڕۆڵـی كارگێڕی حكومەتی هەرێمی كوردسـتاندا دەنێت لە سێ پارێزگای باكوری عێراقدا،كە بە هەرێمی كوردستان ناسراوە.

-٩هەرێمی كوردستان كە لە لایەن دەستوری عێراقییەوە دانپێدانراوە،تا ڕادەیەكی زۆر ئارامی و ئاسایشی تێدا بەرقەرارە.

-١٠لە ١١ی تشـرینی یەكەمی ٢٠٠٦دا،پەرلەمانی عێراق یاسـای فیدراڵیەتی پەسـەند كرد،كە ڕێ و شوێنەكانی دامەزراندنی هەرێمە فیدراڵییەكان دیاریدەكات وە ١٨ مانگ دوای پەسەندكردنی دەكەوێتە واری جێبەجێكردنەوە.

-١١عێراقیەكان بەغدا بە پایتەخت دادەنێن،وە دەستوری عێراقی ڕێگە نادات بەغدا بچێتە پاڵ هیچ هەرێمێكی فیدراڵی.

-١٢سـەرەڕای جیاوازییەكانیان،گروپە ئەتنی و تائیفییەكانی عێراق پشتیوانی لە یەكێتی و یەكپارچەیی خاكی عێراق دەكەن.

-١٣لە ٢٧ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦دا،نوری ئەلمالیكی ڕایگەیاند كە "قەیرانەكە قەیرانێكی سیاسـییە، وە تەنها سیاسـییەكان دەتوانن بازنەی دەستڕێژی و خوێن ڕشتنی بێتاوانەكان بوەستێنن".

**ب-كۆنگرێس ئەمانەی خوارەوە بە پێویست دەزانێت:**

-١ پێویستە وڵاتە یەككگرتوەكان چالاكانە پشتیوانی لە ڕێككەوتنێكی سیاسـی بكات لە نێوان عێراقییەكاندا لە سەر بنچینەی بڕگەكانی كۆتایی دەستوری عێراقی كە سیستەمی فیدراڵیەت دەكات بە بناغەی حكومـەت و ڕێگە بە پێكهێنانی هەرێمـە فیدراڵیەكان دەدات،كە لە گەڵ خواستی عێراقیەكان و سەركردە هەڵبژێردراوەكانیاندا بگونجێت.

-٢پشتیوانیكردنی چالاك كە لە پەرەگرافی پێشودا ئاماژەی بۆكرا

-١دەبێت ئەمانەی خوارەوە لە خۆبگرێت-

أ-داوا لـە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بكرێت،لـە نێویاندا ئەو وڵاتانەی هێزیان لە عێراقدا هەیە،لە گەڵ ئەندامە هەمیشەییەكانی ئەنجومەنی ئاسایشـی نەتەوە یەككگرتوەكان،و ئەندامانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو ودەوڵەتە دراوسێكانی عێراق بۆ:

-١پشتیوانیكردنی عێراقیەكان بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتنێكی سیاسی لە سەر بنەمای فیدراڵیەت.

-٢دانان بە سەروەری و یەكپارچەیی خاكی عێراقدا، لە گەڵ:

أ- جێبەجێكردنی پابەندبونەكان بۆ دابینكردنی پێداویستییە بەپەلەكان و لێخۆشبوونی قەرزەكانی عێراق،بە تایبەتی پابەندبوونەكانی دەوڵەتە ئەندامەكانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو.

ب-داواكاری پتر لە دەوڵەتە دراوسێكانی عێراق بكرێت بۆ ئەوەی بەڵێن بدەن دەست لە كاروباری ناوخۆی عێراق وەرنەدەن یاخود سەقامگیری عێراق تێكنـەدەن وە ڕازیبن بـە میاكانیزمەكانـی لێكۆڵینەوە لەم دەستێوەردانانە:

لەگەڵ

ج-گرێدانی كۆنگرەیەك بۆ عێراقییەكان بۆ ئەوەی بگەنە ڕێككەوتنێك لە سەر چارسەرێكی سیاسی گشتگیر و هەمەلایەن لە سەر بنەمای ئەو یاسـا فیدراڵیەی لە ١١ی تشـرینی یەكەمی ٢٠٠٦دا لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند كرا.

-٣پێویستە وڵاتە یەككگرتوەكانی ئەمریكا حكومەتی عێراقی هانبدات بۆ ئەوەی بە خێرای یاسایەك پەسەند بكات وە دواتر جێبەجێیبكات كە ببێتە مایەی دابەشكردنی یەكسانی داهاتەكانی نەوت،كە هۆكارێكی گرنگ و هەستیارە لە گەیشتن بە ڕێككەوتنێكی سیاسی هەمەلایەن لە سەر بنەمای فیدراڵیزم.

-٤جێبەجێكردنی ئەو هەنگاوانەی لـە پەرەگرافی(١)،(٢)،(٣) دا هاتوون دەبنە هۆی هێنانەدی عێراقێكی سەقامگیر كە نە مۆڵگەی تیرۆریستان بێت وە نە هەڕەشە بێت بۆ سەر دراوسێكانی:

-٥نابێت هیچ یەكێك لەو كردارانە بە شـێوەیەك ئەنجام بدرێن كە ببنە مایەی پێشێلكردنی سەروەری عێراق.



پرۆفیسۆر فیلیپ سابین لە زانکۆی لەندەن بۆ گوڵان:

# تەنیا چارە بۆ کێشەی عێراق هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکان و چەسپاندنی سیستەمی فیدرالیزمە

■ پرۆفیسۆر فیلیپ سابین یەکێکە لە ئەندامانی بەشی دیراساتی شەڕ لە زانکۆی کامبریج و ئەندامی ئامۆژگای نێودەوڵەتییە بۆ دیراساتی ستراتیژییە لە زانکۆی هارفاردو ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشە لە زانکۆی لەندەن.
بواری پسپۆری تایبەتمەندی پرۆفیسۆر فیلیپ ستراتیژییەتی سەربازی و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە کە لە ئاکامی دەستێوەردانە سەربازییەکاندا دەکەونەوە بە هاوشێوەی عێراق، لەم بوارەشدا چەندین دیراسات و توێژینەوەی لەسەر بارودۆخی عێراق و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەیە.
بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمرۆی عێراق چۆنییەتی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی سیاسی بۆ عێراقییەکان گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر فیلیپ سابینەوە کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن: ■

**ژینگەیەکی سیاسی سروشتی لە عێراقدا بوونی نییە**

*** دوایین رێگە چارە بۆ کیشەی عێراق هەوڵدانە بۆ سەرخستنی پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی و پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی کێشەی عێراق پێویستی بە چارەسەری سیاسیی هەیە نەك سەربازی، ئایا پێتوایە خەڵکی عێراق بتوانن سەرکەوتن بە دەستبهێنن؟**

- من پێم وایە ئەوە گەورەترین پرسیاری شەڕەکەیە، گرفتەکە ئەوەیە بەدەستهێنانی کۆدەنگییەکی سیاسی لە نێوان عێراقییەکاندا تا دوا رادە ئاڵۆزە بە هۆی سروشتی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکە و دابەشبوونی شیعە و سوننەکان و گرفت و کێشەکانی دیکەوە، کە ژینگەیەکی سیاسی سروشتی لە عێراقدا بوونی نییەو ئەم ژینگە سیاسییە تا رادەیەکی زۆر لە لایەن دەستێوەردانی دەرەکییەوە داڕێژراوە و، بە دڵنیاییەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەروەها لە لایەن دەستێوەردانی هێزە ناوچەییەکانەوە وەك ئێران، لەبەر ئەوە دەرفەتی ئەوە لەبەردەم عێراقییەکاندا نییە تاوەکو وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە دوور بێت لە دەستێوەردانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگات بە رێککەوتنێکی سیاسی لە ناوخۆی وڵاتەکەدا. بە شێوەیەکی تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کارنامە و ئەجێندای خۆی هەیە کە خوازیارە بەدیان بهێنێت، ئەمە بەو مانایە دێت کە هەر سیاسەتمەدارێك ناو ئەم رژێمەی ئێستا وا لێکدەدرێتەوە کە دەستکردی دەستی دەسەڵاتە دەرەکییەکانە، لەبەر ئەوە بارودۆخەکە تا دوا رادە ئاڵۆزە ئەگەر ئەمەریکییەکان عێراق بەجێبهێڵن و لە وڵاتەکە بکشێنەوە ئەوا کۆنترۆڵێکی کەمیان بە سەر سیاسەتی ناوخۆی وڵاتەکەو رووداوەکانەوە دەبێت و رەنگە رەوتی روداوەکان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکاندا نەڕوات و ئەگەر لە عێراقدا بمێننەوە ئەوا زۆر زەحمەتە بۆ سەرکردە عێراقییەکان رەوایەتییەکی راستەقینە بەدەستبهێنن لە ناو خەڵکانی عێراقدا لەبەر ئەوەی وەك پاشکۆی هێزە داگیرکەرەکان لێیان دەڕوانرێت. کەواتە ئەم دوو هۆکارە بارودۆخەکەیان تەواو ئاڵۆز کردووە، لە لایەکەوە ناتەباییەکی ناوخۆیی هەیە لە لایەکی دیکەوە بارودۆخێکی سیاسی شێواوت هەیە پێشتر بە هۆی رژێمی سەددامەوە و دواتر بە هۆی کاریگەری هێزە داگیرکەرەکانەوە کە دەستێوەردان دەکەن لە رەوتی بەرەوپێشچوونی پرۆسە سیاسییەکەدا. من دەبێت ئەوە بڵێم کە گرفتێکی دیکە بریتییە لە کاریگەری سیاسەتی ئەمەریکا کە راستەوخۆ دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەمەریکییەکان لەبەر چەند هۆکارێکی رون و ئاشکرا بڕیاریاندا کە بە تەواوەتی حیزبی بەعس لە گۆڕەپانەکە دوربخەنەوە هەروەك لە یابان و ئەڵمانیادا هەمان سیاسەتییان لە دژی حیزبی نازی و سەرکردە سەربازییەکانی یاباندا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە گرتەبەر و ویستییان وڵاتەکە لە لایەن کەسانێکی دیموکراتەوە حکومڕانی بکرێت، بەڵام بە داخەوە بە حیزبی بەعس ماوەیەکی دورودرێژ حکومڕانی عێراقی کرد و زۆرێك لەسەرکردەکان نەیان دەتوانی توانا لێهاتوی خۆیان بخەنە گەڕ نەك هەر لە بواری سیاسییدا بەڵکو لە بوارەکانی دیکەشدا گەر نەبونایەتە ئەندام لە حزبی بەعسدا. لەبەر ئەوە ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەو کەسانە دەبینیت کە هێز و توانایەکی سیاسییان هەبێت بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەو قەیرانەکان و باشترکردن وبەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە و ئەگەر لەسەر کردەکانی وڵاتەکە بڕوانییت ئەوا بە روونی ئەوە بەدیدەکەیت کە ئەم سەکردانە پێشتر توانایەکی بەرچاویان نەبووە و یاخود لە تاراوگەدا ژیاون کە دوای رووخانی رژێمی سەددام گەڕانەوە بۆ وڵاتەکە کە پێشتر بەرهەڵستکاربوون بەڵام دوور لە وڵاتەکە و دوور لە مەترسی رژێمەکە و ئەوانەی لە تاراوگە گەڕاونەتەوە توانای حکومڕانیکردن و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانییان نییە. کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە زۆر سەختە سەرکردە عێراقییەکان رێگاچارەیەکی دروست وگونجاو بدۆزنەوە و ئەگەر ئەم سەرکردانە بە پێی خواست و ویستی ئەمەریکییەکان هەڵس وکەوت بکەن ئەوا لە ناو گەلەکەی خۆیان متمانە و ڕەوایەتی لە دەستدەدەن، کەواتە راگرتنی ئەم هاوسەنگییە کارێکی لە رادەبەدەر زەحمەتە، هەروەك لەم چەند رۆژەی دواییدا ئەوەمان بەدیکرد کە خەڵکی عێراق نارەزاییان بەرامبەر ئەو کۆمپانیایەی ئەمەریکا دەربڕی کە کاری دابینکردنی ئاسایش و سەلامەتی دیبلۆماتکارە ئەمەریکییەکانە لە عێراقدا لەبەر ئەوەی ئەم کۆمپانیایە هەڵساوە بە کوشتنی چەند عێراقییەکی بێتاوان لەسەر شەقامەکاندا. لەبەر ئەوە بارودۆخەکە یەکجار سەختە و دەکرێت بە ڤێتنامی شەستەکان و حەفتاکانی بشوبهێنین کە هەر رژێمێکی دیموکراتی یاخود نیمچە دیموکراتی تاوانی ئەوەی دەدرایە پاڵ کە بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا پشت بە ئەمەریکییەکان دەبەستێت و ئایا عێراقییەکان لە پرۆسە سیاسییەکەدا سەرکەوتوو دەبن، من پێم وایە گەورەترین هیواو ئومێد ئەوەیە عێراقییەکان لە توندو تیژی و ئاژاوەو قەیران و تەنگژە ئابورییەکان وەڕس بن کە دووچاری وڵاتەکە بوونەتەوە، لەگەڵ گرفتی نەبوونی کارەبا و سستبوونی گەشەی ئابوری و بەجێهێشتن و رەوکردنی خەڵکی وڵاتەکە کە هەڕەشەو مەترسی هەیە لەسەر ژیانییان، ئەگەر عێراقییەکان وەڕسبن و ئەم بارودۆخە سەختە رەتبکەنەوە و لە دژی توندڕەوەکان هەڵوێست وەربگرن کە ئەم توندڕەوانە دەیانەوێت ئەم توندوتیژییە لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن، ئەگەر ئەوە روبدات و ئەگەر کاردانەوەی خەڵك ببینیین بە تایبەتی لە دژی چەکدارانی رێکخراوی ئەل قاعیدە و چەکدارە دەرەکییەکانی دیکە کە لەسەر حسابی خەڵکی عێراق شەڕی ئەمەریکا دەکەن کە لەم شەڕەدا عێراقییەکان دەکەنە سوتەمەنی ئەوا ئەمانە دەبنە دەستپێکی سەرکەوتنی خەڵکی عێراق و من پێموایە گرفتێکی دیکە کە زاڵبون بە سەریدا زۆر زەحمەتترە بریتییە لەو گرژی و ئاڵۆزییەی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا هەیە لەبەر ئەوەی ئەم گرژییە بۆتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵگەکە بۆتە هۆی دروستبوونی بازنەیەکی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە کە شکاندنی زۆر ئەستەمە هەروەك ئەوەی لە باکووری ئێرلەنداو لەم دواییانەدا لە یوگسلافیای پێشودا بەدیمان کرد. من ناڵێم ناتوانیین زاڵ بین بەسەریدا بەڵام لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سوننەکان رۆژگارێکی دوردرێژ لە سایەی رژێمی سەددامدا هێزی زاڵ و باڵادەستی عێراق بوون ئەوا ئەم گرفتە لە گرفتی ئەو کەمینەیە گەورەترە کە پشتیوانی ئەل قاعیدە دەکەن کە من پێم وایە کە ووردە ووردە دۆست و پشتیوانەکانییان کەم دەبنەوە لەبەر ئەو کارو کردەوە ناڕەوا و ناشایستانەی ئەنجامی دەدەن.

●●●

**بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بە شێوەیەکی هەمیشەیی بۆتە سەرچاوەیەکی نیگەرانی بۆ تورکیا کە لەوە نیگەرانە ئەم دەوڵەتە کاریگەری و رەنگدانەوەی لەسەر دانیشتوانە کوردەکەی تورکیا دەبێت و لە لایەکی دیکەوە دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعە لە باشووری وڵاتەکە کە لە ژێر رکێف و دەستڕۆیشتویی ئێراندا بێت دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ دانیشتوانی سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو**

●●●

## تەنیا ڕێگاچارە بۆ عێراق ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان و چەسپاندنی فیدراڵیزمە

*** ئایا گەشبینیت بە مانەوەی عێراق بە یەکپارچەی یاخود پێت وایە دابەشدەبێت بە سەر هەر سێ پێکهاتەی شیعە و سوننە و کورددا؟**

زۆرێك بیروبۆچونییان ئەوەبوو کە تەنیا ڕێگاچارەی چەسپاندنی سەقامگیری لە عێراقی دوای سەددام حوسێندا بریتییە لە دابەشکردنی وڵاتەکە، لە ڕاستییدا ئەوە یەکێك بوو لە ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم هاوپەیمانەکان لە ساڵی ١٩٩١دا بۆ ئەوەی پتر بەرەوپێشەوە بچن. هەندێك تەنانەت لەو کاتەدا پێشنیاری ئەوەیان دەکرد کە دوای ڕزگارکردنی کوەیت دەبێت درێژە بە بەرەپێشچوونەکەمان بدەین و ڕژێمی سەددام حوسێن بڕوخێنیین، هەروەك ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٥دا لە دژی هیتلەر کردمان و گەورەترین مشتومڕی ئەو کاتە ئەوەبوو کە تەنیا دیکتاتۆرییەتی سەدام عێراقی بە یەکپارچەیی هێشتۆتەوە، ئێمە ناتوانین دیکتاتۆرێکی دیکە بخولقێنیین لەبەر ئەوەی ئەمە دژی بەهاو و بنەماکانی ئێمەیە. ئێستا ئێمە لە بارودۆخێکداین کە بە هۆی دەستێوەردانی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا هاتۆتە ئاراوە، کە زیاتر ڕێگاچارەی دابەشکردنی عێراق قسە وباسی لەبارەوە دەکرێت، من پێم وایە ئەو بارودۆخەی لە ناوچە کوردییەکاندا هەیە زیاتر بۆتە مایەی پەرەپێدانی ئەم بیرۆکەیە. ئەم ناوچەیە کەمتر دووچاری ئەو توندوتیژییە بۆتەوە کە لە باشورر و ناوەڕاستی وڵاتەکەدا ژیانی لە خەڵکەکە هەراسان کردووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێوە خەڵکێکی تەبا و یەکگرتووتان هەیە و دەتوانن دەوڵەتێکی بچوك بۆ خۆتان بنیاتبنێن و من پێم وایە گرفتەکە لە بەشەکانی دیکەی عێراقدایە، لەو باوەڕەدام سەرەڕای ئەو پاکسازییە ڕەگەزییەی ڕوودەدات، سەرەڕای ئاوارەبوون و کۆچکردنی خەڵکێکی زۆری وڵاتەکە، بەڵام هێشتا ئاستێکی دیاریکراو لە هەستی هاوبەش و ئاوێتەبوون لە ناو خەڵکانی ناوەڕاست و باشووری وڵاتەکە بەدیدەکرێت، بە تایبەتی لە ناوچەی دەوروبەری بەغدا کە ناتوانیت بە ڕونی ئەوە دیاریبکەیت ئەم ناوچەیە سوننەیە و ئەم ناوچەیە شیعەیە، بە هاوشێوەی کوردستان کە لە ڕووی جوگرافییەوە ناوچەیەکی دیارو بەرچاوە. گرفتێکی دیکە بریتییە لە دەوڵەتە دراوسێکان بە تایبەتی تورکیا کە هەستیارییەکی زۆری هەیە بەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان و تورکیا مێژوییەکی هەیە لە ناردنی هێزەسەربازییەکانی بۆ ناو خاکی عێراق بۆ بەشە کوردییەکەی عێراق، لەبەر ئەوە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بە شێوەیەکی هەمیشەیی بۆتە سەرچاوەیەکی نیگەرانی بۆ تورکیا کە لەوە نیگەرانە ئەم دەوڵەتە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر دانیشتوانە کوردەکەی تورکیا دەبێت و لە لایەکی دیکەوە دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعە لە باشورری وڵاتەکە کە لە ژێر ڕکێف و دەستڕۆیشتویی ئێراندا بێت دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ دانیشتوانی سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو کە ڕەنگە لە کاردانەوەی ئەمەدا دەست بە هاوکاریکردن و چەکدارکردکردنی سوننەکان بکەن لە بەشی ڕۆژئاوای عێراقدا، کە ئەو کاتە عێراق دەبێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکی دەوڵەتە دراوسێکان و شەڕێکی بەوەکالەت لە عێراقدا لە نێوان ئەم هێزە ناوچەیییە ڕکابەرانەدا سەرهەڵدەدا، لەبەر ئەوە ئەگەر لە مەسەلەی دابەشبوونی عێراق بڕوانییت ئەوا ناکرێت بارودۆخەکە بە یوگسلافیای پێشوو یاخود باکووری ئێرلەندا بەراوردبکەیت، بە چەشنێك ناتوانییت بڵێیت چارەسەرەکە دابەشکردنی یەکجاری عێراقە یاخودئاوێتەکردنێتی بە شێوەیەکی زۆرەملێ، بەڵکو ڕێگاچارەکە بریتییە لە ڕاگرتنی هاوسەنگییەك لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکاندا هاوشان بە چەسپاندنی چەشنێك لە فیدراڵیزم کە تا ڕادەیەك هەرێمەکان لە ڕوی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانیانەوە سەربەخۆبن و دانیشتوانی هەرێمەکان هەست بە ئاسوودەیی و ئاسایش بکەن کە ئێستا ئەوە لە ناوچە کوردییەکاندا بەدیدەکەین. بەڵام ئەگەر عێراق دابەشبکرێت و وڵاتەکە پارچە پارچە بکرێت ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ کێشەیەکی نێودەوڵەتی. لە ڕاستییدا کێشەییەکی دیکە هەیە کە دەبێت ڕەچاو بکرێت کە بریتییە لە کێشەی دابەشکردنی سەرچاوەو داهاتەکانی نەوت. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی عێراق لە ڤێتنام جیاوازە و یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی ئەمەریکا ئامادەییەکی کەمتری هەیە بۆ بەجێهێشتن وکشانەوە لە عێراق وەك ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٣دا لە ڤێتنام پێی هەستا بریتییە لە بوونی نەوت و نەوت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە عێراقدا دابەشنەکراوە، بە تایبەتی کە تا ئێستاش هەستێکی هاوبەشی ئاوێتەبوون لە ناو عێراقییەکاندا هەیە، لەبەر ئەوە کێشەی ئەوە دروستدەبێت کە کێ دەبێتە خاوەنی نەوتی عێراق و ئەگەر بمانەوێت لە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا سەرکەوتوبین، ئەوا نەوت ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێت لەو بوارەدا، لەبەر ئەوە من دابەشکردن بە ڕێگاچارەی یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە نازانم و سەرەڕای هەموو ئەو خوێنانەی ڕژاون و سەرەڕای هەموو ئەو تیرۆرو کوشتارەی کە ڕوودەدەن و ئەو خەڵکانەی کە ئاوارەدەبن و وڵاتەکە بەجێدەهێڵن ئەوا من لەو باوەڕەدانییم کە دابەشکردن ڕێگاچارەیەکی ئاسان بێت تا بگیرێتەبەر بە تایبەتی لە ناوەڕاستی عێراقدا، ئەگەر لەو ناوچەیەشدا ئەم ڕێگاچارەیە پیادەکرا ئەوا دەبێت هەستیاری و نیگەرانی دەوڵەتە دراوسێکان لەبەرچاوبگرێت و کێشەی دابەشکردنی سەرچاوە و داهاتەکانی نەوت یەکلابکرێنەوە.

## فیدرالیزم هۆکاریکە بۆ مانەوەی عێراق بە یەکگرتوویی

*** ئایا لەو باوەڕەدایت کە چەسپاندنی سیستمی فیدراڵەییەت هۆکارێکە بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی؟**

لە ڕاستییدا من پێم وایە ئەو مەسەلەیە بۆ حکومەتی عێراقی و بۆ عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە گەر بیانەوێت وڵاتەکە بە یەکگرتووی و یەکپارچەیی بمێنێتەوە، من وای بۆ دەچم دەبێت خەڵکی وڵاتەکە ئەو مەسەلەیە یەکلابکاتەوە من پێم وایە هۆکاری ئەو مشت و مڕانەی ئێستا لە ناوچەکەدا دەکرێت لە بەشێکییدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزە دەرەکییەکان هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن و نیگەرانن لەوەی ئەوەی حاڵی حازرلە عێراقدا ڕوودەدات ڕەنگە سەربکێشێت بۆ بارودۆخێکی هاوشێوەی ڤێتنام یاخود لوبنانی ساڵانی هەشتاکان، کە هێزە دەرەکییەکان لەبەرامبەر ئەوەدا هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن، بەڵام ئەوان ناتوانن چارەسەرێك بۆ بارودۆخەکە بەدیبهێنن لەبەرئەوەی وڵاتی خۆیان نییە، دەبێت خەڵکی وڵاتەکە بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو

●●●
**ئەگەر لە مەسەلەی دابەشبوونی عێراق بڕوانییت ئەوا ناکرێت بارودۆخەکە بە یوگسلافیای پێشوو یاخود باکووری ئێرلەندا بەراوردبکەیت**
●●●

●●●
**یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی عێراق لە ڤێتنام جیاوازە و یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی ئەمەریکا ئامادەییەکی کەمتری هەیە بۆ بەجێهێشتن وکشانەوە لە عێراق وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٣دا لە ڤێتنام پێی هەستا بریتییە لە بوونی نەوت و نەوت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە عێراقدا دابەشنەکراوە**
●●●

**من هیوایەکی زۆرم بەو کەسایەتییانە نییە کە ئێستا لە حکومەتی عێراقدا کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن**

**کشاندنەوەی ئەمەریکا لە بەغدا ڕەنگە دەرئەنجامی کارەساتاوی لێبکەوێتەوە**

یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە. من هیوایەکی زۆرم بەو کەسایەتییانە نییە کە ئێستا لە حکومەتی عێراقدا کاروبارەکان بەڕێوەدەبەن، من پێم وایە ناڕازیبوونێکی زۆر هەیە لە ناو خەڵکانی عێراقدا لەبەر ئەوەی پێشکەوتنێکی بەرچاو هەستپێناکرێت و من پێم وایە ئەو نارەزایبونە ڕاست و ڕەوایە لەبەرئەوەی ئەم خەڵکە ڕووبەڕوی کێشەیەکی زۆر دەبنەوە کە ڕەنگە چیتر بەرگەی نەگرن. من لەو باوەڕەدام بۆ ڕەواندنەوەی ئەم ناڕازیبوونە دەبێت پێشکەوتنێکی بەرچاو و هەستپێکراو لە دوو بواردا بهێنرێتەدی. یەکێکیان بە دڵنیاییەوە بریتییە لە چەسپاندنی سەقامگیری و دابینکردنی ئاسایش بە شێوەیەك خەڵکی هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکات و هەڕەشە و مەترسی کوشتنی لەسەر نەمێنێت لە لایەن میلیشیاکانەوە، واتە چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکانی بواری دابینکردنی ئاسایش و ئارامی. دوهەمیان بریتییە لە بەدیهێنانی پێشکەوتنی ئابووری، لە بنەڕەتدا عێراق وڵاتێکی هەژار نییە، بەڵام ئەم بارودۆخە سەخت و ئاڵۆزە خەڵکی ناچاردەکات کە بڵێن سەردەمی سەددام بارودۆخەکە باشتر بو لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا بە لای کەمەوە دەمانتوانی هاوتوچۆی زانکۆکان بکەین و بە سەر شەقامەکاندا پیاسە بکەین، و ڕاستە سەددام دیکتاتۆر بوو و دڵڕەق و دڕندە بوو، بەڵام بارودۆخە ئابورییەکە ئەوەندە خراپ نەبوو و ئێستا هێزەکانی هاوپەیمانان هاتوون و حکومەتێکی نوێی عێراقی دروستبووە کە ئەوە رادەگەیەنن ئێمە ئاشتی و ئارامیتان بۆ دەستەبەردەکەین و ئێمە لەم دوو بوارەدا زۆر لە سەددام باشتردەبین واتە لە بواری ئابووری و ئاسایشدا، بەڵام بە داخەوە بارودۆخەکە لەم دوو بوارەدا زۆر زۆر خراپە و هۆکاری ئەو خراپییەش لە ڕاستییدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوژمنەکانی ئەمەریکا هەموو هەوڵێکیان خستۆتەگەڕ بۆ ئاڵۆزکردنی بارو دۆخی ئاسایش و ڕاگرتنی ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری، بە هۆی تەقاندنەوەی بۆریە نەوتییەکان و ناچارکردنی ئەندازیاران تاوەکو وڵاتەك جێبهێڵن ئەویش لە ڕێی چاندنی ترس و تۆقاندن و پیادەکردنی تیرۆر و کوشتنی خەڵکانی سەر شەقامەکانەوە. لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە ئاسان نییە لەم دوو بوارەدا سەرکوتوبییت ئەگەر دوژمن و بەرهەڵستکارەکانت هەوڵی تێکدانی سەقامگیری و شێواندنی باری ئاسایش بدەن. بە دڵنیاییەوە سەددام ڕێگەیەکی زۆر توندوتیژو دڵڕەقانەی دژی ئەم کەسانە دەگرتە بەر زۆر گوێی نەدەدا بەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن چییان لەو بارەوە دەووت کاتێك هەڵدەستا بە سەرکوتکردنی ئەم خەڵکانە. بەڵام ئەگەر حکومەتی ئێستای عێراق ئەم ڕێگا چارە توندوتیژانە بگرێتە بەر ئەوا تۆمەتی پیادەکردنی سیاسەتی تائیفی دەدرێتە پاڵ و بەوە تۆمەتباردەکرێت کە سوننەکان دەکوژێت. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە بۆ حکومەتێك کە شیعەکان زاڵن تیایدا ئەم ڕێ و شۆێنە سەرکوتکارییانە بگرێتەبەر یاخیبووان لە ناوببات بە بێ ئەوەی وا دەربکەوێت کە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی شیعە دەدات. بە دڵنیاییەوە سەددام ئەم کارانەی ئەنجام دەدا بە بێ ئەوەی سڵبکاتەوە لەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن چی لەوبارەیەوە دەڵێن. بەڵام ئێستا هەر شتێك ڕوبدات و حکومەت بە هەر کردارێکی سەرکوتکاری هەڵبستێت ئەوا دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە جیهاندا پەخشی دەکەن و بڵاویدەکەنەوە، لەبەر ئەوە تا دوا ڕادە زەحمەتە بۆ حکومەتی ئێستای عێراق کە ئاسایش و ئارامی بەرقەرار بکات. بەڵام هەندێك بەرەوپێشچونیش بەدەستهاتوون بۆ نموونە لە پارێزگای ئەنباردا توندنوتیژی بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمبۆتەوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوانەکردنی هێزی زیاتری وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەو پارێزگایە بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەم هێزانە بۆ هەتا هەتایە نامێننەوە. بەڵام گەر لە تێکڕای عێراق بڕوانییت، ئەوا ئەوە بەدیدەکەیت کە لە عێراقدا تاکتیکە تەقلیدییەکانی جەنگ پیادە دەکرێت کاتێك تۆ بەرەوپێشەوە دەچییت دوژمن پاشەکشە دەکات و لە لایەکی دەیکەوە هێرش و پەلامار دەهێنێت، لەبەر ئەوە زۆر زۆر زەحمەتە کە بتوانییت یاخیبووان ریشەکێشبکەیت کاتێك ئەوان لە ناو دانیشتوانە مەدەنییەکەدا پەرش و بڵاو دەبنەوە لە هەل و دەرفەتێکی لەبار دەگەڕێن بۆ ئەوەی دووبارە هێرشەکانییان دەستپێبکەنەوە.

## تائیستاش دیموکرات و کۆمارییەکان هەوڵدەدەن عێراق کارتی هەڵبژاردن بێت

*** عێراق بۆتە کارتێکی گرنگ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەم بۆ دیموکراتەکان و هەم بۆ کۆمارییەکان، ئەگەر عێراق لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کرایە قوربانی، ئایا ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن دەبێت؟**

- شەڕە دەرەکییەکان زۆر بە قورسی کەوتونەتە ژێر کاریگەری هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاوە، حاڵەتە کلاسیکییەکە بریتییە لە ڤێتنام کە دەتوانیین بە ڕوونی ئەم کاریگەری و ڕەنگدانەوەیە هەست پێبکەین. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئێستا دیموکرات و کۆماریخوازەکان هەوڵدەدەن هەڵوێستی خۆیان یەکلابکەنەوە و شەڕەکە بکەنە کارتێك لە هەڵبژاردنەکاندا. دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەمە جێی نیگەرانییە و ئەگەر لە ساڵێك بەر لە ئێستا بڕوانیین ئەو کاتە بارودۆخەکە جێی نائومێدییەکی گەورە بوو و ئەمەریکییەکان لەوەدا بوون پاشەکشە بکەن، بەڵام ئێستا پێدەچێت ئەو سیاسەتەی ئیدارەی سەرۆك بۆش پیادەی دەکات تا ئاستێکی دیاریکراو سەرکەوتنی بەستهێنابێت. بەڵام نابێت پێشبینی کشانەوەیەکی خێرا بکەن وەك دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا. لەم دواییانەدا هەندێك گۆڕانمان لەبەریتانیادا بەدیکرد ئەویش گرتنەدەستی دەسەڵات بوو لە لایەن گۆردن براونەوە لە تۆنی بلێر نەك بە شێوەی هەڵبژاردن. کارێکی پڕبایەخ دەبێت گەر وەك ئاماژەیەکی بچوکی لەم گۆڕانە بڕوانین کاتێك گۆردن براون بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی بەریتانیای دەرکرد لە ناو شاری بەسرەوە بۆ فڕۆکەخانەی ئەو شارە. کە ئەو کشاندنەوەیە نەبووە هۆی هەڵکشانی توندوتیژی و کوشتار لە بەسرەدا. ڕەنگە ئەمە ئەو بیرۆکەیە بسەلمێنێت کە هێزە داگیرکەرەکان زیاتر دەبنە ئامانجی هێرش و پەلامارەکان، لەبەر ئەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە شارەکەدا نەماون، ئەوا ڕەنگە خەڵکەکە ناچاربن کە بگەنە ڕێککەوتنێك لە ناو خۆیاندا و ڕێگاچارەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانییان بدۆزنەوە. بەڵام پەیڕەوکردنی ئەم بیرۆکەیە بە سەر بەغدادا زۆر زەحمەتە، لەبەر ئەوەی بەسرە بە شێوەیەکی گشتی دانیشتوانەکەی شیعەن بە پێچەوانەی بەغداوە کە خەڵکەکەی هەمەچشن و جیاوازن. کشاندنەوەی ئەمەریکا لە بەغدا ڕەنگە

دەرئەنجامی کارەساتاوی لێبکەوێتەوە. بەڵام ڕەنگە گۆڕانێکی کەم و بچوك لە سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکاندا ڕووبدات و ڕەنگە ژمارەیەك لە هێزەکان لەسەر ی ساڵدا بگەڕێنەوە بۆ ولاتەکە و دەبێت ئەمە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە گەڵ عێراقییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت و بە ماوەیەکی دوورودرێژ جێبەجێبکرێت لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە یەکجار سەختە و ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی زۆر گەورە بۆ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی هەمیشە ئەمەریکا بەوە تۆمەتبار کراوە کە پشوودرێژنییە و دەیەوێت لە ماوەی چەند مانگێکدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و بکشێتەوە، بەڵام ئێستا ئەمەریکا نزیکەی پێنج ساڵە لە عێراقدا ماوەتەوە. من ئەو کاریگەرییانە بەکەم ناگرم کە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لەسەر سیاسەتی ئەم ولاتە هەیەتی لە عێراقدا. تەنانەت ئەگەر کۆماریخوازەکان سەرۆکایەتی بگرنە دەست ئەوا لە ڕووی لۆجستییەوە تواناکانی سنووردار دەبێت لەبەر ئەوەی ناتوانن هەتا سەر ئەو هێزانە لە ولاتەکەدا بهێڵنەوە و ئەگەر دیموکراتەکان سەرۆکایەتی بگرنە دەست ئەوا ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە و تۆمەتی ئەوەیان دەخرێتە پاڵ کە نیشتمانپەروەر نین و ئەگەر لەوە بڕوانیت کە چ سەرۆکێك کێشەی شەڕی ڤێتنامی چارەسەر کرد ئەوا ئەو سەرۆکە دیموکراتی نەبوو، بەڵکو سەرۆکێکی کۆماری بوو کە سەرۆك نیکسۆن بوو و لە گەڵ چین و ڕوسیادا دانوستاندنی کردو هێزە سەربازییەکانی کشاندەوە.

**هەندێک پێشنیاری ئەوە دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق دەبێت لە ئێران و سوریا بدرێت**

***ئێستا ڕوونە کە دەستێوەردانێکی زۆر هەیە لە لایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا، بە تایبەتی لە لایەن ئێران و سوریا و سعودیەوە ئایا بە چ شێوەیەك ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت ئەم دەستێوەردانە سنووردار بکات؟**

-یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی موحافیزکارە نوێیەکان لە ئەمەریکا تا ڕادەیەك باڵادەستن بریتییە لە بیرۆکەی تەوەری شەڕ و ئێستاش هەندێکیان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق دەبێت ئێران و سوریا داگیربکرێن و بۆردومانبکرێن لەبەر ئەوەی دەستێوەردانی ئەم دوو ولاتە هۆکاری کێشە و قەیرانەکانی عێراقن، بە تایبەتی ئێران بەڵام ژمارەی ئەم کەسانە کەمن و بیرو باوەڕەکانیان بیرو باوەڕی باڵادەست و زاڵ نین. مەگەر ئێران کارێکی هەڵەشە ئەنجام بدات. نائومێدی و توڕەبوونێکی زۆر هەیە لە ناو بڕیاربەدەستانی ئەمەریکادا بەرامبەر بە ئێران لەبەر ئەوەی ئێران شەڕێکی بەوەکالەتی لە عێراقدا هەڵگیرساندووە و ئیسرائیلیش هەست دەکات کە ئێران لە غەزەو لوبناندا شەڕێکی بەوەکالەتی هەڵگیرساندووە لە دژی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل. من پێم وایە کە زۆر زەحمەتە دەستێوەردانی ئەم ولاتانە لە عێراقدا بوەستێنرێت لەبەر ئەوەی ئێران و سوریا بەرژەوەندی ڕەوایان لە عێراقدا هەیە و نیگەرانن لەو قەیران و تەنگژەیەی لە ناوچەکە و لە نزیك سنوورەکانییاندا هەیە و ئەوان لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانیانن و ئەگەر لە کێشەی ناووکی لە ئێراندا بڕوانیین ئەوا بەدەستهێنانی چەکی ناووکی لە لایەن ئێرانەوە بە هیچ شێوەیەك قبوڵناکرێت لەبەر ئەوەی سروشتی ڕژێمەکە بە شێوەیەکە کە ناکرێت متمانەی ئەوەی پێبکرێت خاوەنی چەکی ناووکی بێت، هەروەها لەبەر کاریگەری توندڕەوەی ئیسلامی کە لە ولاتەکەدا باڵادەست و بڕیاربەدەستن. بەڵام گەر لە گۆشەنیگای ئێرانییەکانەوە بڕوانییت ئەوا ئەوان ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوە کە هەردوو ولاتی دراوسێیان عێراق و ئەفغانستان لە لایەن ئەمەریکاوە داگیرکران کە چەکی ناووکیان نەبوو تاوەکو بەرگری لە خۆیان بکەن و ئێستا بارودۆخی ئەو دوو ولاتە لەوپەڕی ئاڵۆزی و پشێویدایە. یەکێك لە کاردانەوەکان ئەوەیە کە با چەکی ناووکی بەدەستبهێنین لەبەر ئەوەی بە لای کەمەوە ئەمەریکا هێرشی نەکردۆتەوە سەرکۆریای باکوور لەبەر ئەوەی کۆریای باکوور لە ڕووی بەدەستهێنانی چەکی ناوکییەوە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بە خۆوە بینییەوە، کەواتە بارودۆخەکە زۆر سەختە لەبەرئەوەی هەردوولا تا ڕادەیەك لەسەر حەقن و ڕەنگە بۆردومانێکی سنووورداری ئێران ببینین لە چەشنی ئەوەی ئیسرائیل بەم دواییانە لە دژی سوریا ئەنجامیدا. کە ڕەنگە ئاماژەی ئەوە بێت کە ئەگەر پێویستکات ئەوا دوودڵ نابێت لەوەی هێرشێکی هاوشێوە لە دژی ئێران ئەنجامبدات و من پێم وایە ئەوەی لە هەشتاکان و نەوەتەکاندا لەگەڵ لیبیادا پیادەکرا ڕەنگە ببێتە مۆدێلێك لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە لەبەرامبەر ئەو کردەوە تیرۆریستییانەی ولاتی لیبیا پێی هەڵسا ولاتەکە کەوتە بەر شاڵاوی بۆردومانکردنێکی سنووردار کە دواتر سەرۆك قەزافی درکی بەو ڕاستییە کرد کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وا باشترە خۆی لەگەڵ داواکارییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا بگونجێنێت کە دواتر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیی دەربڕی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ لیبیادا. کە ئەمەش سەرکەوتنی سیاسەتی سزاو پاداشتی سەلماند. ڕەنگە بیرو بۆچوونێکی ڕاست و دروستنەبێت گەر پێشبینی ئەوە بکەین ئێران بە هەموو مەرجەکانی ئەمەریکا ڕازیبێت و بە تەواوەتی خۆی بەدەستەوە دەدات و ڕەنگە کارێکی ژیرانە نەبێت پێشبینی ئەوە بکەین کە ولاتی ئێران زۆر لاوازە و ڕوخاندنی ڕژێمەکە و چەسپاندنی سیستمێکی دیموکراتی کارێکی بێکێشەو گرفتە و دەکرێت بە ئاسانی ئەنجامبدرێت هەروەك ئەوەی ئەمەریکییەکان لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەو بیرۆکەیەیان بەرامبەر عێراق هەبوو واتە ڕژێمی سەددام دەڕوخێنن ولاتەکە ڕزگاردەکەن و عێراق دەکەنە ولاتێکی دیموکراسی و سەقامگیر و ئەوان بۆ ولاتەکەیان دەگەڕێنەوە. واتە مەسەلەکە مەسەلەی دارشتنی سیاسەتێکی تۆکمەی سزاو پاداشتە کە ڕەنگە بەکارهێنانی هێزی سەربازیش لە خۆبگرێت و سوود لە لاوازییەکانی هەردوو ڕژێمی ئێرانی و سوری وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئەم دوو ولاتە ناچار بکرێن هەڵوێست و ڕەفتاری خۆیان بگۆڕن و دەکرێت دەرئەنجامێکی هەبێت. لەبەر ئەوە من پێم وایە ڕەنگە گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی دیبلۆماسی و پیشاندانی ئامادەباشی بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە هەردوو لایەنەوە هەم لە لایەن ئەمەریکا و هەم لە لایەن ئێرانەوە درێژەی هەبێت کە ئێرانییەکان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناووکی دەیانەوێت بەرپەرچی ولاتە یەکگرتووەکان بدەنەوە و من پێم وایە ناتوانرێت بە تەواوەتی دەستێوەردانی سوریا و ئێران سنووردارکرێت لە عێراقدا لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی ڕەوایان لە عێراقدا هەیە و ئەگەر دڵنیانەکرێنەوە ئەوا ناکرێت پێشبینی ئەوە بکەین ئەم دوو ولاتە دەست لە دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی عێراق هەڵبگرن.

**ئەگەر لەوە بڕوانیت کە چ سەرۆکێک کێشەی شەڕی ڤێتنامی چارەسەر کرد ئەوا ئەو سەرۆکە دیموکراتی نەبوو، بەڵکو سەرۆکێکی کۆماری بوو کە سەرۆک نیکسۆن بوو و لەگەڵ چین و ڕوسیادا دانوستاندنی کردو هێزە سەربازییەکانی کشاندەوە**

**ئێران شەڕێکی بەوەکالەتی لە عێراقدا هەڵگیرساندووە**

**پرۆفیسۆر ئالون بن مایر شرۆڤەگەری سیاسی لە زانکۆی نیۆیۆرک بۆ گوڵان:**



# فیدرالیزم دەبێتە چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەی عێراق

■ پرۆفیسۆر ئالون بن مایر ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی نیویۆرك و بەڕێوەبەری ئامۆژگای سیاسەتی جیهانییە لە زانکۆی نیویۆرك.

بن مایر لە ساڵی ١٩٣٧ لە بەغدا لەدایك بووە و لە ساڵی (١٩٦٠)ەوە لە ئەمەریکایە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەکادیمێتێکی شارەزایە، کاری نووسینی لە زۆربەی رۆژنامەکانی جیهان و رۆژنامەکانی میسر و تورکیا هەیە و ئێستا هەفتانە بۆ هەفتەنامەی تورکیش ویکلی دەنووسێت و چەندین کتێبی بە ناوبانگی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە لەوانە:

-١ئەو شەڕەی پێویستە بیبەینەوە

-٢ ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست: سەپاندن یان ئارەزوومەندانە

-٣ دوایین رێگەچارە

-٤ بەرنامەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئەمە بێجگە لە چەندین کتێب و دیراساتی دیکە کە لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوی کردۆتەوە، بەردەوامیش نووسینەکان لە واشنتۆن تایمز و یونایتد پریس ئەنتەرناشناڵ و ئەهرام ویکلی و تورکیش ویکلی بڵاو دەکاتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر ئالون بن مایر کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە: ■

## پێویستە un ڕۆڵی لە عێراقدا زیاتر بێت

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵدانە بۆ فراوانکردنی ڕۆڵی لە عێراق، ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە توانایدایە میکانیزمێك بدۆزێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق؟**

- بە بڕوای من، نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەرانە ببینێت لە عێراق. هەروەها پێویستە لەسەر ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕێگای پێ بدات بۆ ئەوەی بە هەندێ دەسەڵاتەوە بتوانێت لە عێراق چالاك بێت. نەتەوەیەکگرتووەکان شارەزاییەکی زۆری هەیە لە بواری بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی گواستنەوەن، بۆیە پێویستە ڕۆڵی هەبێت لە عێراق.

## فیدرالیزم چارەی کێشەی عێراق دەکات

*** ئێستا کۆنگرێس، پلانەکەی سیناتۆر (جۆزێف بایدن)ی پەسەندکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق، ئایا تۆ لەو بڕوایەدای ئەو بەرنامەیە پاڵپشتیی لێ بکرێت لە لایەنی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا؟**

- نەخێر، من لەو بڕوایەدا نیم کە ئیدارەی سەرۆك بۆش بتوانێت پشتگیریی پلانەکەی (بایدن) بکات بۆ دابەشکردنی عێراق. من بەش بە حاڵی خۆم، بڕوام وایە کە دابەشکردنی عێراق لەگەڵ هەندێ فیدراڵییەتی نەرم لەوانەیە ببێتە چارەسەرێکی کۆتایی بۆ کێشەکانی عێراق. پێویستە سوننەکان لەو بڕوایەدا بن کە لە توانایاندا هەیە کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن بەو شێوەیەی کە دەزانن بۆیان باشە، هەروەها لەتوانایاندا دەبێت حوکمڕانیی هەرسێ (٣) پارێزگاکانیان بکەن . لێرەش ئەوەی کە زۆر گرنگە، بوونی یاسایەك بۆ نەوت بۆ گرەنتی کردنی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت بەشێوەیەکی دروست و عەدالەتی.

*** بەبێ هاوکاری و پشتگیریی وڵاتانی دراوسێ عێراق ناتوانێت باری ئێستای چارەسەربکات. بۆیە، لەجیاتی دەستێوەردانە نێگەتیفەکەیان لە کاروباری عێراق پێویستە لەسەریان هاوکاری بکەن بۆ سەقامگیری و ئارامی لە عێراق. بە ڕای تۆ، وڵاتانی دراوسێی، بە تایبەتی سوریاو تورکیاو ئێران و عەرەبستانی سعودیە چۆن دەتوانن ببنە مایەی یارمەتی و هاوکاری لە پرۆسەی سیاسی عێراق؟**

- ئەوە مایەی گفتوگۆکردن نییە . هاوکاریکردنی وڵاتانی دراوسێ زۆر گرنگە، بە تایبەتی ئێران و سوریا بەڵام بۆ وەدی هێنانی ئەو ئامانجە، پێویستە لەسەر ئیدارەی سەرۆك بۆش دیالۆگی ڕاستەوخۆ دروست بکات لەگەڵ دیمەشق و تەهران . بەڵام تاکو ئەو کارە ئەنجام نەدرێت، ئەوە دڵنیابە کە ئەم دوو وڵاتە ڕێگردەبن بەرامبەر هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق.

## ئەگەر پێکهاتنەوە نەبێت، دابەشکردن باشترین چارەسەرە

*** کێشەی عێراق کێشەیەکی سیاسییە، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جەخت دەکاتەوە سەر ستراتیژییەتی سەربازی. بە ڕای تۆ، هەستان بە ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دەکرێت میکانیزمێکی لێ دەرکەوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق؟**

- من بڕواناکەم کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بتوانێت هاوکار بێت . یەکەم هۆکار: پێویستە لەسەر ئیدارەی سەرۆك بۆش ئەو ڕاستییە قبووڵ بکات کە ڕێگاچارەی سەربازی چارەسەر نییە بۆ کێشەکانی عێراق. بەڵام تاکو حکوومەتی مالکی نەتوانێت ناکۆکیی کۆمەڵگای سوننەکان چاك بکاتەوە ئەوە دابەشکردنی عێراق دەبێتە باشترین چارەسەر، بەڵام ئەم کارە بە ڕێگاچارە سیاسییەکان ئەنجام دەدرێن.

## ئەگەر ئەزموونی کوردستان پیادە بکرێت عێراق سەقامگیر دەبێت

*** هەموو پارچەکانی عێراق ناسەقامگیر نییە، هەرێمی کوردستانی عێراق پارچەیەکی ئارام و سەقامگیرە لە عێراق و هەنگاوێك دەنێت بەرەو دیموکراسییەت و بونیادنانەوە لەسەر بنەمای بازاڕی ئازادو ئابوورییەکی لیبراڵی . بۆیە، بۆ ئەزموونی ئەم هەرێمە بەکارناهێنرێت بۆ سوودمەندکردنی پارچەکانی تری عێراق؟**

- مەبەستی قسەکانمان لێرەیە، هەرێمی کوردستانی عێراق دەتوانێت کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات بەو شێوەیەی کە بە باشی دەزانێت. لە ڕاستیدا، هەرێمی کوردستانی عێراق وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت دەکات. بەڵام کاتێك کۆمەڵگای سوننەو شیعەکان هەستن بە پیادەکردنی هەمان ئەزموون و هەمان ڕێباز بگرنەبەر، ئەوە توندوتیژی کۆتایی پێ دێت و پێشکەوتنی ئابووری لە هەموو لایەکەوە ڕوو دەدات.

## ئەمجارە ئەمەریکا دژی ئێران سەرکەوتوو دەبێت

*** ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵ دەدات ئێران بخاتە ژێر گوشارێکی نێودەوڵەتی، ئەویش لە ڕێگای تۆمەتبارکردنی ئێران بە پابەندنەبوونی بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر ڕاگرتنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی . ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت لەم هەنگاوە؟**

- من بڕوام وایە کە ئەمجارەیان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرکەوتوو دەبێت چونکە سەرۆك (ئەحمەدی نەژاد) لە وتارەکەیدا زەخیرەیەکی باشی بەخشی بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕێگرتن لە هەموو ڕێگاچارە سیاسییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. سەرەڕای ئەمەش، ئێستا فەرەنسا لە پێشتر زیاتر هەڵوێستی وەرگرتووە، هەروەها هەر یەك لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئەورووپا هەوڵی زیاتر دەدەن بۆ خستنی گوشار لەسەر ئێران بە ڕەزامەندی یان بەبێ ڕەزامەندیی نەتەوەیەکگرتووەکان.

## دەبێ ئێران وا بکات ئەمەریکا ناچار نەبێت هێرش بکات

*** هەندێ لە چاودێران لەو بڕوایەدان کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئێران دووچاری جەنگی سەربازی دەبنەوە لەگەڵ یەکتری، یان ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵ دەدات هێرش بکاتە سەر ئێران بۆیە، ئەگەرەکانی ئەم بڕوایانە چین؟ ئەم بیروڕایانە تاچەند ڕاستن؟**

- بەڕای من، شتێکی هەڵەیە ڕێگاچارەی سەربازی بەکاربهێنرێت، چونکە ئەمڕۆ یان سبەی دەبێت ئێران دووچاری ئەم ئەگەرە ببێتەوە . گەر ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێرش نەکاتە سەر ئێران (ئەویش لە حاڵەتێك کە ئێران بەردەوام بێت لە تەحەددکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی) و بکاتە خاڵێك کە مەجالی گەڕانەوەی نەبێت لە پرۆگرامی پیتاندنی چەکی ئەتۆمی، ئەوە لەوانەیە ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر ئێران . ڕێگاچارەی ئاسان نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، من هیوادارم ئێرانییەکان هەوڵبدەن کە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ئیسرائیل ناچارنەکەن هێرش بکەنە سەر ئێران.

*** هەندێ لە چاودێران و پسپۆڕان دڵنین ئێران مافی هەیە ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، چونکە هەندێ لە وڵاتەکانی دەوروبەر چەکی ئەتۆمییان هەیە، وەکو هندو پاکستان و ئیسرائیل . بۆیە، بۆ ئەم وڵاتانە چەکی ئەتۆمییان هەبێت و ئێران نەیبێت؟**

- لەبەر یەك هۆکاری بچووك. ئەو وڵاتانەی کە باست کرد هیچ کامیان مایەی هەڕەشە نین بۆ وڵاتانی تر، بەڵام ئێران مایەی هەڕەشەیە لەچەند بۆنەیەکدا، سەرۆکی ئێران ڕایگەیاندووە کە ئیسرائیل پێویستە لەسەر زەوی بسڕێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئێران چاودێری و پاڵپشتیی گرووپە تیرۆریستییەکان دەکات . تۆ ناتوانیت متمانە بکەیتە وڵاتێکی وەکو ئێران کە ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.

●●●

**نەتەوەیەکگرتووەکان شارەزاییەکی زۆری هەیە لە بواری بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی گواستنەوەن، بۆیە پێویستە ڕۆڵی هەبێت لە عێراق**

●●●

●●●


**ئێران مایەی هەڕەشەیە لەچەند بۆنەیەکدا، سەرۆکی ئێران ڕایگەیاندووە کە ئیسرائیل پێویستە لەسەر زەوی بسڕێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، ئێران چاودێری و پاڵپشتیی گرووپە تیرۆریستییەکان دەکات تۆ ناتوانیت متمانە بکەیتە وڵاتێکی وەکو ئێران کە ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی**

●●●

●●●

**تاکو حکوومەتی مالکی نەتوانێت ناکۆکیی کۆمەڵگای سوننەکان چاك بکاتەوە ئەوە دابەشکردنی عێراق دەبێتە باشترین چارەسەر، بەڵام ئەم کارە بە ڕێگاچارە سیاسییەکان ئەنجام دەدرێن**

●●●



پرۆفیسۆر ئیدوارد گرینبێرگ لە زانکۆی کۆلارادۆ بۆ گوڵان:

# لەوانەیە ئەمن پلانەی بایرن دواین چارەسەر بێت بۆ کێشەی عێراق

■ پرۆفیسۆر ئیدوارد گرینبێرگ بەڕێوەبەری پرۆگرامی توێژینەوەی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانە لە زانکۆی کۆلارادۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لە شیکاری سیاسی تەنگژە نێودەوڵەتییەکان و چەندین دیراسات و توێژینەوەی لەو بوارەدا هەیە لەوانە، شەڕ و ئاکامەکانی پەندێك لە تەنگژەکانی کەنداو و فارس هەروەها کتێبێکی دیکەی بەناونیشانی گۆڕانکاری لە دەوڵەتە و کتێبێکی دیکەش بەناونیشانی سیستەمی سیاسەتی ئەمەریکایە.
بۆ هەڵسەنگاندنی باری سیاسی ئەمڕۆی عێراق و پێشنیاری کۆنگرێس بۆ فیدرالیزمە کردنی عێراق پەیوەندی بە پرۆفیسۆر گرینبێرگ کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: ■

**ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریکراو دەبێت**

*** نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات بە سەنگێکی قورسەوە بێتەوە ناو کێشەی عێراق و دەیەوێت ڕۆڵیکی کارا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بگێرێت ئایا لەم قۆناخە هەستیارەدا نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێریت؟**

نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکراوی دەستی هێزە گەورەکانە. بە بێ ڕەزامەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکێتیی ئەورووپاو چین و ڕووسیا زۆر زەحمەتە نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت لە عێراق ڕۆڵێکی بونیادنەرو کاریگەرانە ببینێت. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە سەرۆك بۆش پابەندە بەو سیاسەتە نوێیەی کە ئێستا پیرەوی کردووە و زۆر زەحمەتە بیگۆڕێت. چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مافی ڤیتۆی هەیە لە ئەنجوومەنی ئاسایش، بۆیە هیچ کارێك و چالاکیەك ئەنجام نادرێت لە کاتی سەرۆکایەتییەکەی. بەڵام مایەی سەرسوڕمان نابێت، گەر سەرۆکی داهاتوو هەستێت بە بەکارهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی کەئێستا لەعێراقدا تێی کەوتووە.

**لەوانەیە ئەم پلانەی بایدن دوایین ڕێگە چارە بێت**

*** دوای ئەوەی ئەنجوومەنی سەنات لە کۆنگریس پلانەکەی بایدنی بۆ پیادەکردنی فیدرالیزم لە عێراق پەسەند کرد ئێستا جیهان چاوەڕێی پشتگیری ئیدارەی ئەمریکا دەکات ئایا تۆ**

**پێتوایە سەرۆک بۆش پشتگیری لەو دەنگدانەی سەنات بکات ؟**

- سەرۆك بۆش لەسەر بڕیاری خۆی ماوە. هەروەها لەسەر سیاسەتە نوێیەکەی خۆی دەمێنێتەوە تاکو کۆتایی هاتنی نۆرەی سەرۆکایەتییەکەی. دیموکراتەکان دەنگی زۆریان نییە لە کۆنگرێس، هەروەها کۆمارییەکان پاڵپشتی لە سەرۆك بۆش دەکەن، بۆیە دیموکراتەکان ناتوانن سەرۆك بۆش ناچاربکەن لەسەر شتێك کە بە خواستی نەبێت.

بەهەرحاڵ، لەوانەیە پلانەکەی (بایدن) دوا ڕێگاچارە بێت، تەنانەت گەر توندوتیژی تایفەگەری بەردەوام بێت و هاوڵاتییەکان بەردەوام بن لە هەڵاتن بۆ شوێنی ئارامتر لە وڵاتانی دراوسێ.

**هاوسێکانی عیراق حەزناکەن ئەمریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت**

*** بە بێ هاوکاری و پشتگیریی وڵاتانی دراوسێ عێراق ناتوانێت باری ئێستای چارەسەربکات. بۆیە، لەجیاتی دەستێوەردانە نێگەتیڤەکەیان لە کاروباری عێراق پێویستە لەسەریان هاوکاری بکەن بۆ سەقامگیری و ئارامی لە عێراق. بە ڕای تۆ، وڵاتانی دراوسێی، بە تایبەتی سوریاو تورکیاو ئێران و عەرەبستانی سعودیە چۆن دەتوانن ببنە مایەی یارمەتی و هاوکاری لە پرۆسەی سیاسی عێراق؟**

- هەرچەندە ئەو وڵاتانە پرۆتستۆی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە وڵاتەکە، بەڵام هەر وڵاتێك بەرژەوەندییەکی هەیە لە عێراق. هەر یەك لەو وڵاتانە هەڵدەستن بە دابینکردنی پارەو چەك بۆ گرووپ و لایەنگرەکانیان لە عێراق. هیچ کۆدەنگییەك نییە لە نێوانیان بۆ دەرئەنجامێك یان بۆ چارەسەرێك. بە بڕوای من، هەر یەکێکیان زۆر حەز دەکات ئەمەریکا سەرکەوتوو نەبێت، بۆیەش حەزیان لە ئاژاوەی بەردەوامە لە عێراق.

**پارچەکانی دیکەی عیراق ناتوانن وەک هەرێمی کوردستان خۆیان بەڕێوەببەن**

***هەموو پارچەکانی عێراق ناسەقامگیر نییە، هەرێمی کوردستانی عێراق پارچەیەکی ئارام و سەقامگیرە لە عێراق و هەنگاوێك دەنێت بەرەو دیموکراسییەت و بونیادنانەوە لەسەر بنەمای بازاڕی ئازادو ئابوورییەکی لیبراڵی. ئایا پێتوانیە ئەگەر ئەزموونی کوردستان( بونیادی هەرێمە فیدرالیەکان) پیادە بکرێت ناوچەکانی دیکەی عێراقیش وەك کوردستان ئارام دەبن؟**

- هەروەکو دەبینم، ئاشکرایە کە کوردەکان ڕێگای خۆیان گرتووە بەرەو ئارامی و سەقامگیری کە لە هەرێمەکانی تر بوونی نییە. بەڵام گەر بێت و عێراق دابەش بکرێتە (٣) سێ پارچە، لەسەر بنەمای گونجاندنی گرووپ و تایفەکان لەگەڵ یەکتری لە هەر هەرێمێك، هەروەها هەر هەرێمێك بەشی خۆی هەبێت لە داهاتەکانی نەوت. ئەوە لەوانەیە ئەوانیش وەکو هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بن. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە پارچەکانی تری عێراق زۆر جیاوازە لە هەرێمی کوردستان.

**بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران هەڕەشەیە بۆ هەموو جیهان**

*** ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵ دەدات ئێران بخاتە ژێر گوشارێکی نێودەوڵەتی، ئەویش لەڕێگای لۆمەتکردنی ئێران بە پابەند نەبوونی بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ڕاگرتنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی. ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت لەم هەنگاوە؟**

- لە ڕاستیدا، هەموو کەسێك نیگەرانە لەوەی چەکی ئەتۆمی بکەوێتە بەر دەستی ڕژێمی ئێستای ئێران. نەك تەنها ئەمەریکییەکان و ئیسرائیلییەکان، بەڵکو ئەم نیگەرانییە زۆر نەتەوەی تر دەگرێتەوە، وەکو: ئەوروپییەکان و تورك و عەرەب، وهتد...

بەڵام چینەکان و ڕووسەکان بەشێوەیەکی تر هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن، من لەو بڕوایەدام کە بە تێپەڕبوونی کات ئەوانیش نیگەران دەبن. ئەوەی کە من دڵنیانیم لەسەری سەرکردایەتی ئێرانە. ئەوان بیر لە نیگەرانی کەسانی تر ناکەنەوە لەسەر خاوەندێتییان بۆ چەکی ئەتۆمی یان لەوانەیە هەر گرنگیشی پێ نەدەن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، ئەوان کارێکی زۆر مەترسیدار ئەنجام دەدەن. من گومانم نیە لەسەر ئەوەی هەموو لایەك نیگەرانین لەسەر چەکە ئەتۆمییەکانی ئێران و ناسەقامگیریی ئەو ناوچەیەی کە لەوانەیە ناکۆکی و توندوتیژی سەربازیی لێ درووست بێت. بۆیە، من هیچ تێڕوانینێکم نییە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئایندە چۆن دەبێت.

**ئیسرایل حەزدەکات لە بەرنامە نیوکلیارییەکەی ئێران بدات بەڵام باردۆخەکە لەبار نیە**

*** گەر بێت و ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئەوە باڵانسی هێز دەگۆڕێت لە نێوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی. هەروەها وەکو دەرئەنجامێك، ئێران دەبێتە هێزێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە، وەکو هەنگاوێك لە لایەنی ئیسرائیلەوە بۆ پاراستنی خۆی بڕواناکەی هەستێت بە هێرش کردن لەسەر پێگە ئەتۆمییەکانی ئێران؟ هەر وەکو ئەو هێرشەی کە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨١ لە دژی عێراق ئەنجامی دا...**

- مەرج نییە وابێ. ئیسرائیل بەخۆشحاڵییەوە حەز لە لێدانی پێگە ئەتۆمییەکانی ئێران دەکات، بەڵام چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارە ئاشکرا نییە. بۆیە من لەو بڕوایەدا نیم کە ئیسرائیل هیچ هەڵوێستێکی سەربازی وەربگرێت.

بەهەرحاڵ، هەموو گرووەکان دەدوێن گەر ئێران هەستا بە دابین کردنی چەکی ئەتۆمی بۆ حزب الله یان بۆ حەماس یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە چەکی ئەتۆمی هەڕەشەی ئیسرائیل بکات. لەم سیناریۆیانەدا، من هیچ گومانێکم نییە لەسەر ئەوەی کە ئیسرائیل هێزی سەربازیی بەشێوەیەکی فراوان و زۆر بەکاربهێنێت.

**ئێران هەوڵدەدات دەوڵەتیکی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان بروخێنیت**

*** هەندێ لە چاودێران و پسپۆران دەڵێن ئێران مافی هەیە ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، چونکە هەندێ لە وڵاتەکانی دەوروبەر چەکی ئەتۆمییان هەیە، وەکو هندو پاکستان و ئیسرائیل. بۆیە، بۆ ئەم وڵاتانە چەکی ئەتۆمییان هەبێت و ئێران نەیبێت؟**

- ئەمە کێشەی عەدالەتی نییە، بەڵکو بەرژەوەندیی ستراتیژییە. بۆ ڕێگا نادەن هەموو کەسێك چەکی ئەتۆمیی هەبێت؟ لە بیرت بێت کە هەر هێزێکی جیهانی و کە خاوەن چەکی ئەتۆمییە لە سیاسەتی دەرەوەی ناتوانێت ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان برووخێنێت. تەنها ئێران ئەو سیاسەتەی هەیە.

**دیموکراتەکان ناتوانن سەرۆک بۆش ناچاربکەن لەسەر شتێک کە بە خواستی نەبێت**

**بۆش لەسەر بڕیاری خۆی ماوە. هەروەها لەسەر سیاسەتە نوێیەکەی خۆی دەمێنێتەوە تاکو کۆتایی هاتنی نۆرەی سەرۆکایەتییەکەی**

**کوردەکان ڕێگای خۆیان گرتووە بەرەو ئارامی و سەقامگیری کە لە هەرێمەکانی تر بوونی نییە**

پرۆفیسۆر ولیام باوچەر لە زانکۆی نۆرس کارۆلینا بۆ گوڵان:



# عێراق ئەگەر یەکگرتوو بێت دیموکراتی نابێت

■ پرۆفیسۆر باوچەر ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی نۆرس کارۆلینا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر تەنگژە نێودەوڵەتییەکان و لەو بوارەشدا بایەخێکی گرنگی بە دۆسیێی عێراق دەدات و چەندین دیراساتی لەسەر کێشەی عێراق ئامادەکردووە و لە کۆڕ و سیمینارە نێودەوڵەتییەکاندا پێشکەشی کردووە.
باوچەر پسپۆر و تایبەتمەندیشە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەمبارەوە دیراسەتێکی بەراوردکاری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە پۆستی نیکسۆن و کارتەردا بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئەمڕۆی عێراق و ڕێگەچارەکان بۆ کۆتایی هاتن بە قەیرانی عێراق گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی پرۆفیسۆر باوچەر کردو بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە. ■

## بیرکردنەوە لە سەرکەوتن ئاسان نییە

**ئیستا کێشەی عێراق بۆتە کێشەی هەموو جیهان و هەموو لایەك بۆ یەك ئامانج هەوڵدەدەن کە ئەویش سەقامگیری عێراقە ئایا تۆ ئەم هەوڵانە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

*من پێموایە خەڵك و سەرکردایەتی عێراق رووبەڕووی ئەرکێکی قورس دەبنەوە. حکومەتگەلێکی کەم ناچاربوونە رووبەڕووی تەنگژەیەکی ناوخۆیی ئاوا ئاڵۆز ببنەوە لە ماوەیەکی ئەوەندە کورتدا، من پێموایە سەرکەوتن (کە بە مانای هێنانەدی عێراقێکی یەکگرتوو و سەقامگیر دێت) لە ئایندەی دووردا ئەگەری هاتنەدی هەیە، بەڵام من نیگەرانم لەوەی رێگەی سەرکەوتن سەختە و پڕە لە مەترسی و پێشبینی بەردەوام بوونی توندوتیژی و نائومێدی دەکەم لە ئایندەی نزیکدا.

دووبارە من پێم وایە ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی تۆ چۆن پێناسەی سەرکەوتن دەکەیت. من پێموایە ئەمەریکا دەتوانێت ئامانجە کورتخایەنەکانی بەدیبهێنێت(کەمکرنەوەی هێرشە خۆێناوییەکان)، بەڵام تاوەکو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هێزی زیاتر بێت لە پارێزگاکاندا ئەوا دەبێتە ئامانجی هێرشە تیرۆریستیەکان بەڵام گرفتی ئێمە لە گەڵ ئەو دوژمنەدا کە رووبەڕووی بووینەتەوە ئەوەیە هەر کاتێك ئێمە سەرکەوتن بەدەستبهێنین ئەوا ئەوان رێگەی نوێ دەگرنە بەر بۆ گورز وەشاندن.

## نابێت ئەمەریکا چارەسەرێکی دیاریکراو بە سەر عێراقییەکاندا بسەپێنێ

**بە پێی راپۆرتی کۆشکی سپی بۆ کونگرێس حکومەتی عێراقی لە سەدا پەنجای داواکارییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای جێبەجێکردووە، لە سەدا پەنجای ئەو داواکارییانە جێبەجێنەکراون،چۆن وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەتوانێت لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوبێت؟**

پێویستە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەردەوام بێت لەسەر درێژەپێدانی فشارەکانی لەسەر حکومەتی مالیکی، بەڵام نابێت پێشبینی ئەوە بکات ئەم داواکارییانە لە شەو و رۆژێکدا بهێنێتەدی.

پێویستە باڵیۆزی ئەمەریکا بەردەوام بێت لە رەخساندنی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا، بەڵام پێوستە خۆی بەدوور بگرێت لەوەی چارەسەرێکی دیاریکراویان بەسەردا بسەپێنێت.

## بەبێ پێکهاتنەوەی سەرکەوتن بەدەست نایەت

**گرنگترین هەنگاو لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بریتییە لە پێکهێنانی هەرێمەکان و پیادەکردنی فیدراڵییەت لە عێراقداو ئەنجوومەنی سەناتیش بە رێژەی لە ٧٥٪ پشتگیری پیادەکردنی فیدرالیزم دەکات، ئایا حکومەتی عێراقی چۆن دەتوانێت هەرێمەکان پێکبهێنێت بۆ ئەوەی پرۆسە سیاسییەکە سەرکەوتو بێت؟**

پێویستە نۆێنەرانی هەرێمەکان ئەو راستییە قبووڵ بکەن کە سەربەخۆیی یەکێك نییە لە رێگەچارەکان، رێککەوتنیش تەنیا بەهۆی پێشکەشکردنی سازشە سەختەکانەوە دێتەدی. تاوەکو لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش ئامانجەکانی پرۆسە سیاسییەکە رەتبکەنەوە سەرکەوتن بەدەستنایەت.

## تا ٢٠٠٨ سیاسەتی ئەمەریکا وەک خۆی دەبێت

**عێراق بۆتە کارتێکی گرنگ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەم بۆ دیموکراتەکان و هەم بۆ کۆمارییەکان، ئەگەر عێراق لە هەڵبژادنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کرایە قوربانی ئایا ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن دەبێت؟**

ئیدارەی سەرۆك بۆش بەردەوام دەبێت لە پشتگوێخستنی رای گشتی وە بەردەوام دەبێت لەسەر درێژەپێدانی کردارو چالاکییەکانی تاوەکو کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ سەرۆکی دواتێ دەبێت بارودۆخەکە یەکلابکاتەوە.

## ئەمەریکا ناتوانێت سنوورەکانی عێراق کۆنترۆڵ بکات

**ئیستا روونە کە دەستێوەردانێکی زۆر هەیە لەلایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا، بەتایبەتی لەلایەن ئێران و سوریا و سعودیەوە ئایا بە چ شێوەیەك وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەتوانێت ئەم دەستێوەردانە سنووردار بکات؟**

لەبەر ئەوەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ناتوانێت سنوورەکانی عێراق کۆنترۆڵ بکات، ئەوا دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ ئەم هێزە ناوچەییانەدا بکات بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنێك لەگەڵیاندا. ئەگەر ئەوە بەدینەهات ئەوا دەبێت وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەوڵبدات دەستێوەردانی سەربازی ئەو دەوڵەتە دراوسێیانە سنووردار بکات لە بارودۆخی عێراقدا. بەڵام ناکرێت دەستێوەردانی سیاسییان کۆتایی پێبهێنرێت. پێویستە ئەم هێزە ناوچەییانە رۆڵی ئیجابی ببینن لە ئایندەی عێراقدا.



## عێراق یەکگرتوو دەبێت بەڵام دیموکراتی نابێت

**ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟**

من نیگەرانم لەوەی ساڵانێکی دورودرێژی توندوتیژی ئاست نزم(کە رەنگە جار بە جار ئەو توندوتیژییە هەڵکشێت) کە عێراقێکی یەکگرتوو بەڵام نادیموکراتی لێبکەوێتەوە، ببێتە بابەتی دەستێوەردانی دەرەکی. گەر عێراق پارچە پارچە بوو، من وای بۆ دەچم ناکۆکییەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرهەڵدەدات، هێزە ناوچەییەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو بەش و پارچانە دەدەن کە لە وڵاتەکە دەمێنێتەوە.

●●●

**گرفتی ئێمە لە گەڵ ئەو دوژمنەدا کە رووبەڕووی بووینەتەوە ئەوەیە هەر کاتێک ئێمە سەرکەوتن بەدەستبهێنین ئەوا ئەوان رێگەی نوێ دەگرنە بەر بۆ گورز وەشاندن**

●●●

**دەبێت ئەمەریکا هەوڵبدات دەستێوەردانی سەربازی ئەو دەوڵەتە دراوسێیانە سنووردار بکات بەڵام ناکرێت دەستێوەردانی سیاسییان کۆتایی پێبهێنرێت. پێویستە ئەم هێزە ناوچەییانە رۆڵی ئیجابی ببینن لە ئایندەی عێراقدا**

●●●

# بریماکۆڤ جارێکی تر جەخت لەسەر کوردستانی بوونی کەرکووک دەکاتەوە



د. ئەفراسیاو هەورامی
-مۆسکۆ-

لەم دوایانە نامیلکەیەك لەلایەن پەیمانگای پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی مۆسکۆ کە لە هەمان کاتیشدا زانکۆی وەزارەتی کاروباری رووسیایە دەرچووە کە وتارێکی دوورودرێژی بریماکۆڤە لەسەر کۆریای باکوور و عێراق تێدایە ئەم وتارە لەلایەن کۆمەڵێك پسپۆر و دیبلۆمات و رۆژهەڵاتناس و ئەوانەی لە بواری سیاسەتی جیهانییەوە ئیش دەکەن بە سەرۆکایەتی بریماکۆڤەوە ئامادەکراوە و بۆ قوتابیان و مامۆستایانی ئەو پەیمانگە بەناوبانگەی رووسیاوە خویندراوەتەوە وتارەکە لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و سیاسییەو جایزەی دەوڵەتیشی پێدراوە، یەکەم جار ئەم وتارە لە گۆڤاری "روسیا لە سیاسەتی جیهانی" لە سێ ژمارەیدا بڵاو کراوەتەوە.

ئەوەی کە پەیوەندی بە کورد و عێراقەوە هەیە کە لە چەند تەوەرێکدا بریماکۆڤ باسی لێوە کردووە جگە لە باسی فیدرالیزم دەوری رووسیاشی بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی عێراق لەگەڵ -١ئەمەریکا -٢لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپایی بەریتانی و فەرانسی و ئەڵمانیایە -٣لەگەڵ وەڵاتانی عەرەبی-٤ رووسیا چ پیشنیار و دەست پێشخەرێك دەتوانێت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی عێراق بکات.

ئێمە ئاماژە بەو تەوەرانە ناکەین بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستانەوە هەیە دەکەین.

بریماکۆڤ بەر لە چەند ساڵ دەیتوانی پەردە لەسەر تاوانەکانی رژێمی بەعسی واتە بەعەرەبکردنی کوردستان بکات بگرە لەو کاتانەش کە هیچ پۆستێکی گرنگی حکوومی نەبوو، خۆلە نێوان ساڵانی ١٩٧٥-٢٠٠٦زیاتر لە سی ساڵە و بۆ بێدەنگ بوو، بۆ ئێستاش هەر باشە و وەکو رووسیاییەکان خۆیان دەڵێن با درەنگیش بێت بەڵام لەوەی باشترە کە هەر نەبێت یا زوتر بێت.

وتەکانی بریماکۆڤ جگە لەوەی کە ناڕاستەوخۆ باسی تاوانەکانی رژێمی بەعس دەکات بەڵکو راستەوخۆش وتەکانی ئەوە دەگەیەنێت کە رژێمی بەعسی لە رێککەوتننامەی ١١ی ئازادی ١٩٧٠ پاشگەز بووەتەوە و لە باتی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە دەستی بەدەرکردنی کورد و هێنانی عەرەب کردووە و بۆیە کورد دەست لە کەرکووك و ناوچە دابڕاوو بە عەرەب کراوەکانی کوردستان هەڵناگرێت. سەرکردایەتی کورد و رژێمی عێراق بە ناوبژیکردنی و بە شایەتی بریماکۆڤ رێك دەکەون کە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تر سەر بە ئیدارەی ناوچەی ئوتونومی بێت بەڵام نەوت و گازەکەی لە ژێر دەستی دەوڵەتی ناوەندی بێت.

ئیستا بۆ کوردەکان دوو کێشەی چارەنووسساز لە ئارادایە:

دیاریکردنی کۆنترۆل بەسەر ناوچە دەوڵەمەندەکانی کەرکووك و موسڵ و گەڕانەوەی هاوڵاتیانی خۆیان کە لەسەردەمی سەدام حوسێن بە زۆر لەم ناوچانە دەرکراون.

چارەسەرکردنی ئەم دوو کێشەیە لەبەرژەوەندی کوردەکان هەڵوێست و پێگەی کوردەکان زۆر بەهێز دەکات و بە بۆچوونی زۆربەی لێکۆلەرە پسپۆرەکان چارەسەرکردنی ئەم دوو کێشەیە داواکاری کوردەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیان لە داهاتوویەکی نزیکدا لە دەستووری رۆژانەدا لادەبات، گەر چی کوردەکان خاوەن ئۆتۆنۆمین و هەر لە سەردەمی سەدام حوسێن وەریان گرتبوو بەڵام چارەسەرکردنی کێشەی یەکخستنەوەی کەرکووك و موسڵ بۆ سەر ئەم ئۆتۆنۆمیە ئاسان نییە (زۆر زەحمەتە و بەگشتی ئەگەریش سەر بگرێ) ئەوپەڕەکەی (ماگزیمۆم) عەرەبەکان دەتوانن لەگەڵ ئەوەدابن کە پێکەوە لەگەڵ کوردەکاندا بەڕێوەبەرایەتی هاوبەشی چاڵە نەوتییەکانی کەرکووك و موسڵ بکەن، کوردەکان ئەم رێگەیە یان بۆچوونەیان بەلاوە پەسەند نییە، لەبەر ئەوە کەرکووك شارێکی مێژوویی (دێرینەی) کوردە و ئەم شارە سەردەمێك ناوەندی شارستانییەتی کۆن و رۆحی کوردەکان بووە، بەڵام دوای دۆزینەوەی چالە نەوتی دەوڵەمەند لە ساڵەکانی ١٩٦٠ لەم ناوچەیە رژێمی عێراق رێگەی بە عەرەب کردنی ئەم ناوچانەی گرتە بەر و بە زۆر دانیشتوانی کوردی لەم ناوچە دەرکرد و عەرەبی هێنایە جێیان کە تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر عەرەب لێی دەژین و بۆ بەمایەی تێك هەڵچوونی چەکداری نێوان عەرەب و کوردەکاندا، لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکانی لەشکەری بەهاری ٢٠٠٣ هێزە چەکدارەکانی کورد (پێشمەرگە) چالاکانە هاوکاری هێزی هاوپەیمانانیان کرد، بەڵام دوای تەواوبوونی شەڕ ئەم هاوکاری کردنەی کوردەکان تەنیا لە کاتێکدا وەك خۆی دەمێنێتەوە کە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە گێرەو کێشەی کورد و عەرەب لایەنی کوردەکان بگرێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عەرەبەکان، گەر چی عەرەبە شیعەکان لەگەڵ سوننەکاندا لەسەر ئەم کێشەیە یەك دەنگن لە کاتی نووسینی دەستووری عێراقدا نوێنەرانی ئەمەریکادا کە بەسەرۆکایەتی ئەوان ئەوا یاسای بنچینەیی (دەستووری کاتی عێراق) ئامادەکرا کە پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت مافی ڤیتۆ بدرێت بە کوردەکان (لە ١٥٪ دانیشتوان).

لەگەڵ عەرەبە شیعەکان (٦٥٪ دانیشتوان) و عەرەبە سوننیەکان (لە ٣٠٪ دانیشتوان) وەك یەك بن، مافی یەکسانیان هەبێ ئەمیش بۆ بە هۆی قین و نارەزایەتییەکی زۆری گشت عەرەبەکانی عێراق. مانۆری ئەمەریکا لەسەر گۆڕەپانی (فاکتەری کوردی) لە عێراق لەبەر هەڵوێستی تورکیا سنووردارە، لەسەرەتادا تورکیا دژی ئەوەبوو کە لە عێراقی فیدرالیدا ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان بدرێ بەڵام بە گوێرەی لێکۆڵەرەوەکان بە زیاتر تێکچوونی بارودۆخی عێراق ئەنکەرە لەوانەیە کە لەگەڵ ئەوەدا بێت ئوتونومی بە کوردەکانی عێراق بدرێت ئەویش بە رەچاوکردنی دوو مەرج، کوردەکانی عێراق داوای دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نەکەن و کەرکووك و موسڵیش بکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەم قەوارە ئۆتۆنۆمیە. تورکیا لەوە دەترسێت کە ئەم داواکارییانەی کوردەکان

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی



بریمارکۆف لەگەڵ بارزانی نەمر



بریمارکۆف لەگەڵ سەرۆك مەسعود بارزانی

دەبێتە بەهێزبوونی هەوڵی کوردەکان کە بانگەوازی ئوتونومیەکەیان بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکەن.

بەشێك لە بەشدارانی ئەم لێکۆڵینەوە پێیان وایە کە هەڕەشەی ناردنی سوپای تورکیا بۆ باکووری عێراق حەتمییە(ئەگەر تورکیا پێ وابێت ئەو مۆدیلەی کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێشنیار دەکات جێی پەسەند نەبێت). تورکیا بەم هەنگاوە توندەی خۆی لەوانەیە بەسەروەری وڵاتەکەی خۆی بخاتە مەترسییەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی کوردن، بەهێزبوونی جێگە و پێگەی کوردەکانی عێراق

دەبێتە هۆی چالاکتربوونی تورکیاش هەروەها فاکتەری نەوتیش دەورێکی زۆری بۆ تورکیا دەبێت.

بریماکۆف و هاوبیرەکانی لەو باوەڕەدان کە کوردەکان لە عێراق گەورەترین هێزی سیاسی یەکخستون و هەردوو پارتەکە لەوەشدا یەك دەنگن کە دەبێ کۆنترۆڵی ناوچە دابڕاوەانی کوردستان کەرکووك و موسڵ و گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هەوڵی گەڕانەوەی کوردە دەرکراوەکان بۆ سەر جێو زێدی خۆیان بدرێت و هەردوولایەن (تاڵەبانی و بارزانی )گەلێك جار رایانگەیاندووە کە هیچ کاتێك ئەوان دەستبەرداری کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان نابن لە بەر ئەوە وەك وترا کەرکووك نە تەنیا ناوەندی سیاسی و کولتوری کوردیە بەڵکو گرنگیەکەشی لەوە دایە کە لە باری نەوتەوە دووهەم شوێنە لە عێراق و زاپاسی نەوتەکەی بە دە ملیارد بەرمیل بەراورد دەکرێت.

# لـــەدواڕۆژی ساڵدا



سالار عوسمان

ئەمڕۆ دوارۆژی ســـاڵە، لە دواساتەکانی بەڕێکردنی ساڵێك و پێشوازیکردن لە ســـاڵێکی نوێ مرۆڤ دەبێ ئاوڕێك لە دوێنێ بداتـــەوە و بەرامانێکی قووڵەوەش لە بەیانی بڕوانێ!

* ئاوڕدانەوە لە دوێنێ:

دوێنێ چیمان کرد؟.. بەم پرســـیارە دەمەوێ دەست بە ئاوڕدانەوە لە دوێنێ بکەم، بەڵێ دەبێ هەمیشە ئاوڕ لە دوای خۆمان بدەینەوە.

- چیمان کرد؟
- چ هەنگاوێکمان نا؟!
- چ خزمەتێکمـــان کـــرد و چ بەرهەمێکمـــان پێشکەشکرد؟!

ئـــەم پرســـیارانە گرنگـــن و دەبـــێ هەمووومان لە ئاوڕدانەوەمان بۆ دوێنێ ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین، هەر ئێمەنـــا وەکو تاك، دەبێ دەســـەڵات و نێوەندەکانی بڕیار و هەموو کۆمەڵگا بە تێکڕا ئەم پرسیارانە لەخۆی بـــکات!! بەڵێ دەبـــێ ئاوڕبدەینەوە و پرســـیار بکەین، ئاوڕدانەوە لە هەموو شـــت و پرســـیار لە هەموو شت، تەنانەت ئەگـــەر ئینجانەیەکمان فەرامـــۆش کردبێ و گوڵەکانیمان ئاودانەبێ، دەبێ لە خۆمان بپرسینەوە ئەوە ئێمە بووین لە چرکەســـاتێکی بێ ســـەلیقەیی خۆماندا گوڵەکانمان سیس و ئینجانەمان وشك کرد!!

لەم ئینجانەوە تا دەگاتە سیاسەت و بەشداریی سیاسیی لە وڵات، دەبێ لە هەموو ورد و درشـــتەکاندا پرسیار لە خۆمـــان بکەین!.. ئەگەر وامانکـــرد، ئەگەر بە هێمنی ئاوڕمـــان دایەوە و هێمنتر پرســـیارمان لە خۆمان کرد و جورئەتی ئەوەشمان هەبوو ڕەخنە لە خراپیەکانی خۆمان بگرین، دڵنیابن دەتوانین ڕەشەکان بدۆزینەوە و بۆ ساڵی دادێ سپی زێتر بکەین!..

ئاخر ئەگەر ئاوڕ نەدەینەوە و پرسیار لە خۆمان نەکەین و بەخۆدانەچینـــەوە و جورئەتی ڕەخنەگرتنمان لە خودی خۆمان نەبێ ڕەش و ســـپی تێکەڵ دەکەین کە ئێســـتا لای هەنـــدێ کەس و بەرپرس و دەزگا تێکەڵ دەکرێن!.. ڕەنگەکان هەڵگری ماناکانی خۆیانن، لە ئاوڕدانەوەمان بۆ دوێنێ، لە کارکردنمان بۆ ئەمڕۆ، لە رامانمان بۆ سبەی دەبێ بە دوای مانا جوانەکانی نێو ڕەنگەکان بگەڕێین!..

دەبێ دوای هەر هەنگاوێك ئاوڕێك بدەینەوە، دوای هەر ســـاڵێکیش ئاوڕێك بدەینەوە، ئاوڕێك بۆ هەڵسەنگاندن و خۆ خوێندنەوە و بەخۆداچوونەوە!!!.

* رامانێك بۆ سبەی:

کە لە نێو ئەمڕۆداین، واتە لە نێوان دوێنێ و سبەینێدا دەژین، ژیان لە نێوان دوێنێ و ســـبەینێ حیکمەتەکانی نێو ئەمڕۆی دەوێ، دیســـانەوە دەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین، پرسیار پرســـێکی پڕ بایەخە، پرسیار دەرگاکان دەکاتەوە، هەر پرسیاریشـــە نهێنییەکان ئاشـــکرا دەکات، بەڵێ دەبێ پرســـیار لە ئەمڕۆ بکەین، لە ئێســـتا، لەم چرکەساتە، بەڵێ دەبێ بپرسین:

- لەم چرکەساتەدا چی دەکەین؟
-کارەکانمان چییە و چۆن کار دەکەین؟
- ئایا ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ کردووە؟

ئەگەر ئەم پرســـیارانەمان کرد دەتوانین حیکمەتەکان بدۆزینەوە، لە دۆزینەوەی حیکمەتەکاندا دەکرێ رامانمان بۆ ســـبەی رامانێکی پـــڕ لۆژیك بـــێ.. ئەگەر بەم حیکمـــەت و لۆژیکەوە رامانەکانی خۆمـــان کۆکردەوە دڵنیام کارێکی جوان لە نێو ســـبەینێدا دەکەین، ئەوکاتە رامان ئامانجەکانی خۆی دەدۆزێتەوە، هەنگاویش وردتر بە دوای (شـــوێن)دا دەگەڕێ، لەوە باشـــتر نییە بەر لە هەنگاونان (شـــوێن) دیاری بکەیـــت، ئەو کات هەنگاو کاری خۆی دەکات و لـــە (وێڵی) نەجاتی دەبێ، ئاخر وێڵی هەنگاوە مرۆڤ دووچاری شکســـت و بەربوونەوە و هەڵدێران دەکات، ژیـــان بریتیی نییە لە هەڵدێر، ژیان هەڵکشـــانە بەرەو بەرزیی، بەرزییش رامانێکی قووڵە بۆ لووتکە، لووتکەش هەموو حەرفە جوانەکانی سەرفرازیی لە خۆیدا کۆکۆدۆتەوە!!

لە نێو حەرفە جوانەکانی سەرفرازیی و هەمدیس لە نێو مانا جوانەکانی ڕەنگ و لە رامانی قووڵ بۆ سبەی!!

هەروەها بە ســـوودوەرگرتن لە حیکمەتەکانی ئەمڕۆ و لە ئاوڕدانەوەمان بۆ دوێنێ، بەیەکەوە دواســـاتەکانی ساڵی ٢٠٠٧ بەڕێ دەکەین و پێشوازیی لە ساڵی ٢٠٠٨ دەکەین و لە قوڵایی دڵمانەوە دەڵێین:

- کوردســـتان.. نیشـــتمانە ماندووەکەمـــان، جەژنت پیرۆزبێ..

# ٢٠٠٨ ساڵێكی گرنگ دەبێت بۆ پەیوەندیەكانی توركیا لە گەڵ كوردەكاندا



**ئیلینور چەڤیك**

لــە كاتێكدا ئەنقەرە و هەولێر لێكدابڕاون و شكســتیان هێناوە بۆ دامەزراندنی دانوســتانێكی ڕاســتەخۆ. ئێمە پێدەخەینە ساڵی نوێوە.

نەبونی دایەلــۆگ و لێكتێنەگەیشــتنی هاوبەش لە ماوەی ڕابردودا

چەندین دەرئەنجامی مەترسیداری لێكەوتۆتەوە.

ئەنقــەر دایەلــۆگ لە گــەڵ حكومەتــی هەرێمی كوردستاندا ڕەتدەكاتەوە

لە بری ئەوە بۆ دانوستان ڕودەكاتە بەغدا.

بەڵام لەو مەســەلانەدا كە راســتەوخۆ جێی نیگەرانی ئەنقــەرە و هەولێرن . وەك بونی میلیشــیاكانی PKK لە شــاخەكانی باكوری عێراقدا. ئەو راســتیە ســەلماوە كــە پەیوەندی و تەنانــەت رێككەوتنیش لەگەڵ بەغدادا بێمانایە.

پێویســتە كوردەكان و توركەكان لە كاتێكدا بەرەو ساڵی ٢٠٠٨ دەچن جیاوازیەكانی خۆیان چارەسەر بكەن. ئێستا سەردەمی ئەوەیە كە خەونە بەرزەفڕە نەتەوەییەكان بخەینە لاوەو و ڕێگاچارەیەكی واقیعبینانە بگرینەبەر.

دوو ناوچە هەیە كە پێویستە بایەخ و سەرنجی تایبەتیان پێبدرێت.

یەكێكیان بریتیە لە بونی PKK لە شاخەكانی قەندیل و ناوچەكانی دیكەی نزیك توركیا و سنوری ئێران.

پێویســتە برا كوردەكانمان لەو ڕاستیە تێبگەن كە چیتر خەڵكی توركیا ئەم بارودۆخە قبوڵ ناكەن. ڕاستە، PKK كێشــەیەكی ناوخۆی توركیایە بەڵام ئەوەش ڕاســتە كە PKK درێژە بە مەشــقە تیرۆریستیەكان و دروستكردنی بۆمب دەدات لە باكوری عێراقدا بۆ ئەوەی لە ناو توركیادا بەكاری بهێنێت.

ئاینی پیرۆز دەڵێت " ناتوانیت ئاســودەبیت لە كاتێكدا دراوسێكەت لە ئیش و ئازاردا بێت."

بــە تایبەتی ئەگەر هەندێك لەو ئێش و ئازارە بە هۆی بەكارهێنانــی خاكــی تۆوە بێت لە لایــەن PKKەوە بۆ خۆئامادەكــردن بۆ ئەنجامدانی هێــرش و پەلامارەكان بۆ سەر توركیا.

حكومەتی هەرێمی كوردســتان لە ژێر فشاری توركیا و وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا هەندێك ڕێو شــوێنی لە دژی PKK گرتەبەر بەڵام ئەم ڕێو شوێنانە پتر ڕواڵەتی بوون و نەیانتوانی بونی PKK لە باكوری عێراقدا كۆتای پێبهێنن. لەبەر ئەوە توركیا بڕیاریدا هێرشی ئاسمانی ئەنجام بدات و توانســتی خۆی خســتەڕوو بۆ بەكارهێنانی ئەو هەموو تەكنەلۆژیا نوێیەی لەبەردەستیایەتی لەو پێناوەدا.

لە ڕاستیدا هیچ ڕوبەڕووبوونەوەیەك لە نێوان هێزەكانی توركیــا و هێزەكانــی پێشــمەرگەدا. بەهەرحــاڵ، هەر كاتێك وەرزی زســتان بەســەرچو و كەش و هەوای گەرم داهات لەو شاخانەدا ئەوا شــتێكی حەتمیە كە هێزەكانی توركیا هێرشــێكی زەمینی لە دژی كەمپەكانی PKK دەســتپێدەكات بە هۆی ئەنجامدانــی هێرش و پەلاماری تایبەتیەوە. ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی پێكدادانی هێزەكانی پێشــمەرگە لە گەڵ یەكەكانی توركیادا كە دەرئەنجامی خەتەرناكی لێدەكەوێتەوە.

پێویســتە هەمو كۆشــێك بكەین بۆ ئــەوەی خۆمان لەم دەرئەنجامە لابدەین. لەبەر ئەوە پێویســتە مانگەكانی زســتان بەكار بهێنین بۆ ئەوەی شــێوەیەك لە شێوەكانی دانوســتان و دایەلۆگ لە نێوان ئەنقەرە و ســەركردایەتی كورددا پێكبهێنین بۆ ئەوی خۆمان لە هەر پەرەسەندنێكی نەخوازراو لابدەین لە مانگەكانی هاوین و بەهاردا.

دەبێــت توركیــا و ســەركردایەتی كــوردی عێراق بە شێوازێكی ڕاشكاوانە و دڵسۆزانە مامەڵە لە گەڵ كێشەی PKK دا بكەن و هەوڵبدەن كێشەكە چارەسەر بكەن پێش ئەوەی بارودۆخەكە پتر ئاڵۆز بێت كە ئێســتا توركیا توانا سەربازیەكانی خۆی خستۆتەڕوو.

جگە لــە كێشــەی PKK كێشــەی كەركوكیش لە ئارادایــە كە پێویســتە لە نێوان توركیا و ســەركردایەتی كورددا گفتوگۆی لە بارەوە بكرێت. لە ووتاری هەفتەی داهاتوودا تاوتوێی ئەو كێشەیە دەكەین.

سود لەم دەرفەتە وەردەگرم بۆ ئەوەی بە براو خوشكەكانم ڕابگەیەنم لە كوردستاندا كە هیوام وایە ساڵی ٢٠٠٨ ساڵی سەركەوتن و لەشساغی و خۆشگوزەرانی بێت بۆیان.

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

# کورد و عیراق:
# تەگەرەی یەکەم لەبەردەمدا، کەرکوکە



سامی شۆرش

گەورەترین تەگەرەی بەردەم مانەوەی کورد لە ناو چوارچێوەی عیراقدا دوارۆژی کەرکوك و ناوچە تەعریب کراوەکانە. راستە، مادەی ١٤٠ لە دەستووری هەمیشەیی عیراق چارەسەرێکی گونجاوی بۆ ئەو تەگەرەیە دۆزیوەتەوە. کورد لەم بوارەدا ئەوەی تا ئێستا پێی کرا بێت و لە دەستی هاتبێت کردوویەتی. دواترینی ئەم هەوڵانەش درێژ کردنەوەی ماوەی جێ بە جێ کردنی قۆناغە دواییەکانی مادەکەیە تا شەش مانگی دیکە. بەڵام تا ئێستا هیچی ئەوتۆ لەبەردەست نیە نیشانی بدات ئەم مادە دەستووریە، تەنانەت دوای شەش مانگی دیکەش، بە پێی دەستوور چارەسەر دەکرێت.

من لە لایەنگرانی تیۆری پلانگێڕان نیم. بەڵام هەر چۆنێك دەڕوانم، لە پشتی پەردەوە، وای دەبینم پلانێکی ناجۆر لە ئارادا هەبێت بۆ پووچەڵ کردنەوەی چارەسەرە دەستووریەکەی کێشەی کەرکووك. ئەویش لە رێگەی خنکاندنی لەسەرەخۆی مادەی ١٤٠ ەوە. ئەم مەسەلەیە، ئەمڕۆ بۆتە گەورەترین تەگەرەی بەردەم پەیوەندیەکانی کوردو عیراق.

یەك لە شەرعیەتەکانی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان، لە ماوەی چل و ئەوەندە ساڵەی رابردوو، لەوەدایە کە کە کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەیکەلی ئیداری و سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان، یان ئەوەی لە ئەدەبیاتی کوردی دا پێی دەڵێین (بگەڕێتەوە باوەشی نیشتمان). تا ئێستا، مەبەستی سەرەکی لە هەوڵ و تەقەللاکانی حکومەتی عیراق رێگە گرتن بووە لە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ باوەشی کوردستان. ئامانجەکانی پشتی ئەم هەوڵانەش هەر تەنیا تەماح و چاوبڕینە خێروبێراتی ئەو شارە نیە، بەڵکو لەوە زۆرتر، مەبەست سەندنەوەی ئەو شەرعیەتەیە لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد کە بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ هەیبووە.

خۆ ئەگەر مەسەلەکە زەوت کردنی شەرعیەت نەبێت، ئەوا خۆ چ زۆرە نەوت زۆر: ئەوەتا بەسرەو عەمارەو ناوچەی زۆنگاوەکان و سەر سنووری کوێت و سەعوودی و خوارووی موسڵ. خۆ ئەگەر وا نەبێت، سەرانی بەغدا ئەو راستیە چاك دەزانن کە لە جیهاندا هەبوونی نەوت مەرجە سەرەکیەکەی دامەزراندنی دەوڵەت نیە. چەندین دەوڵەتی وەکو یەمەن و جیبۆتی و تەیمووری رۆژهەڵات و دەوڵەتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین هەن بە بێ ئەوەی خاکەکەیان تاکە یەك بەرمیل نەوتیی تیا هەبێت دامەزراون و بوونەتە دەوڵەت. باشە، کەواتە بۆ کوردستان بە بێ نەوت توانستی دامەزراندنی دەوڵەتی نەبێت؟ جا ئەگەر مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەت نەوت بێت، خۆ، بێجگە لە کەرکوك لە دەیان شوێنی دیکەی کوردستان نەوت هەیە.

بۆیە، مەسەلەی بە یەکەوە بەستنەوەی نەوت بە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەهانەیەکە، یاخود واهیمەیەکی دروستکراوە تا بەو هۆیەوە رێگە لەوە بگیرێت کەرکوك بێتەوە باوەشی نیشتمان. بەم نەگەڕانەوەیەش هیچ جۆرە شەرعیەتێکی سیاسی و ئابووری و یاسایی بە دەست بزووتنەوەی سیاسی کوردستانەوە نەمێنێت و ئیتر وردە وردە بەرەو پوکانەوە بڕوات و سەر لە نوێ، بە هۆی لاوازی و بێ توانایی، وەك فاکتەرێکی بێ دەرەتان بهێنرێتەوە ژێر رکێفی بەغدا.

وەك پێشتر گوترا، هەوڵێکی رەش لە ژێر پەردەوە دەدرێت. بێجگە لە ئامانجی تەفروتونا کردنی شەرعیەتی سیاسیی کورد، چەند ئامانجێکی دیکەش لەم رێگەیەوە بپێکرێت:

یەکەم، بواری زۆرتر بدرێت بە تورکیا تا هەوڵەکانی خۆی خەست بکاتەوە لە بواری مکوڕ بوونی لەسەر ئەوەی کە نابێت مادەی ١٤٠ جێ بە جێ بکرێت. مەعلوومە، ئەنقەرە تا پێش ماوەیەکیش هەر سوور بوو لەسەر جێ بە جێ نەکردنی ئەو مادەیە. بگرە جار جارە هەڕەشەی سەربازیشی لە کوردستان دەکرد.

دووەم، هەمان دەرفەت بە تورکیا بدرێت کە ئەگەر بە هێزی سەربازی نەیتوانی رێگە لە چارەسەر بوونی دەستووریانەی کێشەی کەرکوك بگرێت، ئەوا روو لە فشار بردنە سەر ئەمریکا بکات بەو نیازەی واشنتۆن دەست لە پشتگرتنی ئەو مادە دەستووریە هەڵبگرێت. ئەگەر ئەوانەش نەکرا، ئەوا دوای شەش مانگی دیکە، ئەگەر مادەی ١٤٠ بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، بەهانە لە ناو خودی عیراقدا ئەوە بێت کە کاتە دەستووری و پەرلەمانیەکەی مادەکە بەسەر چوو و ئیتر ناکرێت جێ بە جێ بکرێت. لە بەغدا ناوەندی وا هەیە ئەم قسەیە دەکەن. لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە دەستوور خۆی مۆڵەتی چوار مانگی بۆ تەعدیلاتی دەستوور دانابوو. کەچی دوای دوو ساڵ ئینجا دەست کرا بەو تەعدیلاتە کە ئێستایشی لەگەڵ دا بێت هەر تەواو نەبووە.

سێیەم، مانەوەی ١٤٠ بە بێ جێ بە جێ بوون

تایبەت بۆ گۆڵان دەینووسێ

هەڵلاو شـــەڕو ناکۆکی لە نێوان کوردو عەرەبی ســـوننەو تورکمان دروســـت بکات. ئەم شـــەڕو ناکۆکیە لە حاڵەتی دروســـت بوونی دا قازانجێکی زۆر بە لایەنە دەسەڵاتدارە مەزهەبییەکانی ناو حکومەت دەگەیەنێت: سوننەی عەرەب تووشـــی نەهامەتیەکی دیکەی شەڕی ناوخۆ دێنەوەو لە ئەنجامـــدا پێگەیان لە عیراقدا لاوازتـــر دەبێت دوای ئەو شـــەڕە تایفەگەریەی تووشی هاتن. تورکمان، بە تایبەتی تورکمانی سوننە، تووشی لە ناوچوون دێن و ڕەنگە ڕوو لە تورکیا بکەن بۆ ئەوەی لە دژی کورد هێرش بکاتە ســـەر عیراق. کوردیش بە هۆی ئەو شـــەڕو ناکۆکیەوە تووشی زەرەرو زیان بێت و تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی دووچاری لەکەداری بێت. لەو حاڵەتەشـــدا هەر سێ پێکهاتەکە ڕەنگە ناچار بن هەر یەکەو بە شـــێوەیەك و بـــە جۆرە لاوازیەك داوای هاوپەیمانێتی لەو لایەنە تایفەگەریانە بکەن.

چوارەم، زەمینە خۆش بکرێت بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری بۆ پرۆژەی دامەزراندنی هەرێمێکی تایبەت بە کەرکوك. لەم حاڵەتەدا، هەر لـــە جێوە مادە ١٤٠ بکوژرێت و ڕێگە لـــە گەڕانـــەوەی کـــورد بگیرێت بۆ کەرکـــوك و ناوچە تەعریبکراوەکان. هەر لەم چوارچێوەیەدا، حکومەتی بەغدا سەربەست دەبێت لەوەی تا بتوانێت خەڵك و خێزانی عەرەبی شیعە بهێنێتە ئەو شـــارەو هەرێمەکە بگۆڕێت بە هەرێمی دووەمی شـــیعە لە ناو عیراقدا. خۆ ئەگەر پێیان کرا، لە داوارۆژدا، ئەو هەرێمە ببەســـتنەوە بە هەرێمی خوارووی عیراق کە لە قۆناغی دروســـت کردنـــی دان، بە تایبەتی ئەگەر پلانی گۆڕینی ســـیما مەزهەبیەکەی پارێزگای دیالا لە داوارۆژێکی نزیکدا سەر بگرێت.

هەندێـــك لە چاودێـــران پێیان وایە ئێران لە پشـــت ئەم پرۆژەیە دایە. هەروەها تورکیا بە فیتی ئێران کەوتۆتە ناو هەڵەی دوژمنایەتی کردنی مادە ١٤٠ ەوە. بەڵگەشـــیان لەو بوارەدا هەڵوێســـتی وەزیری دەرەوەی ئێرانە کاتێك لە کۆبونەوەی ئەســـتەمبوڵ، بە بێ ئەوەی باســـی کەرکوك یان مادەی ١٤٠ کرابێت، کەوتە باسی دواخستنی مادەی ١٤٠. جا، لە تورکیاش خراپتر، چەند ناوەندێکی عەرەبی ســـوننەو تورکمانی کەرکوکیش لەو هەڵەیە بێ بەش نین. تا ئێســـتا هەســـت بەوە ناکەن کە لە ناو کەرکوکێکی سەر بە هەرێمی کوردســـتانەوە بژین باشترە لەوەی بکەونە بەر هالاوی داوارۆژی پاکتاوی مەزهەبیەوە.

ڕاستە، حکومەتی ئەمڕۆی عیراق لە ڕووی نەتەوەییەوە ڕەنگە ڕقەبەرایەتیەکـــی زۆری بەرامبەر بە کورد نەبێت. بـــەڵام لـــە ڕووی مەزهەبیەوە، چەنـــد ناوەندێك هەیە لە ناو حکومەت، کار بۆ نانـــەوەو تەقاندنەوەی ڕقەبەرایەتی مەزهەبـــی دەکەن. ئینجـــا لەو بوارەشـــدا ڕەنگە هیچی ئەوتۆیان لەگەڵ کورد نەبێت، بەڵام دەیانەوێت لە ڕێگەی شـــەڕی مەزهەبیەوە کەرکوك هەڵلوشن. شـــایەنی وەبیر هێنانەوەیە بەشـــێکی زۆری عەرەبی هاوردە بۆ کەرکوك شـــیعە مەزهەبن و ئەمڕۆ حزب و ڕەوتە سیاســـیەکانی ئیســـلامی سیاســـی لە عیراق ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە مۆبایلیزەکردنیان لە دەوری دروشمە مەزهەبیەکاندا. بێجگە لەو حـــزب و ڕەوتانە، کەمینەیەکی تورکمانی شـــیعەش هەیـــە لە کەرکـــوك. ئەمڕۆ لە ناو حـــزب و ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاســـیی شیعی دا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. بـــە هەر حاڵ، ئەم ناوەنـــدە مەزهەبیانە پێیان وایە ئەگەر دەست بەسەر سەروەت و سامانی نەوت لە عیراقدا بگرن: کەرکوك و بەسرە، ئەوا ئیتر دەتوانن مەزهەبە ڕەسمیەکەی عیراق بگۆڕن. بیرۆکەی دروست کردنی هەرێمی کەرکوك پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەو ناوەندانەوە هەیە بە تایبەتی لە بەغدا.

بۆ گەیشـــتن بەم ئامانجانەی سەرەوە، هەوڵێك هەیە بۆ کوشـــتنی مادەی ١٤٠. دوور نیە، ڕێگە گرتنی ناوەندە مەزهەبیەکانی عیراق لەوەی یاســـای نـــەوت و گازی عیراقـــی لـــە پەرلەمانی بەغدا پەســـند بکرێت. هەروەها ڕێگە گرتنیان لەوەی کورد بە پێی دەستوور مافی ئیمزا کردنی کۆنتراکتی نەوتـــی هەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی جیهان، پەیوەندیان بە ڕێگە گرتن لە مادەی ١٤٠ هەبێت. هەر بۆیـــەش، دەگوترێت مەســـەلەی کەرکوك یەك لەو تەگەرانەیە کە ڕێگە لە گەشـــە کردنـــی پەیوەندیەکانی کوردو عیراق دەگرێت و ئەگەری ئەوە دێنێتە پێشـــەوە کە ئەو پەیوەندیانە لەبەردەم یەکەم کۆســـپی گەورەدا تووشی شکستی و لەیەك ترازان بێن.

کورد دڵســـۆزە بۆ عیراق یان نا؟ بەڵێ دڵســـۆزە وەك هەموو بەڵگەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی سەلماندیان و دەیسەلمێنن. بەڵام، هەندێك جار، تەقینەوەی گیروگرفت لە بواری سیاسەتدا پەیوەندیی بە دڵسۆزیی تۆوە نیە، بەڵکو، ئەو تەقینەوەیە بەســـەرت فەرز دەکرێت. دیسانەوە دەیڵێم: من بۆ خۆم یەکێکـــم لەوانەی پێم وایە تیۆری پلانگێڕان پانتاییەکی زۆری لە ناو کەلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هەیـــە. هەروەهـــا پێم وایە بە مانـــەوەی ئەم کەلتوورە زەحمەتـــە میللەتانی ئەم ناوچەیە هەنـــگاوی کاریگەر بهاوێژن بەرەو داوارۆژی دیموکراسی و کرانەوەو فرەخوازی و لێبووردەیی. بەڵام هەر کاتێك باس لە کێشەی کەرکوك دەکرێت، نازانم بۆ؟، وام بە بیرا دێت کە چەند ناوەندێکی سیاســـی لە ناو حکومەتی بەغدا کار بۆ پیلانگێڕانێکی ڕەش دەکەن لە دژی کورد لە ڕێگەی هەوڵ و تەقەللاکانیان بۆ کوشـــتنی مادەی ١٤٠. بەم کارەشیان نەك هەر مافی کورد لە ناو عیراقدا دەخۆن، وەك سەدام حسین دەیخوارد، بەڵکو لەوەش خراپتر، بۆشـــاییەکانی نێوان کوردو عیراق فراوانتـــرو قووڵتر دەکەن و مەترســـیەکانی لە یەك دابڕان دێننە پێشەوە.

تیۆری پلانگێڕان پانتاییەکی زۆری لە ناو کەلتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هەیە. پێم وایە بە مانەوەی ئەم کەلتوورە زەحمەتە میللەتانی ئەم ناوچەیە هەنگاوی کاریگەر بهاوێژن بەرەو داوارۆژی دیموکراسی و کرانەوەو فرەخوازی و لێبووردەیی

ئەگەر مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەت نەوت بێت، خۆ، بێجگە لە کەرکوك لە دەیان شوێنی دیکەی کوردستان نەوت هەیە بۆیە، مەسەلەی بە یەکەوە بەستنەوەی نەوت بە مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەهانەیەکە، یاخود واهیمەیەکی دروستکراوە تا بەو هۆیەوە ڕێگە لەوە بگیرێت کەرکوك بێتەوە باوەشی نیشتمان



پرۆفیسۆر جەی مۆرگان پارکەر لە زانکۆی جۆرج تاون بۆ گوڵان:

# د. مالکی لە ئاستی تەحددییەکانی سەردەمەکەی خۆیدا نییە

پرۆفیسۆر جەی مۆرگان پارکەر ئوستادی سیاسەت و سەرۆکی بەشی دیراساتی حکوومەتە لە زانکۆی جورج تاون پسپۆرو تایبەتمەندە لە کاروباری نێودەوڵەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیداو یەکێکە لە بەشداربووانی راپۆرتی بێکەر-هاملتۆن و راپۆرتی دیراساتی عێراق.

پارکەر لە کاری رۆژنامەوانیشدا کاریکردووە بۆ دەزگاکانی بەشی ئینگلیزی دەنگی ئەمەریکا و کەناڵی PBSو NPR.

بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمرۆی عێراق و هەرێمی کوردستان گوڵان جارێکی دیکە پەیوەندی بە پرۆفیسۆر جەی پارکەر کردو بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

### هەوڵی سەرکردایەتی کورد بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ئاڵۆزییەکان نەک هەر نیشانەی پابەندبوون و خۆتەرخانکردنیانە بۆ نیشتمانەکەیان بەڵکو پیشاندانی نموونەیەکە بۆ باقی ناوچەکانی دیکەی عێراق

***بەڵام حکوومەتی مالیکی هەڵوێست و سیاسەتێکی روون و بەهێزی نەگرتەبەر بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی تورکیا، هەر لەبەر ئەوەش سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و کەمکردنەوەی هەڕەشەکە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ئاستێك سەرکردە کوردەکان رۆڵی ئیجابیان هەیە لە بنیاتنانەوەی عێراق و کەمکردنەوەی توندوتیژیدا؟**

- تۆ چەند خاڵێکی باشت وروژاند. پێویستە چەند شتێك لەبەرچاوبگرین و سەرنجیان لێبدەین، یەکەم شت هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتییە کە سەرکردە مەحەلی و ناوچەییەکان دەیگرنە ئەستۆ لەبری ئەوە چاوەڕوانی حکوومەتی مالیکی بکەن، بۆ نموونە هەوڵی کوردەکان بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ئاڵۆزییەکان نەك هەر نیشانەی پابەندبوون و خۆتەرخانکردنیانە بۆ نیشتمانەکە بەڵکو پیشاندانی نموونەیەکە بۆ باقی ناوچەکانی دیکەی عێراق بۆ ئەوەی بەو شێوەیە رەفتار بکەن بۆ ئەوەی بەرەوپێشەوەبچن و، ئەوە لە گۆشەنیگای منەوە بووە هۆی رێگەگرتن لە روودانی زۆرێك لە قەیران و تەنگژەکان، خاڵێکی دیکە ئەوەیە نابێت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ولاتانی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تێوەبگلێن لە پرۆسەی گۆڕین و هێشتنەوەی سەرکردەکانی عێراقەوە، بەڵکو پێویستە هێز و شەرعیەت و دیبلۆماسیەت و دەستڕۆیشتوویی خۆیان بەکاربهێنن بۆ کارکردن لەگەڵ حکوومەتی تورکی و لایەنەکانی دیکە و، ئەوەیان پێ رابگەیەنن کە نابێت رێگابدەن قەیرانێکی گەورەی کورتخایەن ئەگەرەکانی ئایندە لە ناوببات، پێویستە ئێوە کات و ئارامی و پشتیوانی پێویست بە عێراقییەکان ببەخشن بۆ ئەوەی ئەم کێشە و گرفتانە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیاندا چارەسەربکەن و، بۆ ئەوەی عێراقییەکان هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرن بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی حکومەت و ئایندەی خۆیان بگرنە ئەستۆ، هەروەها پێویستە ئەوەیان بۆ روونبکەنەوە کە رەنگە ئەنجامدانی ئەو هەڕەشانەی وا دەزانن پێویستە بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان و نەتەوەکەتان ببێتەهۆی شڵەژاندنی سەقامگیری نەك هەر تەنیا عێراق و دەوڵەتە دراوسێکانی بەڵکو دەبێتە هۆی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی تێکڕای جیهانیش. وەك نموونەیەك رەنگە بتوانێت لە رووی سیاسییەوە هەڵبستین بە هاندان و پشتیوانیکردنی ئەو حکومەتانەی وەڕس بوونە لە دەستێوەردانە دەرەکییەکانی سەردەمی شەڕی سارد و رۆژگاری کۆلۆنیالی کە هێزە دەرەکییەکان دەهاتن و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کۆنترۆڵی کاروبارەکانی ولاتانی وەك عێراق و تورکیا و سوریا و ئوردن.. هتد یان دەکرد. رەنگە بتوانین دابەشبوونی کوردەکان راستبکەینەوە گەر توانیمان هاوکاری ئەم حکوومەتانە بکەین بۆ ئەوەی پتر دان بە خۆیاندا بگرن و پتر پشتگیری یەکدی بکەن بەبێ ئەوەی پێویست بکات ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێوەردان بکەن. من پێم وایە لە کۆتاییدا سەرکردەیەکی دیکە جێی مالیکی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی ناوچەکان، بە تایبەتی لە کوردستاندا هەڵدەستنەوە ئەوە بە مالیکی رادەگەینن کە ئازادی و سەقامگیری و سەربەخۆیی و ئایندەی دانیشتوانەکەم لە مەترسیدایە و پێویستە دەستپێشخەری بکەم و هەڵبستم بە دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە و تەنگژەکانم و، بە رەچاوکردنی ئەو نموونەیە خەڵکانی دیکە ژیری و بوێری خۆیان دەخەنەگەڕو خۆیان بەرپرسیاریەتی دەگرنە ئەستۆ. ئەمەش زۆر زەحمەتتر و دژوارترە لەوەی دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی خەڵکی نیگەران بوون و مەترسیان هەبوو لە دەرئەنجامە سیاسیەکانی ئەم هەنگاو و ئەم هەڵوێستە، بەڵام کوردەکان رچەیان شکاند و رایانگەیاند دەمانەوێت ببینە هاوبەش و شەریکێکی یەکسان لە بنیاتنانی سەربەخۆی و ئایندەی عێراقدا و، نامانەوێت بەشداربین لە تێکشکاندن و لە ناوبردنی ئەم ولاتەداو، من دڵنیام سالانێك دوای ئێستا کاتێك خەڵکی لە رابردوو دەڕوانن و لەم بارودۆخەی ئێستا ورد دەبنەوە دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەمە نەك هەر خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی کوردستان و پەیوەندی نێوان عێراق و تورکیادا بەڵکو خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ تەواوی نەتەوەکەش و، شتێك بوو توانی کات و توانا و نموونەیەکمان پێببەخشێت بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوەبچین و، بۆ ئەوەی ئاشتی و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزین. بەڵام گرفتەکە لە لاوازی حکوومەتەکەی مالیکیدایە و، لە رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو بەرپرس و کاربەدەستە حکومیانەدایە کە رەنگە لە پێناوی دەستکەوتە سیاسی و ئابوورییە شەخسییەکانی خۆیاندا یاخود بەهۆی ناکۆکی و رکابەرە ئاینییەکانیانەوە زیان بە رەوتی بەرەوپێشچوونی نەتەوە و دەسەلاتە مەحەلییەکان بگەیەنن و، رێگە لە دەرکەوتنی ئەو راستییە بگرن کە عێراقییەکان بە هەموو بەش و چینەکانیانەوە بوێری و ئازایەتییەکی زۆریان خستۆتەگەڕ بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە، من پێم وایە ئەوە مەترسییە راستەقینەکەیە و، ئەوە تەحەددا راستەقینەکەیە. دوایین جار کاتێك پێکەوە گفتوگۆمان کرد زۆر بە روونی ئەوەم گوت کە پێش ئەوەی بارودۆخەکە بە ئاراستەی باشتربووندا هەنگاوهەڵبگرێت ئەوا بە ئاستێکی مەترسیدار بەرەو خراپ بوون دەچێت، بەڵام ئێستا من گەشبینم، بەشێکی ئەم گەشبینییەشم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کوردستاندا روویدا کە چۆن توانرا گرژی و ئاڵۆزی و هەڵچوونێکی تا دوا رادە مەترسیدار هێوربکرێتەوەو، گەر لە تێکڕای کێشە و گیروگرفتەکانی عێراق بڕوانیت و، گەر سەرکردەکانی ناوچەکان دەستپێشخەریان کردو هەڵسان بە چارەسەرکردنیان و ئەم بەرپرسیارێتیەیان گرتەئەستۆ لە بری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوا ئومێدی ئایندەیەکی باش بۆ ولاتەکە لە ئارادا دەبێت.

### عیراقیەکان دەتوانن هەرێمی کوردستان بکەنە نموونەیەک بۆ ئەوەی هێزە دەرەکییەکان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بەکاریان نەهێنن

***-پێت وایە عێراقییەکان بتوانن پێکەوە دابنیشن و گفتوگۆ بکەن لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانیاندا، گەر ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پاشەکشەی کرد؟ پێت وایە باشوور و ناوەڕاستی عێراق سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەردەگرن لە چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ تورکیا لە ماوەی رابردوودا؟**

- من پێم وایە دەتوانن ئەو ئەزموونە وەك نموونەیەك وەربگرن بۆ گرتنەبەری رێگاچارەیەکی ئیجابی بۆ بنیاتنانی ئایندە نەك کاردانەوە لەسەر بناغەی ترس و نیگەرانی، هەروەها دەتوانن بیکەنە نموونەیەك بۆ ئەوەی رێگە نەدەن چیتر هێزە دەرەکییەکان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بەکاریان بهێنن، ناتوانین گریمانەی ئەوە بکەین دابەشبوون و ناکۆکییەکان لە شەو و رۆژێکدا یەکلادەکرێنەوە، لەبەر ئەوەی دابەشبوون و گرفتە ئاینییەکان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە لە سەر بناغەی هۆکارە ئابوورییەکان و و بیروباوەڕە سیاسییە جیاوازەکان سەریان هەڵدابوو کاتێکی دورودرێژی خایەند تاوەکو چارەسەرکران. بەڵام لەبەر ئەوەی رێگە بە دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان نەدرا و سەرکردەکانی ولاتەکە ئەوەیان راگەیاند کە ناتوانن چاوەڕوانی سەرکردەیەکی دیکە بکەن بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتییەکە بگرێتە ئەستۆ و، پێویستە خۆیان جڵەوی کاروبارەکان بگرنە دەست ئەوا پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون بەدەستهێنران. بەو پێیە سەرکردەکانی ناوچەو بەشەکانی دیکەی عێراق دەتوانن لە پابەندبوونی سەرکردە کوردەکان بڕوانن بەوەی کاروکۆششێکی جیددیان خستۆتەگەڕ و رێگاچارەی سەختیان گرتۆتەبەر بۆ بنیاتنانەوەی ولاتەکە و، متمانەیان بە خۆیان هەبێت کە دەتوانن هەمان شت دووبارە بکەنەوە. هەروەها ئێوە دەتوانن پەیامێك بۆ خەڵکانی دەرەوەی عێراق بنێرن ئەوانەی بە دوای ئاماژەکانی بەرەوپێشچووندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی هەست نەکەن بارودۆخەکە پێویست بە دەستێوەردان دەکات، هەروەها بۆ

**بۆ ئەوەی بتوانن سەقامگیری بچەسپێنن هەموو پێکهاتە عێراقییەکان لە داڕشتنی ئایندەی ولاتەکەدا بەشداری پێبکەن**

**من ئاماژەکانی گەشبینی بەدیدەکەم و پێم وایە ئاراستەکان بە ئاقاری سەقامگیریدا رێچکەیان گرتووە. بەڵام من لەوە نیگەرانم ئایا لە ئایندەی دووردا حکومەتی مالیکی هەڵدەستێت بە دابینکردنی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکانی عێراق و ئایا بەو شێوەیە سەرکردایەتی دەکات کە بە راستی ولاتەکە بەرەو عێراقێکی یەکگرتوو دەبات؟!**

> **ئەمەریکا پێی وابوو تەنیا بە رووخانی رژێمی سەدام حوسێن شتەکان بەشێوەیەکی سیحری دەچنەوە دۆخی سروشتی خۆیان**

ئەوانەی دەیانەوێت ئەو پشێویە ئیستیغلال بکەن بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئەوانەی پەرۆشی ئایندەی عێراق نین، لەبەر ئەوەی وایان لێدەکات بگەنە ئەو قەناعەتەی بڵێن هەل و دەرفەتەکانی بەکارهێنانی باوردۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆمان کۆتاییان پێهاتووە و کاتی ئەوە هاتوە دەست لەم وڵاتە هەڵبگرین و بارودۆخی وڵاتێکی دیکە بۆ سودی خۆمان بەکاربهێنین، چونکە چیتر خەڵکی عێراق کار و کردەوەکانمان قبووڵ ناکەن بەوەی ژیانی رۆژانەیان دووچاری هەرەشە و مەترسی بکەینەوە. لە کۆتاییدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تاوەکو پتر لە مێژووی خەڵکی عێراق بکۆڵمەوە پتر زیرەکی و بوێری و بەهێزی خەڵکی ئەم وڵاتەم بۆ دەردەکەوێت ئەمەش بۆتە سەرچاوەی هاندان و گەشبینییەك بۆ من.

## نیگەرانم لە ئایندەی دووردا حکوومەتی بەغدا ئایا حکوومەتی مالیکی هەڵدەستێت بە دابینکردنی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکانی عێراق؟

***چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت؟ چ پێشبینییەکت بۆ ئایندەی سیاسەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە لە عێراقدا؟**

- دوایین جار کە پێکەوە گفتوگۆمان کرد، بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوو و، لە چەندین رووەوە مایەی نائومێدی بوو، ئێستاش بارودۆخەکە ئاڵۆزە بەڵام من چەند خاڵێك بەدیدەکەم وام لێدەکەن لە جاری پێشوو گەشبینتر بم. خاڵێکی زۆر سەرەکی و بنەڕەتی هەیە من زۆر نیگەرانم لە بارەیەوە لە ئێستا و لە ئایندەدا ئەویش پەیوەستە بە توانای حکوومەتی ئێستای عێراقەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە و ئاراستەکردنی دامەزراوە حکوومییەکان بۆ ئەوەی بتوانن سەقامگیری بچەسپێنن و هەموو پێکهاتە عێراقییەکان لە داڕشتنی ئایندەی وڵاتەکەدا بەشداری پێبکەن، لە هەمووشی گرنگتر توانای حکوومەتی ناوەندی عێراقە بۆ ئەوەی هەنگاوی بنیاتنەرانە هەڵبگرێت بەهۆی ئەو سەرکەوتنە مەحەلیانەی بە دەستهاتوون وەك پاراستن و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ئەمنی ناوچەکانیان. سەرەڕای ئەو بەرەوپێشچوونانەی بەدەستهاتوون و سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە ئیجابیانەی هاتوونەتەدی گەر حکوومەتی عێراقی نەتوانێت هەموو ئەوانە یەکبخات و وەك یەك نەتەوە بەرەوپێش نەچێت ئەوا من نیگەرانم لەوەی هەموو ئەو سەرکەوتنانەی لە ماوەی ئەو شەش مانگ تا ساڵێکدا بەدەستهێنراون لە ناوبچن و هەرەس بهێنن. ئەو ناوچانەی دەکرێت ببنە جێی ئومێد و هیوا بریتین لە کۆمەڵگە مەحەلییەکان یاخود ناوچە مەحەلییەکان کە هەڵوێستیان وەرگرتووە و بارودۆخە پڕ لە پشێوی و توندوتیژەکە رەتدەکەنەوە و رایانگەیاندووە چیتر رێگە نادەین کەسانی دیکە ژیانمان هەراسان بکەن و بژێوی ژیانمان بخەنە مەترسییەوە و هەڕەشە لە خێزانەکانمان بکەن هەروەها ناهێڵین رێگەی خوێندن و پەروەردە لە منداڵەکانمان بگرن و کاروباری رۆژانەمان بشێوێنن. خەڵکانی ئەم ناوچانە پێکەوە کۆبوونەتەوە و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەیان لە یاخیبووان و پیاوکوژان کردۆتە شتێکی مەحاڵ، پێم وایە ئەوە ئیجابیترین ئاماژەیە. من لەو باوەڕەدام ئێمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەك لە شێوەکان سەرنجی ئەو کار و کۆشش و قوربانیانەمان نەداوە و، هەڵنەستاوین بە نرخاندنیان ئەو کۆشش و قوربانیانەی سەرباز و دیبلۆماتکارە ئەمەریکییەکان داویانە بۆ ئەوەی ئەم شتە ئیجابیانە روودەن. لە لایەکی دیکەوە بەهۆی پەیوەندیکردن و قسەکردنمەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی لەم وڵاتەدان یاخود ئەوانەی لەو وڵاتە گەڕاونەتەوە سەرنجی ئەوەمداوە عێراقییەکانیش ئەو هەوڵ و تێکۆشان و قوربانیدانە بێ ئەندازەیەی خۆیان نانرخێنن کە بۆ بەرجەستەکردنی ئاسایشی ئایندەی وڵاتەکەیان داویانەو، درکیان بەو راستییە نەکردووە سەرکەوتنەکانی شەش مانگ یاخود ساڵی رابردوو بەبێ ئەوان نەدەهاتنەدی، بەڵکو دەیگەڕێننەوە بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و ئەوە لەبەرچاوناگرن کە بوێری و هەستکردنی ئەوان بەوەی پێویستە یەکگرتوو و یەك دەست بن بەشداریکردووە لە خوڵقاندنی ئەم بارودۆخە نوێیە. کەواتە من ئاماژەکانی گەشبینی بەدیدەکەم و پێم وایە ئاڕاستەکان بە ئاقاری سەقامگیریدا رێچکەیان گرتووە. بەڵام من لەوە نیگەرانم ئایا لە ئایندەی دووردا حکومەتی ناوەندی یا حکومەتی مالیکی هەڵدەستێت بە دابینکردنی خواست و پێداویستییەکانی خەڵکانی عێراق و ئایا بەو شێوەیە سەرکردایەتی دەکات کە بە راستی وڵاتەکە بەرەو عێراقێکی یەکگرتوو دەبات؟!

> **گەورەترین تەحەددا ئەوەیە، ئەوەی پێوەی سەرقاڵن بریتییە لە پێشبڕکێکردن لەگەڵ کاتدا، چونکە ئێستا بارودۆخەکە سەختتر و مەترسیدارترە**

***زۆرێك لە شارەزایان ئەوە دەخەنەروو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ نەخشەیەکی نەبوو تاوەکو لە دوای گۆڕینی رژێمی سەدام حوسێنەوە پیادەی بکات، بەڵام ئێستا چوار ساڵ بەسەر داگیرکردنی عێراقدا تێپەڕیوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تاوەکو ئێستاش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ نەخشەیەکی نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشە و گرفتانەی روبەڕووبووی بوونەتەوە؟ یاخود ئایا هاوڕای لەگەڵ ئەوانەی پێیان وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی هیچ نەخشەیەك نەبووە و نییە؟**

من پێم وایە ئەوە گۆڕاوە. لە سەرەتادا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر بە گەشبینییەوە لە بارودۆخی دوای شەڕەکەی دەڕوانی پێی وابوو تەنیا بە رووخانی رژێمی سەدام حوسێن شتەکان بەشێوەیەکی سیحری دەچنەوە دۆخی سروشتی خۆیان، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو تێڕوانین و تێگەیشتنە دروست نەبوو، بەڵام ساڵ و نیوێك پێش ئێستا دروست دوای ئەوەی رۆبەرت گێتس پۆستی وەزیری بەرگری وەرگرت، هەوڵوکۆششێکی گەورەتر خرایەگەڕ بۆ راستکردنەوەی بارودۆخەکە و بۆ جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر دابینکردن و جێبەجێکردنی ئەوانەی دەبوو هەر لە سەرەتاوە پێی هەڵبسایانایە وەك گەڕاندنەوە و چەسپاندنی سەقامگیری و رەخساندنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و کۆنترۆڵکردنی سیاسییە یاخیبووەکانیان یاخود بەرهەڵستکارە ئاینییەکان یا پیاوکوژ و چەکدارە دەرەکییەکان و گرووپە هاوشێوەکانی دیکە ئەوانەی هەڕەشە لە ژیانی عێراقییەکان دەکەن. گرفتەکە ئەوەبوو ئاسان نەبوو پلانی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دابڕێژرایە لە کاتێکدا شەڕەکە سەرقاڵی کردووی، ئەوەش تەحەددا راستەقینەکەی بەردەم جەنەراڵ پەتریۆس و باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. گەر بە وردی لە بارودۆخەکە بڕوانیت ئاستی ئەو بەرەوپێشچوونەت بۆ دەردەکەوێت کە هاتۆتەدی، بەڵام ئەوەی نائاسوودەمان دەکات ئەوەیە دەبوو ئەم پێشەکەوتن و سەرکەوتنانە پێش چەند ساڵێك بهاتنایەتەدی. لە راستیدا ئاماژەکانی ئومێد و گەشبینی هەروەك پێشتر لە بارەیانەوە دوام بریتین لەوەی ئێستا گفتوگۆیەکی کراوە لە نێوان ئەمەریکییەکاندا دەکرێت دەربارەی پێداویستییەکانی عێراق و ئەو کارانەی پێویستە ئەنجام بدرێن لەوەش گرنگترە ئێستا وەك هاوبەش و هاوشانێکی یەکسان لە عێراقییەکان دەڕوانرێت، بەڵام زەحمەتییەکە ئەوەیە عێراقییەکان دوودڵن لەوەی متمانە بە پابەندبوون و کۆششەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەن لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا بارودۆخەکە زۆر بە خراپی بەڕێوەبراو، بە دڵنیاییەوە عێراقییەکان پتر ئێشوئازاریان چەشت کاتێك پلانەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ شکستیان هێنا و سەرنەکەوتن. بەڵام ئێستا چەند پلانێك داڕێژراون و جێبەجێدەکرێن کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و عێراقییەکان و دۆست و هاوپەیمانەکانی دیکە هەوڵێکی سەختیان گرتۆتەبەر بۆ سەرخستنیان، لەگەڵ ئەوەشدا، گەورەترین تەحەددا ئەوەیە، ئەوەی ئەوان پێوەی سەرقاڵن بریتییە لە پێشبڕکێکردن لەگەڵ کاتدا، لەبەر ئەوەی ناتوانرێت بووترێت ئێستا هەڵدەستین بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی نەمانتووانی پێش سێ ساڵ ئەنجامیبدەین، چونکە ئێستا بارودۆخەکە سەختتر و مەترسیدارترە، هەر ئەمەش وادەکات عێراقییەکان و خەڵکانی جیهان پتر بە گومانبن و داوای دەرئەنجامی خێرا بکەن نەك دەرئەنجامی عەمەلی و کردەیی، ئەمەش هۆکاری نائومێدییەکانی ناو ئەمەریکییەکان و بە دڵنیاییەوە عێراقییەکانە. لە لایەکەوە دەگەیتە ئەو خاڵەی کە ئاماژەکانی سەقامگیری و ئاماژەکانی ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو رێچکەیەکی راست ئاڕاستەی گرتووە و هەروەها ئاماژەکانی هاتنەدی ئایندەیەك کە عێراقییەکان خۆیان کۆنترۆڵی بارودۆخ و کاروبارەکانیان بکەن لە ئارادان لە لایەکی دیکەوە رەخنەکان زۆر بەهێزن

> **من دڵنیام بەڕێز مالیکی بە تەنگ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراقەوەیە، بەڵام رەنگە لە ئاستی تەحەددیاتەکانی کات و سەردەمی خۆیدا نەبێت**

لەبەرئەوەی نموونەیەکی زۆر کەمی سەرکەوتن هەیە لە رابردوودا، عێراقییەکان و بە هەمان شێوە ئەمەریکییەکان مافی خۆیانە بە گومان بن و بە وریاییەوە لە بارودۆخەکە بڕوانن کاتێك داوای ئارامی و خۆڕاگرتنی زیاتریان لێدەکرێت و داوای ئەوەیـــان لێدەکرێت دەرفەتی زیاتر بدرێت بە ســـەرکەوتنی هەوڵەکان، ڕەنگە ئەوە مەترســـیدارترین شـــتێك بێت لەو بارودۆخی ئێستا هاتۆتە ئاراوە هەروەك من دەیبنم.

## مالیکی لە ئاستی تەحەددیاتەکانی کات و سەردەمی خۆیدا نییە

***یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی شکســـتی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ خودی حکوومەتی عێراقی دەگەڕێتەوە، هەروەك دەبینین ســـەرۆکی ئەم حکوومەتە کە ســـەر بە پارتی دەعوەیە، سیاسییەکی بە توانا و لێهاتوو نییە و نەیتوانیووە زەمینەســـازی بۆ حکوومەتێکی کارا و ســـەرکەوتوو بکات، پرســـیارەکە ئەوەیە بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی گۆڕینی نادات بە کەسێکی عەلمانی؟**

-ئـــەوەی من دەیڵێم بـــۆ مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا و بە دڵنیاییەوە بۆ مێژووی وڵاتە عێراقیش راســـت و دروســـتە، ئەویش ئەوەیە هەندێك لە ســـەرکردە سیاسییەکان ڕەنگە کەسانی شایستە و گونجاو بن بۆ کات و سەردەم و بارودۆخێکی دیاریکراو، ئیتر ئایا سەردەمی گەشەکردنێکی گەورە بێت، یاخـــود بارودۆخێکی پڕ لە قەیران و تەنگژە بێت، یاخود کاتی شـــەڕ و مەترســـی، بەڵام کاتێك ئەو ســـەرکردانە لە پێگە و سەردەمێکی دیکـــەدا هەڵس و کەوت دەکەن ئەوا ڕەنگە بەو شـــێوەیە ســـەرکەوتوو نەبن. من دڵنیام بەڕێز مالیکی بە تەنـــگ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراقەوەیە، بەڵام ڕەنگە لە ئاستی تەحەددیاتەکانی کات و سەردەمی خۆیدا نەبێت، بەشـــێك لە هۆکارەکە بۆ ئەو بڕیارە دەگەڕێتەوە کە لە سەرەتای ئەم ناکۆکییەدا درا، ئەویش دەستپێکردنی پرۆسەی بنیاتنانی وڵاتی عێراق بوو لەســـەرەوە بۆ خوارەوە نەك بە پێچەوانەوە، بە گوازرشـــتێکی دیکە هەوڵدان بوو بۆ سازدانی هەڵبژاردنی نیشتمانی و پێکهێنانی حکوومەتی نیشتمانی لە کاتێکدا باوردۆخەکە پشـــێوی و مەترسی باڵی کێشابوو بەسەریدا لەسەر ئاستە مەحەلی و ناوچەییەکان. تێڕوانینی شەخسی من ئەوەیە گەر متمانەو کارایی و سەقامگیری لەســـەر ئاستی مەحەلی بنیات بنرایەو دەستبکرایە بە بنیاتنانەوەی قوتابخانە و ڕێگا وبانەکان و سیستمی هەڵبژاردنەکان، ئەوا ئێســـتا حکوومەتی ناوەندی گرنگ نیە حکومەتـــی مالیکی بێت یاخود کەســـایەتییەکی دیکە ســـەرۆك وەزیران بوایە ئەوا حکوومەتێکی بەهێزتر و لێهاتووتر دەبـــوو، خەڵکی عێراقیش بە ڕەوتێکی خێراتر بەرەوپێشـــدەچوون. بەداخـــەوە ناتوانین کات بگەڕێنینە دواوە و ئـــەو کارانە ئەنجام بدەین. من پێـــم وایە گفتوگۆیەکی زۆر لە عێراقدا دەکرێـــت و، گەورەترین نیگەرانی یاخـــود گەورەترین پرســـیار ئەوەیـــە نرخی لادان و گۆڕینی کەســـێك کە جڵـــەوی حکوومڕانی بەدەســـتەوەیە چەندە بە بەراورد بە هێشـــتنەوەی ئەو کەســـایەتییە و پەرەپێدانی دامەزراوەکانی حکوومڕانیکردن. ئەوەی من زۆر نیگەرانم لێی ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵبســـتێت بە لادان و ئاڕاستەکردنی ســـەرکردەیەکی هەڵبژێردراوەکانی عێراق، کە لە زۆر ئاستدا و، لـــە چاوی ئەمەریکییەکان و تێکـــڕای جیهان و بە دڵنیاییەوە لە چاوی عێراقییەکانیشـــدا وەك شکستێکی گەورە لێکدەدرێتەوە. لە گۆشەنیگایەکی عەمەلییەوە گەر بگەڕێینەوە بۆ ســـەردەم و رۆژگاری شـــەڕی سارد ئەوا ئەوکاتانـــە وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا لە هەنـــدێ حاڵەتدا بڕیاری کۆنترۆڵکردنـــی بارودۆخێکی دیاریکراوی دەدا لەڕێی ســـازکردنی کودەتا و رووخاندنی ڕژێم و کوشـــتنی سەرۆك و سەرکردەکانی وڵاتەوە، بۆ نموونە کوشـــتنی ســـەرۆکی ڤێتنام بووە خاڵێکی وەرچەرخان لـــەو وڵاتەدا و دواتر بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەرچوو. هەروەها هەوڵەکان بۆ پشـــتیوانیکردن لە رووخاندنی ڕژێمەکان لە چیلی و گواتیمالا کە دواتر پشـــێوی باڵی بەسەر بارودۆخەکەدا کێشا و خەڵکەکە توانای بڕیاردانیان نەما. ئەمەش سەریکێشا بۆ خولقاندنی گرفتگەلێکی گەورەتر بۆ سیاســـەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە مەودای دووردا. مەبەســـتەکە ئەوەیە ڕەنگە ئەو سەرکردەیەی حکوومڕانێتی دەکات کەســـێکی شایســـتە نەبێت بۆ سەردەمی خۆی بەڵام ناکرێت وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵبســـتێت بە گۆڕینی بە بێ ئـــەوەی دەرئەنجامەکانی ئەو گۆڕینە لەبەرچاوبگرێت. بەڵام گەر جموجوڵ و چالاکی سیاســـی لە نێوان گرووپـــە جیاوازەکانی عێراقدا لە ئارادا بێت و هەموولا هاوڕابن لەســـەر گۆڕینی سەرکردەی وڵاتەکە ئەوا نەك هەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی جیهان سەرکردە نوێیەکە قبووڵ دەکەن و دانی پێدا دەنێن بەڵکو بە هەنگاوێکی گەورەی بەرەوپێشچوونیشـــی لـــە قەڵەم دەدەن بۆ بنیاتنانـــی ئایندەی عێراق. گـــەر گۆڕانەکە بەهۆی هێـــزە دەرەکییەکانەوە بێت و بە شـــێوەیەکی توندوتیژانە ڕژێمەکە بڕوخێنرێت ئەوا ئەمە دەبێتە شکســـتێك کە دەرئەنجامی کاولکاری لێدەکەوێتەوە بۆ ئەو هەوڵانەی پێویستە بخرێنەگەڕ بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکە. ئەوەی خەڵکی عێراق لێی نائومێدن ئەوەیە پشـــتیوانییەکی بەربڵاو نیە بۆ کارەکانـــی حکوومەت بۆ وڵاتەکە پێکەوە پەیوەســـت بکرێتەوە، تاکە بەدیل ئەوەیە بەرپرســـەکانی ناوچە دیاریکراوەکانی عێـــراق ئەوە رابگەیەنن کە بە لای کەمەوە حکوومەت لە ناوچەکەی مندا لە خەمی دابینکردنی خواست و پێداوێستیەکانی دانیشـــتوانی ناوچەکەیە و پشتیوانیان لێدەکات و ڕێزیان لێدەگرێت لە بری ئەوەی بەرپرسەکانی ئەم حکوومەتە لە هەوڵی پتەوکردنی دەسەڵات و زۆرکردنی داهاتەکانیاندا بن، وە بە شێوەیەك ڕەفتار دەکات کە بە ڕاستی لە بەرژەوەندی ئایندەی عێراقدایە. گەر پیاوانی پۆلیس و سەربازانی سوپا و بەرپرس و کاربەدەستە مەحەلییەکان و سەرکردە ئاینییەکان هەموویان بەم کارە هەڵبســـتن، نەك هەر عێراق بەرەوپێشـــەوە دەچێت بەڵکو مالیکیش دەتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بە شێوەیەکی کاراتر کاروبارەکان هەڵبسوڕێنێت و، ئەو کاتە سیستمێکی دادوەرانەش پێکدەهێنرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسەی جێی مالیکی دەگرێتەوە. بەڵام گەر بەرپرســـیارییەتی ئەم گۆڕانە بخرێتە ئەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوا دەبێتە هەنگاوێك هەڕەشەی لەباربردنی هەموو پێشـــکەوتنانە دەکات کە بەدەستهاتوون و دەبێتە خیانەتێك لەو قوربانیانەی بوێرانە داویانە.

## مالیکی لە پێگەیەکدا ناتوانێت بارودۆخەکە باشتر بکات بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانێت خراپتری بکات

***هەستێك لە ناو دانیشتوانی هەرێمی کوردستاندا دروست بووە کە سەرۆك وەزیرانـــی عێراق خوازیـــاری ئەوەبووە تورکیا هێرش بکاتە ســـەر هەرێمە و ئاسایش و ئارامی ئەم ناوچەیە بشێوێنێت؟**

- گەر بەڕاشـــکاوی بدوێم ئەوا ئێمە بە راســـتی نیگـــەران بووین لەوەی ئـــەو هێرش و داگیرکارییە رووبدات کە دەرئەنجامەکەی ڕوودانی کاولکاری دەبوو لە رووی سیاســـی و مادییەوە، ئەوە نەك هەڕەشـــە و مەترســـی بوو لەســـەر ناوچەیەکی دیاریکراوی عێراق بەڵکو بۆ سەر تێکڕای وڵاتەکەش، هەرچەندە هێشتا بە تەواوەتی مەترسییەکە نەڕەویوەتەوە و هێشتا بارودۆخەکە لەرزۆك مەترسیدارە. بەڵام تا ڕاددەیەك زۆر هەستێکی ئاسودەی هەیە بەوەی پێشکەوتووترین و ســـەقامگیرترین ناوچەی عێراق کە دەکرێت ببێتە نموونە بـــۆ تێکڕای عێراق ڕووبەڕووی ئەم کاولکارییـــە نەبووەو و بارووۆدخەکە پتر هەڵکشـــانی بەخۆوە نەبینی، بەشێکی زۆری ئەوەش بۆ دان بە خۆداگرتن و ئارامی و ژیری و بوێری کوردەکان دەگەڕێتەوە کە خۆیان وەك هاوبەشێکی گرنگ و هەســـتیاری بنیاتنانی ئایندەی عێـــراق دەبینن و، ڕەنگە ئێوە لە من باشـــتر بزانن کە بۆی هەیە بارودۆخەکە بـــە ڕەوتێکی خێرا بگۆڕێت و ئاراستەیەکی مەترسیدار وەربگرێت و، مالیکی لە پێگەیەکدا گەر نەتوانێت بارودۆخەکە باشـــتر بکات بە دڵنیاییەوە دەتوانێـــت خراپتری بکات و، ئەوە یەکێکە لەو شـــتانەی وڵاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی جیهان لە نزیکەوە چاودێری دەکەن.

●●●
**گەورەترین پرسیار ئەوەیە نرخی لادان و گۆڕینی کەسێک کە جڵەوی حکوومڕانی بەدەستەوەیە چەندە بە بەراورد بە هێشتنەوەی ئەو کەسایەتییە و پەرەپێدانی دامەزراوەکانی حکوومڕانیکردن**
●●●

●●●
**کوشتنی سەرۆکی ڤێتنام بووە خاڵێکی وەرچەرخان لەو وڵاتەدا و دواتر بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەرچوو**
●●●

●●●
**ڕەنگە ئەو سەرکردەیەی حکوومڕانێتی دەکات کەسێکی شایستە نەبێت بۆ سەردەمی خۆی بەڵام ناکرێت ئەمەریکا هەڵبستێت بە گۆڕینی بە بێ ئەوەی دەرئەنجامەکانی ئەو گۆڕینە لەبەرچاوبگرێت**
●●●



# لە هەڵبژاردنەکـ
# ژەنرال موشەرەف هەوڵـ
# شەرعیەت بە کودەتا



# ـانی پاکـستاندا
# ـدەدات سندوقی هەڵبژاردن
# سەربازییەکەی بدات



پرۆفیسۆر سەید مینا جولحەسەن

لــە مانگی نۆڤمبەری رابــردوو لەو کاتەی لە پاکســتان باری نائاســایی راگەیێنرابــوو و، بێجگە لە حوکمی عەســکەری هیچ حوکمێکی دیکە لە پاکستان دەسەڵاتی نەبوو، ژەنراڵ پەرویز موشەرەف بەرگە ســەربازییەکانی داکەند و بەرپرسیاریەتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی سپارد بە ژەنراڵ ئەشفەق کیانی جێگری پێشووی فەرماندەی هێزە چەکدارەکان.

موشــەرەف بەم سیناریۆیە ویســتی ئەوە پیشانی جیهان بدات کە حوکمی هەشت ساڵەی لە پاکســتان کۆتایی هات و ئێستا پاکستان ئامادەباشە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنە نیشــتمانییەکانی سەرەتای ساڵی داهاتــوو "کە بڕیارە لــە ٢٠٠٨/١/٨ بەڕێوە بچێت"، بەشــێوەیەکی دیموکراسییانە ئەنجامبدات.

هەڵبژاردن و باری نائاسایی وڵات

دیموکراســی و بونیادی دامەزراوەی سیاســی بۆ گەشەپێدان و خۆشــگوزەرانی هاووڵاتیان ئەگەر هێندە ئاســان بوایە بە دەنگدان و دانانی سندوقی هەڵبژاردن بهاتایەدی، ئەوا ئێستا هەموو دەوڵەتانی جیهــان پارچەیەك بــوون لە دیموکراتی و لیبرالــی، بەڵام مێژووی سیاسی وڵاتانی هاوشــێوەی پاکستان ئەو راستییەی سەلماندووە کە بەبێ بوونی زەمینەی لەبار و تێگەیشــتنی تەواوی سەرکردەکان بۆ حوکمڕانی مەدەنی و دیموکراتی و ســەروەری یاســا، ئەوا دەنگدان و ســندوقی هەڵبژاردن چاوەڕێی هەموو شــتێکی لێدەکرێت، تەنیا سیســتەمێکی دیموکراســی نەبێت، لــەم بازنەیــەدا، زۆر زەحمەتە مەزەنــدەی ئەوە بکرێت هەڵبژاردنەکانی پاکســتان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتەدا دروست بکات.

حوکمڕانی موشەرەف تەنیا لە ساڵی "٢٠٠٧"دا

هەڵســەنگاندن و راوەستان لەســەر چۆنیەتی حوکمڕانی ژەنراڵ موشــەرەف لە ســاڵی ٢٠٠٧، خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ خوێنەرەوەی پرۆســەی هەڵبژاردنەکــە، کە هەفتــەی دادێ بەڕێــوە دەچێت، زنجیرەی رووداوەکان بەم شێوەیە حوکمڕانی ساڵی "٢٠٠٧" موشەرەف دیاریدەکات:

١- لــە مارتی ســاڵی ٢٠٠٧ ژەنراڵ موشــەرەف زۆر بە توندی نارەزایی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پاکستانی دامرکاندنەوە، ئەم نارەزایی دەربڕینە کە لەلایەن پاکســتانەوە سەرپەرشــتی دەکرا، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە موشــەرەف سەرۆکی دادگای باڵا و چەند ئەندامێکی دادگای باڵا دووربخاتەوە. بەمەش سەلماندنی لە پاکستاندا دادگای باڵا هیچ دەسەڵاتێکی نییە و، دامەزراوەیی دادوەری هیچ سەربەخۆییەکی نییە و لە پاکستاندا تەنیا یەك حوکمڕانی شەرعیەتی هەیــە کە ئەویش حوکمڕانی رژێمی عەســکەرتارییە کە بە رێگەی کودەتای ســەربازی هاتۆتە دەسەڵات، ئەم رەفتارەی موشەرەف بووە هۆکاری ئەوەی بەرەی ئۆپۆزســیۆن بەشــێوەیەکی نهێنی فراوانتر بێت.

٢- لە مانگی تەموزی ٢٠٠٧ هێزەکانی پاکســتان زۆر بە توندی هێرشیان کردە سەر مزگەوتی سوور، ئەم کارەی هێزە چەکدارەکان بووە هۆکاری ئەوەی:

أ- میلیشیاکانی خێڵەکانی پاکستان سنووری دەسەڵاتیان فراوان بێت و بە ئاشــکرا وەك هێزی چەکداری دەربکەون و تەحدای حکوومەتی عەسکەری موشەرەق بکەن.

ب- ئــەم بــارە ئاڵــۆزە بــووە زەمینەیەکــی لەبار بــۆ گروپە تیرۆریستییەکانی ناو پاکستان و ئەوانەشی لە سنوورەکانەوە دێنە ناو پاکســتان دروست بێت، بەمەش ژمارەی کاری تیرۆریستی زیاتر بێت و حکوومەتی پاکستانیش لە ئاستیدا دەستەوەستان بێت.

٣- راگەیاندنــی باری نائاســایی و پیادەکردنی حوکمی عورفی عەســکەری، واتە نەمانی دەســەڵاتی سیاسی و سەروەریی یاسا لە وڵاتــدا و هەموو پرنســیپەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت ملکەچ دەبێت بۆ حوکمی ســەربازی ژەنراڵەکان ئەم حاڵەتەش کە تا ٢٠٠٧/١٢/١٦، واتە هەتــا ٢٢ رۆژ پێش ئەنجامدانی هەڵبــژاردن، ئاماژە نییە بۆ ئەوەی کە پاکستان گەڕاوەتەوە بۆ باری ئاسایی و حوکمی عەسکەری کۆتایی هات، بەڵکو ئێستا پاکستان لە هەموو کاتێك ناسەقامگیرترە و هەوڵە تیرۆریستەکانی یەکدوو هەفتەی رابردوو شاهیدی حاڵی ئەو بارە نائاســاییەن، بەڵام ژەنراڵ موشەرەف کە ماوەی مانگێکە بەرگە ســەربازییەکانی فڕێداوە و بەرگی مەدەنی لەبەرکردووە، دەیەوێت بە رێگەی سندوقی دەنگدان کودەتایەکی دیکە ئەنجامبدات و شەرعیەت بۆ حوکمڕانییە سەربازییەکەی وەربگرێت.

٤- ســوکایەتی کردن بە ســەرکردایەتی پارتە ئۆپۆزســیۆنەکان، بەتایبەتی نەواز شــەریف سەرۆك وەزیرانی پێشوو سەرۆکی کۆمەڵی ئیســلامی پاکســتان MPL و هەروەها بەنازیر بۆتۆی ســەرۆك وەزیرانی پێشــووتری پاکســتان و ســەرۆکی پارتی گەلی پاکستان "ppp"، کە تا ئێســتاش بە راشکاوی ئەوە روون نییە ئەم دوو پارتە بەشــداری هەڵبژاردن نەکەن یان دەکشــێتەوە. بەڵام بەپێی مەزەندەی چاودێرانی بارودۆخی پاکســتان، ئەگەر گوشار نەخرێتە سەر پەرویز موشەرەف بەوەی هەڵبژاردنەکان لە ئاستی ستاندەری نێودەوڵەتی بێت و چاودێری نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان بەشــداری نەکەن، ئەوا زۆر زەحمەتە ئەم هەڵبژاردنە کاریگەری لەسەر ئاییندەی پاکستان دروست بکات.

٥- رژێمی عەسکەرتاری موشەرەف بنکەیەکی جەماوەری فراوانی نییە، لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا بە حوکمی ئاگر و ئاسن و لە



ژێر پەردەی شەڕی دژە تیرۆر و ڕاگرتنی سەقامگیری پاکستان، بە دەستێکی ئاسنین دژی هەر دەنگێك ڕاوەستاوە کە لەگەڵ حوکمڕانییە سەربازییەکەی یەکنەگرێتەوە، هەر بۆیە تەنیا هێزێك کە موشەرەف گرەوی لەسەر بکات هێزە چەکدارەکانی پاکستانە نەك جەماوەری پاکستان، هەر بۆیە مەترسی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە سندوقەکانی دەنگدان لەژێر گوشاری هێزە چەکدارەکاندا ببینن.

لەژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی عەسکەرتارییدا میدیا ئازادبوونی نییە ئێستا لە پاکستان ئازادی ڕادەربڕین سنووردارە، بەتایبەتی لەو بارودۆخەی کە دەبێتە باری نائاسایی، پاکستان دەبێتە بازنەیەکی داخراو و دابڕاو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەر دەسەڵاتێکیش لە میدیای ئازاد بترسێت و ئازادی ڕادەربڕین پێشێل بکات چاوەڕێی ڕەفتاری دیموکراسییانەی لێ بکرێت.

لە گریمانەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی
ئازاد و عادیلانە لە پاکستاندا

هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە لە وڵاتانی پاکستان و هاوشێوەی پاکستاندا هەرگیز بەو ئاستە بەڕێوەناچێت، دامەزراوەی لیبرال دیموکراتی بەرهەم بهێنێت، بەڵام ئەگەر وەك گریمانەیەکی سیاسی باس لەو زەمینەیە بکەین کە ئەم جۆرە هەڵبژاردنەی تیایدا ئەنجامدەدرێت، ئەوا پێویستە پەروێز موشەرەف ئەم هەنگاوانەی هەڵبگرتایە:

-١ کۆتایی هێنان بە باری نائاسایی، واتە لەسەر ئەرزی واقیع بارودۆخی پاکستان ئاسایی بکرایەوە و هاووڵاتییانی پاکستان متمانەیان بە ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکە هەبوایە، نەك باری نائاسایی کۆتایی پێهێنراوە، بەڵام بارودۆخەکەش لەسەر ئەرزی واقیع ئاسایی نییە.

-٢ ئازادکردنی سەرجەم بەندکراوە سیاسییەکان کە بێگومان لە وڵاتێکدا بەندی سیاسی بە ژمارەیەکی یەکجار و زۆر، لە تەواوی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان هەبێت و لە قەفەزکراین، ئەوا دەنگە جیاوازەکان




کپکراونەتەوە و، ئەم پرۆسەیەش کە بەبێ بەشداری ئەو دەنگانە بەڕێوەبچێت بێجگە لە سیناریۆیەك هەرگیز پرۆسەی دیموکراسی نابێت.

-٣ فەراهەمکردنی زەمینەی لەبار بۆ بەشداری لایەنە سیاسییەکان بۆ بەشداری تەواو لە هەڵبژاردن و تەرخانکردنی بودجەی یەکسان بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن کە بێگومان ئەمەش لە پاکستان بوونی نییە و لە ماوەی ئەم هەفتەیەشدا ئەمە ناکرێت.

-٤ لابردنی ئاستەنگەکان لەبەردەم میدیای ئازاد.

-٥ ڕێگەدان بە چاودێری نێودەوڵەتی و پابەندبوون بە بنەماکانی ستاندەری نێودەوڵەتی بۆ ئەم هەڵبژاردنە.

-٦ بێ لایەنی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان، کە تا ئێستا بێجگە لە موشەرەف هیچ لایەنێکی سیاسی بە تەواوی لە ئەدای لیژنەی باڵای هەڵبژاردن ڕازی نییە.

بایەخی هەڵبژاردنەکانی پاکستان
مەترسی سەرنەکەوتنی ئەم پرۆسەیەیە

ڕۆژئاوا بە گشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتایبەتی، باشترین مۆدێل بۆ دیموکراسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بە مۆدێلی دیموکراسی تورکیا دەزانێت و ئەگەر هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی بتوانێت بەهاوشێوەی تورکیا پرۆسەی دیموکراسی بەڕێوەبەرێت، ئەوا ئەمەریکا وەك هەنگاوێکی پۆزەتیڤ پێشوازی لێدەکات، ئەمە لە کاتێکدا هەموو ڕۆژانە گوێبیستی ئەوە دەبێت کە ئاستی دیموکراسییەتی تورکیا بەپێی پێوەرەکانی کۆبنهاگن چەند لاسەنگە و تا ئێستاشی لەگەڵدابێت حکوومەتە یەك لە دوا یەکەکانی تورکیا نەیانتوانیووە بچووکترین هەنگاو بەرەو جێبەجێکردنی ئەو پێوەرانە هەڵبگرن کە بریتییە لە هەموارکردنی ماددەی (٣٠) دەستوور کە تایبەتە بە ئازادی ڕادەربڕین لە تورکیادا و هەتا ئێستاش سیمای حوکمڕانی لە تورکیا سیمای ژەنراڵە سەربازییەکانە.


ئەگەر ئەم حاڵە سلبییەی دیموکراتی وەك مۆدێلێك بۆ پاکستان وەربگرن، ئەوا سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن بە پێوەری مۆدیلی تورکیا دەپێورێت، بەڵام دیسان، ئەم پێوەرەش بۆ پاکستان پێوەرێکی قورسە و مەزەندە ناکرێت ئاستی هەڵبژاردنەکانی پاکستان وەك هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەڕێوە بچێت، لەم حاڵەتە بایەخی هەڵبژاردنەکەش دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێك پرسیار کە گرنگترینیان ئەوەیە ئایا ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لە نێوان دیموکراسی و سەقامگیری کامیان هەڵدەبژێرین؟ لەم هاوکێشەیەدا کە هیچ گومانی تێدا نییە سەقامگیری شانسی گەورەتری دەبێت و دەبێتە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە پێگەی موشەرەف بەهێزتربێت و هەر سوپا دەسەڵاتی یەکەم دەبێت، بەڵام ئەمجارەیان بە پۆشاکی مەدەنییەوە نەك بە بەرگی سەربازییەوە.

بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم باسە گوڵان پەیوەندی بەم بەڕێزانە کرد.

-١ پرۆفیسۆر سەید مینا جولحەسەن لە زانکۆی کاراچی لە پاکستان

-٢ پرۆفیسۆر سەلیم کیدەوەی لە زانکۆی جەواهیر لال نەهرۆ لە هیندستان

گوڵان وێڕای ئەوەی سوپاسی بەشداری ئەو دوو بەڕێزە دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا بە خوێنەرانی خۆی ڕادەگەیەنێت کە ئەم دوو بۆچوونە دووبۆچوونی جیاوازن و دەربڕی ڕەنگدانەوەی واقیعی


پرۆفیسۆر سەلیم کیدەوەی

### پرۆفیسۆر سەید مینها جولحەسەن لە زانکۆی کاراچی پاکستان بۆ گوڵان:

# هەڵبژاردن دەسەڵاتی موشەرەف کەمناکاتەوە



**■ پرۆفیسۆر سەید مینها جولحەسەن کە ئێستا ئوستادی مێژووە و لە زانکۆی کاراچی پسپۆر و تایبەتمەندە لە بزاڤی رزگاریخوازی پاکستان و گەشەسەندنی سیاسەت لە پاکستان لە -١٩٤٧ تا ئێستا، نامەی دکتۆراکەی لە زانکۆی واشنتۆن ئامادە کردووە و تێزی نامەکەشی بەناونیشانی حوکمڕانی پاکستان لە سەردەمی عەبدولقەبوم خان ١٩٣٧-١٩٥٣.**

**سەبارەت بە بارودۆخی پاکستان و رەوتی بەرەوپێشەوەچوون و ئامادەکاری سیاسی بۆ هەڵبژاردنەکانی پاکستان، گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر سەید مینا جولحەسەن کرد و لە دیمانەیەکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.■**

**دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەرچیەک بن دەسەڵاتی ڕاستەقینە هەر لە دەستی موشەڕەفدا دەمێنێتەوە**

*** بڕیار وایە لە مانگی کانونی دووەمی داهاتوودا هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان بەڕێوەبچن کە بە یەکەم پرۆسەی دیموکراتی لە قەڵەم دەدرێن لە دوای هەشت ساڵ لە حکومڕانێتی سەربازی، رەنگدانەوە و کاردانەوەی ئەم هەڵبژاردنانە لەسەر داهاتووی پاکستان چی دەبێت؟**

- من پێم وایە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەرچیەك بن ئەوا دەسەڵاتی راستەقینە هەر لە دەستی جەنەراڵ موشەرەفدا دەمێنێتەوە. ئەگەری گەورە ئەوەیە ئەو پێکهاتەیەی پەرلەمان کە لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە دەکەوێتەوە بە چەشنێك بێت کە هیچ پارتێك لە پێگەیەکی ئەوتۆدا نەبێت کە بە تەنها حکومەت پێکبهێنێت وهەڵبسوڕێنێت لەبەر ئەوە ڕەنگە دەسەڵاتی ڕاستەقینە هەر لە دەستی موشەڕەفدا بمێنێتەوە. لەم ساتەدا پێدەچێت مەسەلەکە بەو شێوەیە بێت، هەر ئەمەش وای لێکردووە کە گەرەنتی ئەوە بکات کە بە لای کەمەوە بۆ پێنج ساڵی داهاتوش لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. لە مێژوی پاکستاندا سەرۆکێك بەدیناکەیت کە بە هۆی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە هاتبێتە سەردەسەڵات و دواتر بە هۆی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە لە دەسەڵات دوورخرابێتەوە.

**موشەرەف لە ژێر گوشاردا وەک سیاسییەکی مەدەنی رەفتار دەکات**

***مانگی ڕابردوو جەنەراڵ پەروێز موشەرەف جل و بەرگی سەربازی دانا و بەرپرسیارێتی سەربازی سوپای وڵاتەکەی بە جەنەراڵ ئەشفەق کیانی سپارد، پێت وایە ئەم رەفتارەی سەرۆك موشەڕەف دەگۆڕێت لە سەرکردەیەکی سەربازییەوە بۆ سیاسییەکی مەدەنی؟**

- من دڵنیانیم لەوەی وەکو سیاسییەك ڕەفتار و هەڵس و کەوت دەکات، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە موشەڕەف خوازیاری ئەوەیە وەك سیاسییەك درێژە بە ململانێ و رکابەری بدات، هەر ئەمەش وای لێکرد دەست لە پۆستی فەرماندەی دەستەی ئەرکانی سوپا هەڵبگرێت لەبەر ئەوەی رووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر دەبۆوە. هەروەها ئەو بەڵێنی بە دادگای باڵای وڵاتەکە دابوو کە ئەم پۆستە جێبهێڵێت هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بووە سەرۆکێکی مەدەنی.

**تاوەکو موشەڕەف لە ناو هاوکێشەکەدا بێت**

ئەوا ئەگەری گۆڕانی بارودۆخەکە کارێکی پێشبینی نەکراوە

*** هەروەك ئاشـــکرایە ئیدارەی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی جۆرج بۆش پەیوەندیگەلێکی بەهێزی لە گەڵ حکومەتەکەی پەروێز موشـــەڕەفدا هەیە، ئێســـتاش ئەگەری گۆڕینی موشـــەڕەف لـــە ئارادایە ئەگەر ســـەرۆکێکی نوێ لە پاکســـتاندا جڵەوی کاروباری گرتەدەست ئایا سیاسەتی ئەمەریکا چ گۆڕانێکی بە سەردادێت لە ڕوی پشتیوانیکردن لە دامەزراوەی ســـەربازی و سوپای پاکستان بۆ درێژەپێدانی شەڕی دژە تیرۆر؟**

من پێـــم وانیە ئەگەرێکی وا لـــە ئارادابێت. تاوەکو موشـــەڕەف لە ناو هاوکێشـــەکەدا بێت ئەوا ئەگەری گۆڕانی بارودۆخەکە کارێکی پێشـــبینی نەکراوە. حاڵـــی حازر پەروێز موشـــەڕەف ڕایگەیاندوە کە ڕێگە بە چاودێرە نێودەوڵەتیـــەکان دەدات تاوەکو چاودێری چۆنیەتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بکەن. من پێم وانیە لەم بڕیار و بەڵێنەشی پاشـــگەزببێتەوە لە بەر ئەوەی کاریگـــەری و ڕەنگدانەوەیکی خراپی دەبێت لەســـەر میسداقیەت و راســـتگۆی خۆی. لە لایەکی دیکەوە هەردو پارتەکەی نەواز شەریف و بەنازیر بۆتۆ بڕیاری بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا داوە و ئەگەری ئەوە نیە بڕیارەکەیان بگۆڕن.

***هەڵبژاردنەکان پاکستان هەنگاوێگن بەرەو دەسەڵاتی دیموکراسی و دوورکەوتنەوە لە حکومڕانێتی سەربازی، ئایا چ شتێك زەمانەتی ئەوە دەکات ئەم پرۆسەیە نەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی پاکستان؟**

- پرۆســـەی بە دیموکراتیکردن پرۆسەیەکی سەخت و دووردرێژە. بە تێڕوانینـــی هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنانە هەڵبژاردنی بێ کەم و کورتی نیـــن و ڕەنگە ململانێیەکی راستەقینەشـــی تێـــدا بەدینەکرێت بەڵام دەکرێت بە هەنگاوێك بۆ پێشـــەوە لـــە قەڵەمی بدەین. هەروەها حاڵی حازر موشـــەڕەف دەستی لە فەرماندەی دەســـتەی ئەرکانی سوپای وڵاتەکە هەڵگرتووە، کە بە دڵنیاییەوە دەبێت دەسەڵات لە گەڵ هەندێك لـــە حکوومەتـــە هەڵبژێردراوەکەدا دابەش بکات، ئەم دابەشـــکردنی دەسەڵاتەش گۆڕانکاری ئیجابی لێدەکەوێتەوە.

**لە بلوجستان کێشە و گرفت هەیە و ڕەنگە چەند بڕیارێکی سەخت لەو ناوچانەدا وەربگیرێت بەڵام نەک لەسەر ئاستی نیشتمانی**

*** هەروەك دەزانین کە پیادەکردنی حوکمی سەربازی و سەپاندنی باری لە ناکاو بونەتە خەســـڵەتی حکوومڕانێتی موشەڕەف، کە راگەیاندنی باری لە ناکاو درێژەی کێشا تاوەکو ١٦ کانونی یەکەم. ئایا ئەگەری ئەوە لە ئارادانیە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا پەنا بۆ سەپاندنی باری لە ناکاو ببرێتەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە ئەو کاتە چۆن هەڵبژاردنەکان بەڕێوەدەچن؟**

- حاڵی حازر باری لە ناکاو هەڵوەشـــێنراوەتەوە ئەمە یەك. دوەم شت ئەوەیە کە تەنها لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی وەك بلوجستان کێشە و گرفـــت هەیە کە پێم وانیە ئەوە دەبێتە هۆی ســـەپاندنی باری لە ناکاو لە سەر ئاســـتی نیشتمانی، ڕەنگە چەند بڕیارێکی سەخت لەو ناوچانەدا وەربگیرێت بەڵام نەك لەسەر ئاستی نیشتمانی.

### دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان

کاریگەریان لە سەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتی موشەڕەف نابێت

*** ئێمە دەزانین ئەمەریکا چەندین بەرژەوەندی گرنگی لە پاکســـتاندا هەیە، ئایا هەڵوێست و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت لە ئاست پاکستاندا لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان؟**

- نیگەرانی ســـەرەکی وڵاتـــە یەکگرتوەکانی ئەمەریـــکا بریتیە لە موشـــەڕەف و سیاســـەتی موشـــەڕەف لە ئاســـت ئەمەریکادا. من دەتوانـــم ئەوەت پێ بڵێم کە دەرئەنجامـــی هەڵبژاردنەکان کاریگەریان لە سەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتی موشـــەڕەف نابێت، هەر لەبەر ئەوە بەرژەوەندیەکانی واشـــنتۆن دوچاری مەترســـی نابێـــت لەبەر ئەوەی موشەڕەف هەروەك خۆی دەمێنێتەوە و درێژە بە هەمان سیاسەتی پێشو دەدات لە ئاست ئەمەریکادا.

### پەروێز موشەڕەف بە مەرسومێک چۆنییەتی بڕیاردانی لە بارەی چەکە ناوکییەکانی خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە


*** گەر نەواز شەریف جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست ئایا چ گۆڕانکاریەك لە سیاسەتی پاکستاندا ڕودەدات لە ئاست ئەمەریکادا؟**

- من پێم وانیە هیچ سەرکردەیەکی هەڵبژێردراو بتوانێت گۆڕانکاری گـــەورە و بەرچاو بهێنێتـــەدی، لەبەر ئەوەی پەروێز موشـــەڕەف بە مەرســـومێك چۆنیەتی بڕیاردانـــی لە بارەی چەکـــە ناوکییەکانی پاکستانەوە خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بەو پێیە ئەوەی پەیوەندی بە پرۆســـەی بڕیارســـازیەوە هەبێت ئەوا دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان گۆڕانـــکاری گەورە ناهێننە ئـــاراوە. لەبەر ئەوە تا موشـــەڕەف لە گۆڕەپانەکەدا بێت ئەوا درێژە بە هەمان سیاسەتی پێشو دەدات.

**موشەڕەف خوازیاری ئەوەیە وەک سیاسییەک درێژە بە ململانێ و رکابەری بدات، هەر ئەمەش وای لێکرد دەست لە پۆستی فەرماندەی دەستەی ئەرکانی سوپا هەڵبگرێت لەبەر ئەوەی رووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر دەبۆوە**

**نیگەرانی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریتیە لە موشەڕەف و سیاسەتی موشەڕەف لە ئاست ئەمەریکادا**

**تەنها لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی وەک بلوجستان کێشە و گرفت هەیە کە پێم وانیە ئەوە دەبێتە هۆی سەپاندنی باری لە ناکاو لە سەر ئاستی نیشتمانی**



### پرۆفیسۆر سەلیم کیدەوەی لە زانکۆی جەواهیر لال نەهرۆی هیندستان بۆ گوڵان:

# تەنیا ڕێگە بۆ مانەوەی موشەرەف لە دەسەڵاتدا، هاوپەیمانیە لەگەڵ پارتە سەرەکییەکاندا



**پرۆفیسۆر سەلیم کیدەوەی ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی جەواهیر لال نەهرۆ لە هیندستان و پسپۆر و تایبەتمەندە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی ناوخۆی پاکستان و چەندین کتێبی هەیە لەوانە:**

**١- ئیسلام و ئەمەریکا و باشووری ئاسیا**

**٢- پەیوەندییەکانی ئیندۆ سۆڤیەتی و روسیا و نیودەلهی**

**٣- جواهیر لال نەهرۆ و سیستەمی نوێی جیهان.**

**هەروەها پرۆفیسۆر کیدەوەی چەندین توێژینەوە و دیراساتی لەسەر کێشەی کشمیر هەیە کە تا ئێستاش کێشەیەکی هەڵواسراوە لە نێوان هیندستان و پاکستاندا.**

**بۆ قسەکردن لەسەر باری ناوخۆی پاکستان و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پاکستان گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر کیدەوەی کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

### موشەرەف لە ژێر فشاری نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا دەبێت وەک کەسایەتییەکی سیاسی و مەدەنی رەفتار بکات

***مانگی ڕابردو جەنەراڵ پەروێز موشەرەف جل و بەرگی سەربازی دانا و بەرپرسیارێتی سەربازی سپارد بە جەنەراڵ ئەشفەق کیانی، پێت وایە ئەم ڕەفتارە سەرۆک موشەڕەف دەگۆڕێت لە سەرکردەیەکی سەربازییەوە بۆ سیاسییەکی مەدەنی؟ هەروەها ئایا پێت وایە سەرۆک موشەڕەف کە جەنەراڵێکی سەربازیە و لە ڕێی کودەتای سەربازیەوە هاتۆتە سەر دەسەڵات دەست لە دەسەڵات هەڵدەگرێت گەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا؟**

- بەڵێ، لەبەر ئەوەی لە ژێر فشاری نێوخویی و نێودەوڵەتیدا دەبێت وەك کەسایەتییەکی سیاسی و مەدەنی ڕەفتار بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە بە پشتیوانی دامەزراوەی سەربازی وڵاتەکە. سەبارەت بەوەشی ئایا موشەرەف دەستبەرداری دەسەڵات دەبێت بە شێوەیەکی دیموکراسیانە من پێم وایە ئەوە دەوەستێتە سەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان گەر موشەڕەف توانیتی زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت ئەوا وەك سەرۆکێکی مەدەنی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی دەدات. نمونەش هەیە لە مێژوی پاکستاندا کە دەتوانین ئاماژە بە یۆحان بکەین کە بە کودەتای سەربازی هاتە سەر حوکم و دواتر لە هەڵبژدارنەکاندا لە بەرامبەر محمد عەلی جەناحدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و وەکو سەرۆکێکی مەدەنی درێژەی بە دەسەڵاتی خۆیدا.

### گومان لە پاکی و عەدالەتی هەڵبژاردنەکان هەیە

***لە دوای هەشت ساڵ لە حکوومڕانێتی سەربازی، بڕیار وایە لە مانگی کانونی دووەمی داهاتودا هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان بەڕێوەبچن کە بە یەکەم پرۆسەی دیموکراتی لە قەڵەم دەدرێن،ئایا ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی ئەم هەڵبژاردنانە لەسەر داهاتووی پاکستان چی دەبێت؟**

- من گومانم لە پاکی و عەدالەتی هەڵبژاردنەکان هەیە لەبەر ئەوەی دەستەی حکوومڕان هەمو شتێکیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەڵام بڕیارە ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام بدرێن کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری لە سەر ژیانی سیاسی وڵاتەکە دەبێت. هەروەها هیچ گومان لەوەدا نیە کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پرۆسەی بە

ديموكراتيكردن و حكوومڕانيكردن بە شێوەيەكی ديموكراسييانە.

**لەوانەيە بەنازير بۆتۆ**
**لەگەڵ موشەرەف ڕێكبكەوێت**

***ئايا ئەگەری ئەوە هەيە كۆمەڵەی موسڵمانانی پاكستانی بە سەرۆكايەتی نەواز شەريف و پارتی گەلی پاكستانی بە سەركردايەتی بەنازير بۆتۆ بەرەيەكی يەكگرتوو پێكبهێنن بۆ لادانی پەروێز موشەڕەف لە سەر تەختی دەسەڵات؟**

بەڵێ ئەوە يەكێكە لە ئەگەرەكان لەبەر ئەوەی خاڵی هاوبەش هەيە لە نێوان ئەو دو پارتەدا. هەروەها يەكێكی ديكە لە ئەگەرەكان بريتيە لەوەی يەكێك لەو دو پارتە لە گەڵ پەروێز موشەڕەفدا ڕێكەوتن بكات ئەويش پارتەكەی بەنازير بۆتۆيە.بەڵام گەورەترين كێشە ئەوەيە حكوومڕانێتی سەربازی لە ئارادايە و سەرۆك موشەڕەف لە لايەن دامەزراوەی سەربازی وڵاتەكەوە پاڵپشتی لێدەكرێت. بۆ هێنانەدی دەسەڵاتێكی ديموكراسی ڕێككەوتنێكی هاوبەش لە نێوان پارتە سەرەكييەكانی وڵاتەكەدا كارێكی پێويستە و مەرجێكی سەرەكيە ئەگەرنا بارودۆخەكە گۆڕانكاری بەسەردا نايەت.

**ئاستی جەماوەری موشەرەف دابەزيووە**

***ئاستی پشتيوانی جەماوەری موشەڕەف لە دابەزيندايە، هۆكارەكەش بۆ دژايەتی سەرۆك موشەڕەف دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵگەی مەدەنی و لە سەر كارلادانی گەورە دادورەی دادگای باڵای وڵاتەكە كە كاريگەری لەسەر سەربەخۆی دەزگای دادوەری هەبو. پێوێستە موشەڕەف چ ڕێگا چارەيەك بگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی پشتيوانی جەماوەری زياتر؟**

- ئەو ڕەفتارانەی ئێوە ئاماژەتان پێكرد كاريگەری خراپی هەبوە لەسەر ميسداقيەتی موشەڕەف، باشترين ڕێگا ئەوەيە هاوپەيمانيەتيەك لە گەڵ يەكێك لە پارتە سەرەكييەكاندا ببەستێت كە ئەو پارتە خاوەنی بنكەيەك و پشتيوانييەكی جەماوەری بەرفراوان بێت.

***ئايا سياسەتی ئەمەريكا چ گۆڕانێكی بە سەردادێت لە ڕوی پشتيوانيكردن لە دامەزراوەی سەربازی و سوپای پاكستان بۆ درێژەپێدانی شەڕی دژە تيرۆر؟**

- گومان لەوەدا نيە حكوومەتەكەی موشەڕەف خاوەنی پەيوەنديگەلێكی باش و بەهێزە لە گەڵ ئەمەريكادا بەڵام گەر ميسداقيەتی موشەڕەف بە هۆی هەڵوێستی لە ئاست كۆمەڵگەی مەدەنی و ڕەفتارەكانی ديكەوە لاواز بو ئەوە جێی سەرسوڕمان نيە ئيدارەی ئەمەريكا دەست لە پشتيوانيكردنی موشەڕەف هەڵبگرێت و پشتگيری كەسێكی ديكە بكات كە خزمەتی بە بەرژەوەندييەكانی سياسەتی ئەمەريكا بكات، لەبەر ئەوەی لە دواجاردا ئەمەريكا كەسێكی دەوێت كە بەڵێی بۆ بكات.

**چەند ساڵێكە هەڵبژاردنی ڕاستەقينە**
**لە پاكستان ئەنجامنەدراوە**

***زۆرێك لە چاودێرە نێودەوڵەتييەكان نيگەران لەوەی نەتەوە يەكگرتووەكانی فشاری پێوێست نەخاتە سەر پاكستان تاوەكو هەڵبژاردنەكان بە شێوەيەكی ديموكراسی بەڕێوەبچن و لە لايەن شارەزا نێودەوڵەتييەكانەوە چاودێری بكرێن، ئەمەش ئەگەری بەشدارنەبوونی پارتەكەی نەواز شەريف و بەنازير بۆتۆ دەهێنێتە ئاراوە، ئايا بەشدارنەبوونی ئەم دو پارتە سەرەكييە چ كاردانەوەيەكی لەسەر پرۆسەكە دەبێت؟**

چەند ساڵێك دەبێت ئەم دو پارتە لە هەڵبژارنەكاندا بەشداريان نەكردوە، بەڵكو پارت و گروپە بچوكەكان بەشداريان دەكرد كە ململانێ و ڕكابەرايەتييەكی ڕاستەقينەی تێدا نەبو. بە تێڕوانينی من بەشداربونی ئەم دو پارتە لە هەڵبژاردنەكاندا گرنگی و كاريگەريەكی زۆری دەبێت. هەربۆيە بە ڕوانين و لەبەرچاوگرتنی رابردووی پاكستان ئەوا هيچ زەمانەتێك لە ئارادانيە. لە ڕاستيدا مانەوە و درێژەكێشانی ديموكراسی دەوەستێتە سەر سروشتی پارتە سياسيەكان و ئەو هاوپەيمانيەتييەی پێكی دەهێنن و كارايی و سەركەوتوويی ئەو دەسەڵاتی لەم پرۆسەيە دەكەوێتەوە لە گەڵ ئاست و ڕاددەی ڕازيبوون و پشتيوانی جەماوەری لە پارتە دەسەڵاتدارەكە، لەبەر ئەوەی بە داخەوە حكوومڕانە مەدەنييەكان لە حكوومڕانە سەربازييەكان باشتر نەبونە، بۆ نمونە، پێشتر نەواز شەريف كاتێكی جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست وەك ديكتاتۆرێك ڕەفتاری كرد.



**بۆ ئەمريكا ئەوە گرنگە**
**دەسەڵاتی ئايندەی پاكستان دژی**
**بەرژەوەندييەكانی نەبێت**

**• ئايا ئەگەری ئەوە لە ئارادانيە لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا پەنا بۆ سەپاندنی باری لە ناكاو ببرێتەوە؟ ئەگەر وەڵامەكە بەڵێيە ئە و كاتە چۆن هەڵبژاردنەكان بەڕێوەدەچن؟**

- من لەو باوەڕەدانيم بەم زوانە پەنا بۆ سەپاندنی باری لە ناكاو ببردرێت لەبەر ئەوەی وڵاتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكا و وڵاتە ئەوروپيەكان ڕەنگە ڕێگا بە هەنگاوێكی لەم چەشنە نەدەن.

من پێم وانيە گۆڕانكاری لە سياسەت و هەڵوێستی وڵاتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكادا ڕودەدات، ئەمەريكا نيگەرانە بەرامبەر سروشت و پێكهاتەی دەسەڵات و سياسەت لە پاكستاندا ئەگەر ئەو سياسەتەی پاكستان دەيگرێتەبەر دژ و پێچەوانە نەبوو لە گەڵ بەرژەوەندييەكانی ئەمەريكادا ئەوا گرنگ نيە چ كەس و لايەنێك كاروباری دەسەڵات هەڵدەسوڕێنێت لە پاكستاندا.

●●●

**لە پاكستان حكوومڕانە مەدەنييەكان لە حكوومڕانە سەربازييەكان باشتر نەبونە، بۆ نمونە، پێشتر نەواز شەريف كاتێكی جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست وەک ديكتاتۆرێک ڕەفتاری كرد**

●●●

●●●

**جێی سەرسوڕمان نييە بۆ ئيدارەی ئەمەريكا دەست لە پشتيوانيكردنی موشەڕەف هەڵبگرێت و پشتگيری كەسێكی ديكە بكات**

●●●

●●●

**گومانم لە پاكی و عەدالەتی هەڵبژاردنەكان هەيە لەبەر ئەوەی دەستەی حكوومڕان هەمو شتێكيان خستۆتە ژێر كۆنترۆڵی خۆيانەوە، بەڵام بڕيارە ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام بدرێن كە بە دڵنياييەوە كاريگەری لە سەر ژيانی سياسی وڵاتەكە دەبێت**

●●●



محەمەد شفیق
ئونجو- ئەڵمانیا

# خەونەکەی بێنەزیر بۆتۆ نیوەچڵ ما

ئێمە هەموو درەنگ هەستمان بە کورد بوونی بێنەزیر بۆتۆ کرد. ئەگەر هەڵە نەبم، یەکەمجار بروسك رەشڤان لە میانەی گوتارەکـــەی لە ژێر ناوی (رۆژێکـــی دەلال لەگەڵ بێنەزیر بۆتۆی کچە کورد) کە باســـی کـــورد بوونی خۆی دەکات. ئێمە لە دوای ئەم گوتارەکەی رەشـــڤان هەستمانکرد بێنەزیر بۆتۆ بە رەچەڵەك کوردە، دایکی ناوی بەگوم نوسرەت کوردی کەرمانشایە، باوکی زولفقار عەلی بۆتۆیە.

لەگولانـــی٢٠٠٢ شـــاندێکی Hadep لـــە کۆنگرەی سۆسیالیسی ناسیۆنالیستی لە کازابالانکا ئامادەبوو، هاوکات بێنەزیر بۆتۆ بەشـــداری لـــەم کۆنگرەیە کـــرد، ئەوکات بۆ یەکەمجار بە شاندی کوردی دەڵێت کوردم، سەرنجراکێشە کە بێنەزیر بۆتۆ بۆ ماوەیەکی درێژە کوردبوونی خۆی شاردۆتەوە، هۆکاری ئەم شاردنەوەیە وەکو خۆی دەستنیشانی دەکات: ئێوە دەزانن من لە چ بارودۆخێك دام، باوکم کوژراوە، هاوســەرەکەم لــە زیندانە، منیش لــە تاراوگە دەژیم، لەمانـــە هەموویان گرنگتر تورکیا و پاکســـتان دۆستی یەکترن. ئەگەر من زۆر بە راشـــکاوی کوردایەتی خۆم رابگەیاندبوایە، ئەوا لە دژی من بەکار دەهێنرا ئەم شـــتەش بۆ من و بۆ ئێوە(کوردان)هیچ سوودێکی نەدەبوو بەڵام ئێوە دەزانن بەڵام من بەردەوام لەگەڵ ئێوە (کورد) دامە.

ئـــەم چەند پەیڤانەی بێنەزیر بۆتۆ ئامـــاژە بە دڕندایەتی و دڵرەقـــی دەوڵەتی تورك دەکـــەن لەبەرامبەر گەلی کورد لە سەرانسەری جیهان.

دوای چەند ساڵێك دوای کۆبوونەوەی ساڵی ٢٠٠٢جارێکی دیکە لـــە کۆبوونەوەی سۆسیالیســـت ئەنتەرناســـیۆنال کە ئەمجارەیان سەرۆك کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی و سەرۆکی هەرێمی فیدراڵی کوردستان مەسعود بارزانی تێدا بەشداربوون بێنەزیر لەگەڵ سەرۆکی کوردان کۆبۆوە.

بێنەزیر بۆتۆ لە دیداری لەگەڵ بەرپرسی (ktv) لە ئەورووپا خەلیل سنجاری کە لە رۆژانی کۆنگرەکە ئەنجامیداوە، دەڵێ: خەونی من ئەوەیە سەردانی کوردستان بکەم. لە بەرئەوەی من زۆرم بیســـتووە لەسەر پارچە پارچەبوونی خاکی کوردستان و بێ وڵاتی کوردان، چۆن زوڵمیان لێکراوە، ئێســـتاش بوونەتە خاوەن قەوارەیەك و بەشێك لە خاکی کوردستانی ئازادە (لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دەژی).

بێنەزیر بۆتۆ لە تەمەنی (٥٤) ساڵیدا لەم شارەی کە باوکی تێدا لە ســـێدارە درا کوژرا. هەرچەندە قاعیدەی دەم بەخوێن، لێپرسراوی کوشـــتنی بێنەزیری خستە ئەستۆی خۆی، دوور نییە کە لە پشـــت ئەم کوشـــتنە پەرویز موشـــەرەف هەبێت. لەبەر ئەوەی ژەنراڵ موشەرەفی نەیدەخواست بۆتۆ بگەڕێتەوە وڵات.

پەرویزی دەسەڵاتدار ساڵانێکە لە ئامانجی قاعیدە و تاڵیبان خۆی پاراستووە دەیگووت بێنەزیر ناتوانێت خۆی بپارێزێت.

لەگـــەڵ گەڕانەوەی بێنەزیـــر بۆتۆ بۆ پاکســـتان تیرۆر پێشـــوازی لێکرد، وێڕای هەموو گەفو گوڕو و هەڕەشەکان قســـەی خۆی کرد: ئەو بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات و لە ژێر دەسەڵاتی پەرویز مشەرەف کار ناکات.

گەڕانەوەی بێنەزیر بۆتۆ چەند رۆژێکی بەسەردا تێنەپەڕی، پەرویز موشـــەرەف ناچار بوو دەستبەرداری پۆستی سەربازی بێت و بۆ ئەوەی بەشداری هەڵبژاردن بکات.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە تەدبیرەکانی ئاسایشی بێنەزیر بۆتۆ کەمبوون و نەیانتوانی بیپارێزن. دەربارەی ئەم بیروڕایانە باڵیۆزی پاکستان لە ئەمەریکا محمود عەلی دورانی رایگەیاند کە حکوومەت هەموو تەدبیرەکانی ئاسایشی وەرگرتووە، بێنەزیر بۆتۆ لە گفتوگۆی لە (cnn) باسی لە لاوازی تەدبیرەکان کرد، ئەو بەڵێنی بە باوکی داوە کە دۆزەکەی بەردەوام بکات. بۆتۆ بە پەیامێکی دیکە لاوازی تەدبیرەکانی و موشـــەرەفی تاوانبار کـــرد و گووتی ئەمە بە گوێـــرەی فەرمانی ئەون، دیسان بێنەزیر بۆتۆ زۆر راستی گووتووە: هەر شتێکی بەسەر بێت بەرپرس ژەنراڵ پەروێزە.

باوکـــی بێنازیـــر زولفقـــار عەلی بۆتۆ لە ســـاڵی ١٩٧٩ لەلایەن رژێمی سەربازی لە سێدارە درا. هەردوو براکەی میر مورتەزاو شـــاە نەوزاد کـــوژران. بێنازیر بۆتۆ لە ماوەی نێوان ســـاڵانی(١٩٨٨-١٩٩٠) و (١٩٩٣-١٩٩٦) سەرۆك وەزیری پاکســـتان بووە. هەروەها یەکەم ژن بووە لە وڵاتێکی موسڵمان ببێتە سەرۆك وەزیر.

ئەنجامی راپرســـییەکانی و رەوشی سیاســـی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم جارە بێنەزیر سەردەکەوت و دەبووە دەسەڵاتداری پاکستان و وڵاتەکەی خۆی دەگۆڕی.

ســـەیرکەن بێنەزیر بۆتۆی کورد ببێتە سەرۆك وەزیر بە چ شێوەیەك پشـــتیوانی لە کوردســـتانی ئازاد دەکرد. بەداخەوە خانمی بۆتۆ خەونەکەت نیوەچڵ ما، تۆ ســـەردانی باشووری کوردستانت نەکرد، ئەرکی ئێمەیە مشتێك لە خاکی کوردستان لەسەر مەزراگەی تۆ هەڵڕێژین.